فوئاد قەرەداغی

# بابەتەکانی
# پەروەردەی نوێ

وەزارەتی رۆشنبیری کۆمەکی لەچاپدانی کردووە

سلێمانی- ١٩٩٩

# دەستپێك

ئەم كتێبەی لەبەردەستی خوێنەرانی هێژادایە، كۆكراوەی زنجیرەیەك وتاری رەخنەیی- رۆژنامەییە دەربارەی كۆمەڵێك بابەتی پەروەردەیی. ئەم بابەتانە لە روانگەیەكی جیاواز لە شێوە تێگەیشتنی باوی نێو كۆمەڵو دەسگا پەروەردەییەكانی كوردستان نوسراون. خستنەرووی بابەتەكان هەوڵێكە بۆ تەكاندنی تۆزو خۆڵی كەڵەكەبووی چەند ساڵەو، بۆ سڕینەوەی ژەنگی ئایدیای داگیركەران لە هزرو جەستەی سیستەمی پەروەردەو فێركردندا؛ گەشتێكی زانستییە بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەكی پەروەردەیی بۆ كێشە ئاڵۆزەكانی ئەم بوارە پڕ بایەخەی ژیانی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی كۆمەڵگای كوردستان لە دواساڵەكانی سەدەیەكدا، كە بە هەق، بە سەدەی زانست و تەكنۆلۆژیا ناو دەبرێت.

ئەم بابەتانە، وەك بابەتی رۆژنامەیی- نەك لێكۆڵینەوەو تۆژینەوەی تایبەتی- بە نیازی وروژاندنی رایەكی پەروەردەیی پێشكەوتووانەی گشتیو خستنەوەی هوشیارییەكی پەروەردەیی نوێ سەریان هەڵدا تا كاریگەرێتییان لەسەر واقیعی پەروەردەیی هەبێت و خزمەتی گۆڕانكاریی سیاسیو كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی دوای راپەڕین بكەن، سەبارەت بەوەی رای گشتیو هوشیاری دوو هۆكاری كاریگەرن و بەبێ زامن كردنیان نەك هەر رەوتی بەرەوپێشەوە چوونی كۆمەڵگا سەرسم دەدات بەڵكو بڕیارە سیاسییەكانی گۆڕانكاریش لە باردەچن.

لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی سەركەوتنی راپەڕین و دوو ساڵی یەكەمی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی

کوردستاندا، هەنگاونان بەرەو شۆڕشێکی پەروەردەیی لە تەواوی سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا ئیمکانییەتێك بوو زەمینەی دەست پێکردن و بە دیهێنانی لە ئارادا بوو، بەڵام لەبەر زۆر هۆکاری (بابەتیو خودی)، لە نێوانیاندا کەمی ئاستی هوشیاریی پەروەردەییو ساز نەدانی رایەکی گشتی، ئەو ئیمکانییەتە لە دەست دراو، هیوای گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە تا رادەی نائومێدی دابەزی. خاو بوونەوەو کەمڕەنگ بوونەوەی ورەو گیانی راپەڕین چەمکی پەرەپێدانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای لە هەموو ئاستەکاندا تاساندو واقیعێکی کۆنەپارێزی بەسەردا داسەپاند.

ئەو چاکسازییە خاوو خلیچکەی ئیمڕۆش لە بواری پەروەردەو فێرکردندا هەیە- سەرباری یارمەتی رێکخراوە بیانییەکانیش- ئەوەندەی قەوارەی پێداویستییەکانی پەرەپێدانی پەروەردەیی نییە؛ چۆنایەتی کادیرەکان و میکانیزمی کاری دەسگا پەروەردەییەکان (ئەگەر هەر بەم شێوەو ئاستەی ئێستایانەوە بمێننەوە) سەرەنجامی ئەو رەوتە نەرمەی چاکسازی بە بنبەست دەگەیەنن. بۆیە ئیمڕۆ لایەنی کەمی خەمخۆریو بەتەنگەوە هاتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، خەباتێکی بێپسانەوەی فیکری وسیاسیو چاو پێداگێڕانەوەی سەرتاپای سیستەمەکە دەخوازێت، تا رەوتە چاکسازییەکە گورج و گۆڵ بکرێت و بنەمایەکی پتەوی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە بۆ دواڕۆژ دابڕێژرێت.

ئەم بابەتە پەروەردەییانە، بەم گیانەوەو بە رەچاوکردنی هەلومەرجی دژواری شەڕی ناوخۆو ئەو واقیعە تاڵەی ئاکامەکەی کەرتبوونی دامودەسگا پەروەردەییەکانی لێکەوتەوە، بە نیازی بەرەو

پێشەوەبردنی ئەو پرۆسەیەی چاکسازی، کە ئێستاش بەردەوامە، نوسراون.

هەموو بابەتەکان لە چوارچێوەی وتاری رۆژنامەییدا، لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ١٩٩٥و ئابی ١٩٩٦دا لە رۆژنامەی (کوردستانی نویٚ)دا بڵاوکراونەتەوە*.

سەرەتا چەند وتارێکیان لە مانگی (١٠و١١)ی ١٩٩٥دا بە ناونیشانی (( بەرەو پەروەردەیەکی هاوچەرخ)) بڵاوکرایەوە**. ناونیشانەکە لە دانانی بەرپرسی لاپەڕە سێی رۆژنامەکە بوو، دواتر لاپەڕەیەکی هەفتانە بۆ بابەتە پەروەردەییەکان تەرخان کراو ئەرکی سەرپەرشتی کردنیم لە ئەستۆ گرت. ئەم لاپەڕەیە ناوی ( پەروەردەی نویٚ)م بۆ هەڵبژاردو هەتا سەرەتای مانگی (٦)ی ١٩٩٦بەردەوام بوو. دوای ئەمە سیاسەتی رۆژنامەکە وەهای پێویست کرد ئەم لاپەڕە سەربەخۆیە نەمێنیٚ، بۆیە پاشکۆیەکی مانگانە بە ناوی ( زانست و پەروەردە)وە بڕیار دراو سەرپەرشتی بەشە پەروەردەییەکەی بە من سپێردرایەوە. ئەم پاشکۆیە تا کۆتایی

---

* یەکەم وتار لە ژمارە (١١٠٢)ی رۆژی ١٩٩٥/١٠/٢و دوا وتاریش لە ژمارە (١٣٦٢)ی رۆژی ١٩٩٦/٨/١٨دا بڵاوکراوەتەوە. جگە لە وتاری لاپەڕەو ئەو وتارانەی بە ناوی خۆمەوەیە ناوی خوازراوی ( سەلام جەمال محەمەد)و( دارا حەمە عەلی)شم بەسەر هەندیٚ وتارەوە داناوە.

** دەربارەی باری سەرنجم لەسەر ئەم ناونیشانە، بڕوانە رۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) ژمارە (١١١١)ی رۆژی ١٩٩٥/١٠/١٢.

ئابی ١٩٩٦دووجار دەرچوو هەر جارەی وتارێکم تێدا بڵاوکردەوە*.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم وتارانە ئاڕاستەکراوی حزبی نەبوون و خۆم لە بڵاوکردنەوەیاندا ئازادبووم و بەرامبەر وشە بە وشەی بەرپرسم. ئەو بابەتانەشی کە کاتی خۆی بە توندوتیژ ناو بران و هەندێك دەسگای پەروەردەیی وەك (دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی لە سلێمانی) هەڵوێستێکی سەلبییان لێوەرگرت، دیسان بە ئاڕاستەکردنی هیچ یەکێك لە بەرپرسانی ئەوکاتەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم نەبوو بەڵکو بەرنامەیەکی نووسینی تایبەتیو شەخسی خۆم بوو کە بە (دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی) دەستم پێکردو بە نیازبووم دوابەدوای ئەوە واقیعی ( راهێنانی پەروەردەیی، پێوان و هەڵسەنگاندن، کارگێڕیی پەروەردەیی...هتد) بە چەند زنجیرە وتارێك باس بکەم؛ دیارە هەر هەموویان بە گیانی خستنەڕووی راستییەکان و چارەسەری رۆژنامەییەوە نەخشەم بۆ کێشابوون.

من وەك نووسەرێك بە ئەرکی سەرشانی خۆم و پێوەری راستگۆیی قەڵەمەکەمی دەزانم لە گەورەترین مەسەلەی سیاسییەوە تا دەگاتە

---

.* رۆژنامەی ( کوردستانی نوێ) سیاسەتی خۆی لە ژمارە (١٣٣٧)ی رۆژی ١٩٩٦/٧/١٨دا بەم شێوەیە دیاریکرد: (( لەچوارچێوەی بەرنامەی تازەی کوردستانی نوێ بۆ زیاتر دەرکەوتن وەکو رۆژنامەیەکی سیاسیو هەواڵ ئامێز بڕیار درا مانگانە پاشکۆی (زانست و پەروەردە) لە بری لاپەڕەی (زانست و پزیشکی)و( پەروەردەی نوێ) دەربکرێت تاوەکو هەم ئەو ئامانجەی سەرەوە بێتە دیو هەم خوێنەرانی رۆژنامەکەمان لە دوا گۆڕانکارییەکانی بواری زانست و پەروەردە ئاگادار بن.))

بچووکترین رووداوێکی نێو کۆمەڵ بنووسم و بیروڕاو باری سەرنجی خۆمی لەسەر بدەم. مەسەلەکانی پەروەردەو فێرکردن لەوانە بەدەر نین، بۆیە لە سنووری ئەو دەرفەتەی بۆ قەڵەمەکەم دەرەخسێت راشکاوانە دەنووسم و دەربەستی ئەوە نیم نووسینەکەم لەگەڵ بەرژەوەندی (تایبەتی) توێژێك یان بەرژەوەندی ( تایبەتی) چەند کەسێك نەیەتەوە، چونکە گرنگ مەبدەئییەتی مەسەلەکانە نەك زویر بوونی ئەم و ئەو.

ململانێی مەبدەئیو ململانێی شەخسی دوو هەڵوێستی جیاوازن و نابێت لە هیچ بوارێکی رۆشنبیریدا تێکەڵ بەیەکتری بکرێن، هەروەك نابێت پەیوەندییە شەخسییەکان ململانێی مەبدەئی بە ژێرەوە بکەن. ئەوە تەنها ئەقڵییەتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی عەشایەرییە کە ئەم دوو شێوە ململانێیە بە ئاوێتەیی دەبینێت و مەسەلە مەبدەئییە بنەڕەتییەکان بە قوربانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوو دواکەوتووەکان دەکات.

ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتوون و، هەر بابەتێکی دیکەش لە ئایندەدا بینووسم، لە دوای بڵاوکردنەوەیان، بە موڵکی خەڵکیان دەزانم. ئەو زانیارییانەی پشتم پێیان بەستووەو ئەو بیروڕاو بۆچوونانەش کە دەرمبڕیون بە کۆتایی زانست و راستییەکی رەها نازانم، بۆیە بە مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو کەسێکی دەزانم شییانبکاتەوەو رەخنەیان لێبگرێت، بۆ ئەوەی ناتەواوییەکانیان پڕبکرێتەوەو بە شێوەیەکی چاکترو پوختەتر لە خزمەتی پەروەردەو فێرکردندا دابنرێن.

هیوادارم بە کۆکردنەوەو رێکخستنەوەی ئەم بابەتانە لەم کتێبەدا چەند خشتێکم لە بینای تەلاری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا دانابێت و ئەو دەرگایانەی لێمداون بکرێنەوەو کلیلی کردنەوە یانم بە دەستی نووسەران و تۆژیارانی بواری پەروەردەو هەموو مشوورخۆرانی گۆڕانکارییو پێشکەوتن دابێت.

**فوئاد قەرەداغی**

١٩٩٩/٣/٢١

## بەشی یەکەم

# کێشە پەروەردەییەکان و
# ئەرکی دەسەڵاتی چوارەم

## پەروەردەی نوێو دەسەڵاتی چوارەم

دەسـەڵاتی چـوارەم دەسـەڵاتێکی پایـە بـەرزی کەشـی ئازادییـە. ئازادی بەبێ دەنگی زوڵاڵی ئەم دەسەڵاتە هیچ واتایەك نابەخشێت، لەبەر ئـەوە هـەر کـە چـەمکی ئـازادی دەبیسـتین یەکسـەر ئـازادی دەربڕیـن و ڕۆژنامەگەریمان دێتە بەرچاو.

دەربڕینـی ئازادانـە بنـەمای ئـازادی سیاسـیو بەڵگـەی پراکتیکییـەتیو لـە چالاکییـەکانی ئـەو دەسـەڵاتەدا بـەدیدەکرێت. ڕۆژنامەگەریی ئازاد سەرچاوەیەکی گوشارە لە ئاڕاستەکردنی ڕووکاری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانداو چەکی دەستی خوازیارانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییـە لـە بـەرەنگار بوونـەوەی ڕێبـازە کۆنـەکان و داڕشـتنەوەی پرنسیپەکانی ڕێبازێکی نوێدا کە ڕەنگدانەوەی پێداویستییە ئابووریو سیاسـییەکانی گەشـەکردنی کۆمـەڵگا بێـت . ئـەم ڕاسـتییانە بـواری پـەروەردەو فـێرکردنیش دەگرێتـەوە. دەشـێت ڕۆژنامەگـەریی ئـازاد چاودێرێکی بیرو چاوتیژی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێت. دەکرێت ڕوانگەیـەکی ئێجگـار وردی دەسـتنیشـانکردنی هەڵکشـان و داکشـان و، چوونـە پێشـەوەو پاشـەو پـاش گەڕانـەوەی سیاسـەتە پەروەردەییـەکان بێت؛ دەبێت زمانی ڕەخنەی ڕاشکاوو ڕاستگۆو بنیاتنەری کۆمەڵ، لـە ئاستی دەسگا ڕەسمییەکاندا بێت.

لە چوارچێوەی ئـەم ئەرکـە مەزنانـەی دەسـەڵاتی چوارەمـدا، ئـەم لاپەڕەیـە، لـە خزمـەتی پرۆسـەو ئـەزموونی پـەروەردەو فـێرکردن لـە کوردسـتاندا، هەڵدەسـووڕێو بـە نیـازی چارەسـەرکردنی کێشـە پەروەردەییەکان و گۆڕانکاریی پەروەردەییو بیناکردنی پەروەردەیەکی نوێ، مەشخەڵی وشە دادەگیرسێنێ.

# پەروەردەی نوێو ئەرکی نووسەران

پێ بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان و فراوانبوونەوەی بواری خزمەتگوزارییە گشتییەکان، پەروەردەو فێرکردنیش لە تەلاری تایبەتی هەندێك توێژی بالآ دەستی کۆمەڵەوە دابەزییە خوارەوەو گشتی بووەوە. زۆر لە مێژە پەروەردە سنووری قۆرخکردنی بەزاندووەو بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە بنەوە پەلوپۆ دەهاوێت و سیمایەکی هەرە دیاری ژیانی مەدەنی لەم جیهانەدا پێکدەهێنێت.

ئیمڕۆ پەروەردەو فێرکردن نەك هەر بەشێکی بونیادی کۆمەڵگاکانە، بەڵکو کۆڵەکەیەکی سەرەکیو هەرە گرنگ و بایەخداری راگرتنیانەو بەردەوام مۆرکی خۆی لە شێوازی ئاڕاستەکردنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی کۆمەڵگاکان دەدات.

ئیمڕۆ سیستەمی پەروەردە بە گشتی و ئاستی بەرئەنجامەکانی بەتایبەتی پێوەرێکی راستگۆن و ئاست و پلەو شوێنی هەر کۆمەڵێك لە نێو کۆمەڵەکانی تری جیهاندا نیشان دەدەن.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، پەروەردەو فێرکردن بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکان رۆڵێکی هەرە بایەخدار دەبینێت سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە رووکار (اتجاه)ی گۆڕانکارییەکانەوە هەیەو کۆمەڵ ئەرکی گەشەپێدان و سازدانی ئیمکاناتی بەشەری بۆ گۆڕانکاری پێسپاردووە. بۆیە رەوتی کرداری پەروەردەو فێرکردن رەوتێکی گشتییەو تەنها لێپرسراوە رەسمییەکانی دەسگای پەروەردە بەرامبەری بەرپرسیار نین بەڵکو هەموو کۆمەڵ لێی بەرپرسیارە.

کرداری پەروەردەو فێرکردن لە نێو کۆمەڵداو، بە شێوەیەکی

دیاریکراوتر، لە نێو هەمووماڵێکدا، وجودی خۆی هەیە؛ لەبەرئەوە سیاسەتی پەروەردەیی‌و شێوازەکانی کارکردنی‌و بەرئەنجامەکان و تەنانەت کێشەکانیشی پەیوەندییان بە گشت کۆمەڵەوە هەیەو هەر ئەندامێکی بە رادەیەك لێی بەرپرسیارە. لە نێو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەشدا ئەندامانی دەسگا پەروەردەییەکان خۆیان لە هەموو کەس زیاتر بەر ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەون.

مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و پسپۆڕانی ،یەکەی بواری پەروەردەو فێرکردن، لەنێو دەسگاکەداو، لەگەڵێك کایەی جیاجیادا، دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا ببینن، بە تایبەتی ئەو مامۆستاو پسپۆڕە پەروەردەییانەی توانای نووسینیان هەیە. بۆیە ئەو نووسەرانەی بە شێوەی مامۆستا یان سەرپەرشتیار یان کارمەندی پەروەردەیی لە دەسگا پەروەردەییەکاندا کاردەکەن بە پلەی سەرەکی‌و تایبەتیتر، لە ڕێی بە گەڕخستنی پێنووسەکانیانەوە، لە هاوبەشیکردنی گۆڕانکاریی پەروەردەیی بەرپرسیارن و جۆری بەرپرسیارێتییەکەشیان زۆر گەورەیەو بگرە هەندێ جار لە ئاستی بەرپرسیارێتییان بەرامبەر گەلێك کێشەی تردا، لە ریزی پێشەوەدا دێت. بەڵام بە سەرنجدانی گۆڤارو هەفتەنامەو ڕۆژنامەکان ئەو کەلێنە بەرینەمان بەرچاو دەکەوێت؛ دەبینین سەرەڕای ئەوەی دەیان مامۆستای نووسەر لە کوردستاندا هەن کەچی‌مەیدانی نووسینی پەروەردەیی بێ سوارچاکەو تاك و تەرایەك نەبێت کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت.

ئاخۆ نووسەران، مامۆستایانی نووسەر کەی‌و لە ژێر سایەی چ هەلومەرجێکی لەمە دژوارترو لە هەمان کاتدا پێویستتر بە خۆیان دەکەون؟ دەبێت چ ئەرکێك لەوە پیرۆزتر بێت لایان

كه بە نووكی خامەكانیان گڕ لە شەوە زەنگی دواكەوتن بەربدەن و ڕێگای پێشكەوتن و دواڕۆژێكی پرشنگدار بۆ نەوەكانی خۆیان ڕووناك بكەنەوە؟! دەبا نووسەرەكانمان، بە تایبەتی ئەو نووسەرانەی پیشەی مامۆستایەتی هاوڕێی سەفەری ژیانیانە بێنە گۆو لە دەربڕینی زادەی بیرو ئەزموونی پەروەردەیی خۆیان درێغی نەكەن.

## ڕای گشتی مامۆستایان و شارەزایانی پەروەردەیی

كاتێك سیستەمی پەروەردەو فێركردن لە هەر وڵاتێكدا ڕوو بە ڕووی كێشە بونیادییەكان دەبێتەوەو گۆڕانكاری دەبێتە ئەركێكی لە دواخستن نەهاتوو، ڕای گشتی مامۆستایان و شارەزایان و پسپۆڕانی پەروەردەیی، سەبارەت بە كێشەكان، دەبێتە سەرچاوەیەكی بەبەهاو، تۆژەرەوەكانی بواری پەروەردەو فێركردن پەنای بۆ دەبەن،چونكە بەبێ ئەم سەرچاوەیە تۆژینەوە مەیدانییەكانیان سەرئەنجامی ڕاست بە دەستەوە نادەن.

گرنگی و بایەخی ڕای گشتی مامۆستایان و شارەزایان بۆ بوونیان و ئامادەبوونی ڕۆژانەیان، لە نێو پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا، دەگەڕێتەوە. مامۆستایان لە نێو پۆلەكانیانداو، شارەزایان و پسپۆڕان لە كارو چالاكییە پەروەردەییەكانیاندا، كێشەكان هەست پێدەكەن و بە دەستیانەوە ماندوێتی دەكێشن، بۆیە دەكرێت ڕای ئەوان و ئەو گیروگرفتانەی دەیخەنە ڕوو وەك (مؤشرات)ی ئاستەنگە پەروەردەییەكان و بۆ گۆڕانكارییەكان لەبەرچاو بگیرێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تۆژەرەوە پەروەردەییەكان بۆ تۆژینەوەكانیان پێویستییان بە كۆمەڵێك گریمان

هەیەو ئەوەش بەبێ راپرسی مامۆستایان و شارەزایانی پەروەردەیی ناتوانرێت بە راستی دەستنیشان بکرێت. دیارە گریمانەکان لە تۆژینەوەدا دەروازەن و ( سەرئەنجام) راستیو ناراستییان دیاری دەکات، بەم پێیە مەرج نییە هەموو ئەو گریمانانە راست دەربچن. لەبەرئەوە دەشێت رای گشتی لە رووی پێکان و نەپێکانی راستیو تێگەیشتنی واقیعی پەروەردەییەوە پلەی جیاجیای هەبێت، سەبارەت بە ئاستی جیاجیای مامۆستایان و شارەزایان و کات و شوێنی جیاوازی کارو چالاکییەکانیان. بۆیە رای گشتی بە تۆژینەوەی زانستیو پەروەردەیی یەکلایی دەکرێتەوەو لە چوارچێوەیەکی زانستیدا، واتە پاش لێکۆڵینەوەو ئەزموونکردنی لە رستێك راسپاردەو پێشنیازی نوێدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، دادەرێژرێتەوەو لە قۆناغێکی داهاتووی پرۆسەی پەروەردەدا بۆ جارێکی دیکە لە لایەن مامۆستایان و شارەزایانەوە پراکتیك دەکرێتەوە.

ئیمرۆ بارودۆخی ناهەمواری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا پێویستی بە هاتنە مەیدانی مامۆستایان و شارەزایان و پسپۆرانی پەروەردەیی هەیە. پێویستە بێنە دەنگ و دەستەوئەژنۆ دانەنیشن. دەبێت بیروبۆچوونەکانیان دەرببڕن، پەردە لە رووی کێشەکان هەڵماڵن و بە باری سەرنج و لێکۆڵینەوەوپێشنیازەکانیان بەشێکی ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن و هاوبەشییەکی کاریگەر لە هێنانەکایەی پەروەردەیەکی نوێدا بکەن.

# بۆ لێكۆڵینەوەی كێشە پەروەردەییەكان

# پێویستیمان بە ئاڵوگۆڕكردنی بیرورا هەیە

تەنگژەی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لە كوردستاندا راستییەكە، نە نكوولی لێدەكرێت و، نە لە بەرژەوەندی دواڕۆژی ئەم پرۆسەیەدایە پەردەپۆش بكرێت. كێشەی پەروەردەیی لە هەموو لایەنەكانی ئەم پرۆسەیەدا بەبەرچاوانەوەیە، بۆیە تاووتوێكردن و لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی خاڵە لاوازەكانی ئەم پرۆسەیەو دیاریكردنی رێگا چارەسەری زانستی بۆیان، ئەركێكی بە پەلەیەو ناشێت لە ئاستیاندا كەمتەرخەمی بنوێنرێت و بە بیانووی جیاجیا بپێچرێنەوەو بۆ ئەو كاتە هەڵبگیرێن كە بارودۆخی كوردستان وەكو ولاتە پێشكەوتووەكانی جیهانی لێ بێت.

دیارە لە لێكۆڵینەوەی هەر كێشەیەكدا، جا ئەو كێشەیە لە بواری پەروەردەو فێركردندا یان لە هەر بوارێكیتردا بێت، بیروڕای جیاجیا سەرهەڵدەدات. ئەم جیاوازی بیروبۆچوونە لە نێوان پسپۆڕانی یەك بواردا ئاساییەو زۆر هۆكاری كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری جیاواز كاریان تێدەكات. راستی بیروڕاكان چۆنایەتی ئەو چارەسەركردنانەی بۆ كێشەكان دادەنرێن مەرج نییە هەمیشە لەلای كەسێك یان چەند كەسێك كۆببنەوە، چونكە دەشێت باشترین تێگەیشتن لە جەوهەری كێشەكان و راستترین چارەسەركردن لە ئەنجامی ئاوێتە بوون و كارلێككردن و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا جیاجیاكاندا بێنە كایەوە. بۆ ئەوەی كارلێككردنی بیروڕاكانیش جێگەی خۆیان بگرن پێویستە بە گیان و لۆژیكێكی زانستییەوە ئاڵوگۆڕو

شەن وکەو بکرێن؛ سەرەتاییترین پرنسیپێکیش لەم بوارەدا گوێ لە یەکترگرتن و هەناسە قوڵییە لە ئاستی بیروڕای یەکتریدا. دەمارگرژی و بەرپەرچدانەوەی یەکتر بە شێوەیەکی توندوتیژو پەنا بردنە بەر لۆژیکێکی رووکەش و سادەو واقیعێکی ژەنگ گرتووی لە قاڵبدراوو دواخستنی دەست بردن بۆ کێشەکان و دوو دڵی لە تەکاندنی ئەو تەپوتۆزەی لێیان نیشتووە، بەهەر بەهانەیەکەوە بێت، نەك هەر خزمەتی پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ناکات، بەڵکو بۆ مەودایەکی مێژوویی‌تر دوای دەخات و، ئەو کەلێنە ژیارییەی سەرتاپای ژیانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی گەلی ستەمدیدەی کورد لە ژیانی پێشکەوتووانەی هەمە لایەنەی گەلانی تر جیا دەکاتەوە، فراوانتر دەبێت و پڕکردنەوەی تا رادەی مەحاڵ گران دەبێت.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانەدا، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو رەخنەی بنیاتنەرو سنگی فراوان و لێکۆڵینەوەی بێ تەمومژی هەموو کێشە پەروەردەییەکان بە کارێکی شیاوی زانستییانە دەزانین و، دەرگا لەسەر خۆ داخستن و تەحریم کردنی لێدوانی کێشەکان بە راشکاوی، بەکاریگەرێتیو پاشماوەو ئاسەواری سیاسەتی سەرکوتکردن و گەوجکردن و پشتگوێ خستنی بیروڕای ئازادو پێشێل کردنی ئازادی دەربڕین دەزانین کە دەیان ساڵ بەسەر گەلەکەماندا سەپێندرابوو. بۆیە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان- چەندیش لە یەکترییەوە دووربن- لەسەر کێشە زەقەکانی ئیمڕۆی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، کە مایەی گفتوگۆی نێوان مامۆستایان و شارەزایان و پسپۆڕان و لێپرسراوانی پەروەردەییە، تاکە رێگایەکی راست و گونجاوە کە گۆڕانکاریی و پەرەپێدانێکی پەروەردەیی پێشکەوتووانە زامن بکات.

# ڕوونکردنەوەیەك بۆ نووسەرانی بواری پەروەردەو خوێنەرانی ( پەروەردەی نوێ)

لاپەڕەی پەروەردەی نوێ، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە، ڕێبازێکی زانستیو پەروەردەیی بۆ خۆی دیاریکردووە. لە نێوان ئە و وتارانەدا کە تا ئێستا بڵاوی کردوونەتەوە بە ئاسانی ئەم ڕێبازە هەست پێدەکرێت. تا رادەیەك توانیویەتی ڕێڕەوە زانستیو پەروەردەییەکەی خۆی بپارێزێو رووکاری باسەکان بەرەو چەندین ئەرك ئاڕاستە بکات وەك ( خستنە رووی کێشە پەروەردەییەکان، ئاشکراکردنی کۆسپ و تەگەرەکانی سەرە ڕێی فێرکردنی هاوچەرخانە، تاووتوێکردنی دیدو بۆچوون و ئەزموونە جیاجیاکانی بواری پەروەردەو فێرکردن، رەخنەلێگرتنی شێوازی کۆنی پەروەردەو خۆشکردنی زەمینەی فیکریی پەروەردەیەکی نوێ لە کوردستانداو کۆششی بەردەوام بۆ خستنەوەی هوشیارییەکی پەروەردەییو پێکهێنانی رایەکی گشتی نوێ بۆ چاککردن و گۆڕانکارییو...هتد) بەڵام هێشتا ناڕۆشنییەك دەربارەی ئەرکەکانی هەیەو، لە نێو ئەو وتارە جیاجیایانەدا کە بۆ بڵاوکردنەوە دەنێردرێن، دەردەکەوێت. بۆیە لەم نووسینەدا جارێکیتر ڕێبازی لاپەڕەکە بۆ نووسەران و خوێنەرانی هێژا روون دەکەینەوە.

لە راستیدا ئەم لاپەڕەیە، لە سنووری ئەو ئەرکانەی ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ هەموو نووسەرانی بواری پەروەردەو فێرکردن، بە جیاوازی بیروباوەڕو باری سەرنجی سیاسیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییانەوە، ئاوەڵایەو دەتوانن بە ئازادی بیروڕاو سەرنج و روانگە پەروەردەییەکانی خۆیانی تێدا دەربڕن. نووسینەکان بەوانەشەوە کە بەناوی لاپەڕەکەوە

دەنووسرێن تەعبیر لە روانگەیەکی حزبی یان حکوومەتی ناکەن، واتە ئاراستە کردنێکی رەسمی لە پشتیانەوە نییە بەڵکو بیروڕاو بۆچوونی تایبەتی و ئازادانەی نووسەرەکانی دەردەبڕن؛ لەگەڵ ئەوەشدا لاپەڕەکە پابەندی کۆمەڵێك پرنسیپەو لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی بڵاوکردنەوەی وتارەکاندا لەبەر چاوی دەگرێت لەوانە:

(١) پشتبەستنی وتارەکان بە زانست و هاندانی رووکاری هاوچەرخانە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.
(٢) رەتکردنەوەی سیاسەتی دەرگا لەسەر خۆ داخستن و راوەستان و سڕبوون بە هەر بیانوویەکەوە بێت.
(٣)پیادەکردنی سیاسەتی دەرگای کراوەو جووڵاندنی گشت وزەو تواناییەکان بەرەو چاککردن و گۆڕانکاریی پەروەردەیی.
(٤) خۆشکردنی زەمینەی کارلێککردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی فراوانی یەکگرتوو لە بواری پەروەردەو فێرکردندا.
(٥) تەکاندنی تۆزی دەیان ساڵەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەم کایەیەداو پیادەکردنی چەمکەکانی دیموکراتیزەکردنی پەروەردەو سڕینەوەی کاریگەرێتی ئایدیای دواکەوتووانەی شۆڤێنیستی و ئاسەوارەکانی ئەقڵیکۆنەپەرستانەی دەرەبەگایەتی.
(٦) رەخنەگرتنی بنیاتنەرانە لە سیستەمی پەروەردەییوخستنە رووی بەدیلی گونجاو بۆ ئەو لایەن و مەسەلانەی بەر رەخنە دەدرێن.

سەبارەت بەمانە، ئەو وتارانەی پەیڕەوی ئەم پرنسیپانە دەکەن پتر دەرفەتی بڵاوبوونەوەیان دەبێت. بۆیە چاوپێکەوتن و

ریپۆرتاژو سکاڵای شەخسیو گلەییلە کاروباری رۆتینی و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دەسگا پەروەردەییەکان– ئەگەر چی زۆر گرنگن و دەبێت رۆژنامەکان بایەخیان پێبدەن و لە لاپەڕەکانیاندا جێگایان بۆ بکەنەوە– پەیوەندییان بە پەیامە گشتییە هەمە لایەنەو پسپۆڕییەکەی ئەم لاپەڕەیەوە نییەو ئەوەی زیاتر مەبەستێتی مشتومڕو پۆلیمیک (مناظرة)ی نووسەرانە لەسەر کێشەو بابەتەکان، ئەویش بە گیانی تەجریدی زانستییەوەو لەم بوارانەدا کە دەستنیشانیان دەکەین: (( سەرپەرشتیی پەروەردەیی، رابەرێتی پەروەردەیی، ئیدارەو کێشەکانی، پێگەیاندنی مامۆستایان، مەشقکرنی مامۆستایان، ئامانجە پەروەردەییەکان، بەرنامەو کتێبی گشت قۆناغەکانی خوێندن، تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی، ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندنی کرداری پەروەردەو فێرکردن، کتێبخانەی خوێندنگا، رێگاکانی وانە گوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، پرۆژەی پەروەردەی نوێ، پرۆژەکانی فێرکردنی ئیلزامیو نەوجەوانان و نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئامارو بەرنامەڕێژیی پەروەردەیی، بینای خوێندنگا، چالاکیییە پەروەردەییەکانی خوێندنگا لە رووی هونەریو رۆشنبیریو وەرزش و زمانەوانییەوە، پەیوەندی خوێندنگاو ماڵو خوێندنگاو دەوروبەرو ژینگەی کۆمەڵایەتی، یاساو نیزام و تەعلیماتە پەروەردەییەکان، پەروەردەی بەراوردکاری، سایکۆلۆژیی نەشونماکردن و پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو....هتد)).

لاپەڕەی پەروەردەی نوێ، بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەو شەن و کەوکردنی واقیعی ئێستای ئەم بابەتە پەروەردەییانەو نەخشەکێشان و پلان دانان بۆ ئاینده و گۆڕانکارییەکی ریشەیی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، بانگی نووسەرانی پەروەردەیی دەکات و خوازیارە بە دەست و خامەی بە بڕشتیان بیڕازێننەوە.

## ئەو بابەتانەی ( پەروەردەی نوێ) لە خۆی دەگرێت

لە ژمارەیەکی پێشووتری ئەم لاپەڕەیەدا ( کوردستانی نوێ- ژمارە ١٢٧٧- ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٦) ئاماژەمان بۆ ئەو بوارە پەروەردەییانە کرد کە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی نووسین لە سەریان هەیە. هەروەها ڕووکاری تاوو توێکردنی کێشە پەروەردەییەکان و پێشنیازکردنی چارەسەری نوێی پەروەردەیی بۆیان دەستنیشان کرا. هەر لەسەر ئەم ڕێبازەش جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەم لاپەڕەیە لە ڕووی هەموو ئەو نووسینانەدا، کە نیازچاکیو بنیادنان و پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا ئامانجیانە، ئاوەڵایە.

دیارە لە نێوان نووسینەکاندا بیروبۆچوونی جیاواز دەبینرێ، ئەمەش نیشانەی زیندوویەتیو شێوازی ڕەخنەگرانەی فیکری پەروەردەییمانەو بەڵگەی ئەو کەشە ئازادییەی دەربڕینە کە لەم لاپەڕەیەدا بۆ پێنووسە پەروەردەییەکان هەڵخراوە. بۆیە چاک وایە بە باشترین شێوە ئەم بوارە بقۆزرێتەوەو گرنگترین و هەنووکەییترین بابەتەکانی پەروەردە بەر لێکۆڵینەوەی زانستیانە بدرێن. بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەش بێتە دی، لەجیاتی ئەوەی نووسەرانی بواری پەروەردە خۆیان بە وەڵامدانەوەی ئەم وتارو ئەو وتاری پەروەردەییەوە خەریك بکەن و لاپەڕەکە بکەنە مەیدانی وەڵام بە وەڵام و مشتومڕێکی بێهوودە- کە سنووری بەرتەسکی لاپەڕەیەکی هەفتانە ڕێگە بە تێروتەسەلییان نادات و سەرەنجام وەڵامەکان کورت و کوێر دەبن- باشتر وەهایە وتاری تایبەتی و سەربەخۆ لەسەر ئەو خاڵانە بنووسن کە ناکۆکی بیروبۆچوونیان لەسەر هەیەو، چییان پێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چۆن لە بابەتەکان دەگەن و ئایندە چۆن

دەبینن وچ داهێنانێکیان بۆ پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن پێیەو گۆڕانکاریی بە چ شێوازێك دەکرێت، ئەوە بنووسن، تا لە بری نووسینی سەرپێیی‌و سەتحی، بە قووڵی و فراوانی دەست بۆ بابەتەکان بەرن و ئامانج و ڕێبازی لاپەڕەکە بە رووکارێکی کەدا وەرنەچەرخێنن.

هەر لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم لاپەڕەیە ئەو بابەتانە لە خۆی ناگرێت کە تایبەتن بە بزووتنەوەی سیاسی‌و پیشەیی مامۆستایان، یان ئەوانەی لە شێوەی بیرەوەری شەخسیدا دەنووسرێن، چونکە ئەمە بوارێکی ترەو لە نێوان ئەرکەکانی ئەم لاپەڕەیەدا جێیان بۆ تەرخان نەکراوە.

هیواداریـن نووسـەران رەچـاوی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە بکـەن، هاوبەشییەکی کاریگەری بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ( پەروەردەی نوێ) بکەن و دەست و قەڵەمی بە پێزیان هەر لە برەودا بێت.

# هیواو خواستە پەروەردەییەکانمان
# بۆ ساڵی نوێ

ئیمڕۆ لەگەڵ تیشکی زێڕینــی خۆرەتـاوی جـەژنی سـەری سـاڵی نوێـدا*، سـاڵێکی پـڕ کارەسـات و مەینـەتیمان بـەڕێکردو، بـە هیـواو گەشبینییەوە، پێشوازی لە یەکەم ساتەکانی ساڵێکی نوێی تێکۆشان لە پێناوی بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانماندا دەکەین.

پار ساڵ بۆ ئێمەی خەمخۆرانی سەقامگیر بوونی ئاشتی و ژیانی مـەدەنی، بـۆ ئێمــەی خزمــەتگوزارانی بـواری پەروەردەیـەکی نـوێ لەکوردسـتاندا، سـاڵێکی نـەهات و دژوار بـوو، لـەو سـاڵەدا بـە دەسـت چەندین کێشەی پەروەردەییەوە تلاینەوە، رووبەڕووی دەیان گیروگرفت بووینـەوە، دەست و پەنجـەمان لەگـەڵ تەگـەرە یـەك لـە دوای یەکـەکانی سەرەڕێی خوێندنێکی ئاسایی و شیاو بۆ مرۆڤی ئـەم سـەردەمە نـەرم کـرد، ئاسـتەنگەکانی پرۆسـەی پـەروەردەو فـێرکردن، بـە گشـتیو تا رادەیەکی زۆر، پرزەی لە رەوتی ئاساییو بێپسانەوەی ئیرادەی چاکەو پێشکەوتن بڕیبوو؛ بەڵام ورەی بەرزی دڵسۆزانەی بۆ ڕێبوارانی ماندوو نەناسی ئەم بوارە بۆ درێژەپێدانی رەوتەکە لە کاردابوو، بۆیە پرۆسـەی پەروەردەیەکی نوێی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی راپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەماندا، لە نێوان گرژبوون و خاوبوونەودا، هـەندێجار نائومێدیو دوائاکامیش، لە ئـەنجامی پووچەڵکردنـەوەی خـەون و پلانـەکانی دوژمن بۆ ئیفلیج کردنی خوێندن لە کوردستاندا، هیواو ئارامیی پێبەخشین.

---

* مەبەست سەری ساڵی (١٩٩٦)ە.

ئیمڕۆ لەگەڵ پشکوتنی خونچەی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێدا، هیواو خواست و ئامانجەکانمان بە دەستەوە دەگرین و سەرمەشقی تێکۆشان و خەباتێکی لێبڕاوانە دەگرینەوە تا لەسایەی هەلومەرجێکی لەبارترو کەشێکی ئارامترو بە پەند وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ساڵی رابردوو باری گرانی ئاستەنگە پەروەردەییەکان لە کۆڵمان داگرین و چست و چالاکانە بە ڕێگای زانستی هاوچەرخدا هەنگاو هەڵگرین.

ئێمە لەم ساڵە نوێیەی تێکۆشاندا هیواو خواستەکانمان سەر لە نوێ دادەڕێژینەوەو گڕوتینمانی بۆ کۆ دەکەینەوەو لەپێناوی بەدیهێنانیاندا دەستی کارامەو بازووی پتەوی سوور بوون و نەبەزینی بۆ بەکار دەخەین.

ئێمە پێنووسی کاراو تیژ بۆ یەکبینەیی ڕەوتی روو لە پێشەوە چووی پەروەردەی نوێ بەگەڕ دەخەین و خواست و ئامانجە ڕەواکانمانی پێ دەردەبڕین.

ئێمەی پەروەردەیی خواستمانە ساڵی نوێ بکەینە ساڵی تێکۆشان لە پێناوی بنبڕکردنی شەڕی ناو خۆو چەسپاندنی ئاشتییەکی جێگیرو هەمیشەیی سەرانسەریدا.

خواستمانە ساڵی نوێ، ساڵی سازدانی تەواوی توانایی گەلەکەمان بێت لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغداو دامەزراندنی عێراقێکی فیدرالی کە گەلی ستەمدیدەی کورد ئازادانە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بەکار بهێنێت.

خواستمانە ساڵی نوێ، ساڵی ڕەچاوکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ ومافی منداڵانیش بێت.

خواستمانە ساڵی نوێ، ساڵی زاڵبوون بێت بەسەر هەموو کێشە پەروەردەییەکاندا؛ ساڵی ئامادەکردنی گشت پێداویستییەکانی خوێندکاران بێت لە هەموو قۆناخەکاندا بۆ خوێندنێکی هاوچەرخانەی

نویٚ کە شیاویان بێت.

خواستمانە ساڵی نویٚ، ساڵی پێچانەوەی هەموو ئەو مەینەتییانە بێت کە بارودۆخی ناهەموارو ئاسەوارەکانی ئابڵووقەی ئابووری و گرانیو شەڕی ناوخۆ بەسەر مامۆستایانیاندا هێنا.

خواستمانە ساڵی نویٚ، ساڵی بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی پەروەردەیی بێت کە تەواوی پاشماوەکانی پەروەردەی رەگەزپەرستانەی رژێم نەهێڵێت و، سیمای نوێی هاوچەرخانە روخساری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا بگەشێنێتەوە.

ئەم لاپەڕەیە، بەم خواست و هیوایانەوە، پێشوازی ساڵی نویٚ دەکات و لە پێناوی بە دیهێنانیاندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات و، مامۆستایان پسپۆڕان و مشوورخۆرانی پەروەردەیەکی نویٚ لە کوردستاندا بۆ ئەم تێکۆشانە بانگ دەکات.

# بەشی دووەم

# میتۆدی
# گۆڕانکاریی پەروەردەیی

گۆڕانکاریی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندییەکی رەوتی مێژوویی کۆمەڵگاکانە، یاسایەکی سەرەکی پەرەسەندنی کۆمەڵەو بە شێوەیەکی بابەتی کاردەکات و هەرگیز بە ڕەهایی راوەستان بە خۆیەوە نابینێت، بەڵام لە هەندێ ماوەی ئەم مێژووەدا، بە هۆی کاریگەریتی هێزە چەوسێنەرەکانەوە، بەربەستی کارکردەکانی ئەم تایبەتمەندی و یاسایە دەکرێت و رەوتە مێژووییەکە شپرزە دەبێت و لە رێڕەوی ئاسایی خۆی لادەدات. ئەو راستییەی زانستی کۆمەڵایەتی، هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە یەکێکیان بواری پەروەردەو فێرکردنە، دەگرێتەوە.

رەوتی پەروەردەو فێرکردن لە سایەی سیستەمی نەتەوایەتی شۆڤێنی عێراقدا، بە تایبەتی لە ماوەی سیی ساڵی رابردوودا، ئەم بەربەستکردنە گرتییەوەو لە ئاکامدا سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بۆ ئاستێکی ئێجگار نزم و پەرپووت دابەزی.

کۆمەڵگای کوردستان، سەبارەت بە بارودۆخی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تواندنەوەو جینۆساید، بەشێکی گەورەی ئەو وێرانکارییە پەروەردەییەی بەرکەوت کە هوشیارانە لەلایەن رژێمەوە بەرنامەڕێژکرابوو، بۆیە دوای راپەڕینی جەماوەر لە بەهاری ساڵی ١٩٩١داو دواتر دوای ناچارکردنی رژێم بە کشانەوە لە کوردستان میراتێکی پەروەردەیی کاول و داڕزیو بۆ خەڵکی کوردستان مایەوە. ئیمڕۆ دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر راپەڕین و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی رژێمدا، هێشتا سیستەمی پەروەردەو فێرکردن- بە گشتی- لە زۆرێکی بوارە

جیاجیاکانی پەروەردەدا، نەك هەر لە بازنەی سیاسەتە چەوتەکانی رژێم دەرنەچووە، بەڵکو لە زۆر بواردا کەرەسە کۆنەکانی ئەو سەردەمە بەکاردەهێنرێت و، بە کردەوە، هەمان یاساو نەریت و رەفتارو ئەقڵییەت باڵادەستە.

ئەم واقیعە گۆڕانکاریی دەخوازێت و، بەرەنگاربوونەوەی شێوازی شێواوو رسکاوی پەروەردەو فێرکردنی رژێم، دەکاتە ئەرکێکی بە پەلەو ناکرێت چاو لە ئاستیدا دابخرێت.

دیارە گۆڕانکاریی ریشەیی کە سەرتاپای سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بگرێتەوە پێویستیی بە شۆڕشێکی پەروەردەیی هەیە؛ شۆڕشێك کەلە بنەڕەتدا تەواوی سیستەمەکە بگۆڕێت و سیستەمێکی دیکەی لە شوێنەواردا دابنێ، تەنها ئەمە رێگای چارەسەرێکی بنچینەییە کە ئاستی پەروەردە لە کوردستاندا تەکان پێبدات و، بۆ ئاستی پەروەردەی نوێی ئەم سەردەمەو ئەو گەشەکردنە زانستیو تەکنۆلۆژییەی ئیمڕۆی جیهان بەرزبکاتەوە.

بەڵام ئایا ئەم شۆڕشە پەروەردەییە لە تواناو وزەی دەسەڵاتی پەروەردەیی ئیمڕۆی کوردستاندایە؟ ئایا ئەم شۆڕشە بەم کەرەسەیەی ئێستا دەکرێت؟ واقیع نەرێیانە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، بۆیە دەبێت بەدیلێکی دیکە پیادە بکرێت کە توانای بەدیهێنانی هەبێت، ئەو بەدیلە ریفۆرم ( چاککردن)ی پەروەردەییە.

مەبەست لە ریفۆرمی پەروەردەیی دەستکاریکردنی هەموو ئەو لایەنە سەلبییانەی سیستەمەکەیە کە جێدەستی سیاسەتی پەروەردەیی رژێمیان بەسەرەوە بێت و کۆسپێك لە رێگای پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردستاندا دروست بکەن و لەگەڵ خواستی بەهرەداربوونی گەلی ستەمدیدەی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانیدا نەگونجێن. بەم مانایە لە

سنووری شێوەی گشتی سیستەمە پەروەردەییەکەدا هەندێ گۆڕانکاریی بەپەلە بکرێت کە لە سەرێکەوە بارە شێواوە دەستکردەکەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە ساڵانی رابردوودا چارەسەر بکات و لە سەرێکی دیکەوە بەردی بناغەی شۆڕشێکی پەروەردەیی، واتە گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەی بنەڕەتی، بۆ ئایندە دابنێت. ئەم ئەرکەش پێویستیی بە هاویشتنی چەند هەنگاوێك هەیەو دەکرێت هەر ئێستا بەم شێوەیەی دەیخەینە روو دەستی پێبکرێت:

**١) بڕیاردانی سیاسی بۆ ریفۆرمی پەروەردەیی**

بۆ ئەنجامدانی کارێکی وەها، دەبێت سەرەتا بڕیارێکی سیاسی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەربگیرێت. ئەم بڕیارە پابەندبوونی دەسگای پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمدا زامن دەکات و بەرنامەڕێژیو رێکخستن و چاودێریکردن و سوڕاخکردنی پلە بەپلەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە ئەستۆی بەرپرسانی بڕیارە سیاسییەکە دادەنێت.

کارێکی وەها پێویستیی بە دابینکردنی توانای ماددیو بەشەری هەیە. ئەو تواناو ئیمکاناتەش، وەك خۆ بەستنەوەی حکومەت بە بڕیارەکەی خۆیەوە، دەبێت بخرێتە خزمەتی سەرکەوتنی بڕیارە سیاسییەکەوە؛ لە لایەك هەلی هەڵسووڕانی کادیرەکانی پەروەردە بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمە پەروەردەییەکە هەڵدەخات و، لە لایەکی دیکەشەوە پارەی پێویست بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەخاتە نێو بودجەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەتەوە.

بڕیاری سیاسی بۆ بەدیهێنانی ریفۆرم لە پەروەردەو فێرکردندا دەبێتە ئیلتیزامێك و بە سوور بوون لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکان

وەردەچـــەرخێت و پڕۆســـەکە بەباشـــی ڕێ دەکـــات و بەرئەنجامـــەکان بە دەستەوە دەدات.

**٢ ) پێکهێنانی کۆمیتەیەکی باڵا**

دوابەدوای بڕیاری سیاسی دەبێت کۆمیتەیـەکی باڵا، بۆ دانـان و لێکۆڵینـــەوەو جێبـــەجێکردنی بەرنامـــەی دەســـتپێکردنی ریفۆرمـــە پەروەردەییەکە؛ پێکبهێنرێت. ئەم کۆمیتەیە دەبێت لە کەسانی سیاسیو پـەروەردەیی پسپۆڕ پێکبێـت و لـە ئاسـتی ئـەو ئەرکـەدا بـن کـە پێیـان دەسپێردرێت.

**٣ ) تۆژینەوەی واقیعی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا.**

کاری هەرە گرنگ و بنچینەیی، بۆ دەستکردن بە گۆڕانکارییو ڕێ هەڵـە نـەکردن، تۆژینـەوەی واقیعـە. بۆیـە یەکـەم کـاری کۆمیتـەی بـاڵا پێکهێنانی تیپی پسپۆڕییە بۆ تۆژینەوەی واقیعی پـەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، ئەم تیپانـە کـاری تۆژینـەوەی واقیعەکـەیان لـە هـەموو بوارەکانی پـەروەردەو فـێرکردندا پـێ دەسـپێردرێت، بوارەکـانیش هـەر لـە ئامانجـە پەروەردەییەکانـەوە تـا دوا بـواری هونـەریی لـە کایـەی پەروەردەدا دەگرێتەوە، کاتێکی گونجاویش بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان دیاری دەکرێت، ئەو کاتە دەکرێت ماوەکەی بە سێ مانگ دەستنیشان بکرێت تا هەر تیپە دەستوبرد بکات و لەو ماوەیەدا، هەر یەکـەیان لـە کایـەی پسـپۆڕی خۆیـاندا، تۆژینەوەیـەکی زانسـتی چڕوپـڕو تـەواو پێشکەش بکات.

**٤) دانانی پرۆژەی ریفۆرمی پەروەردەیی**

لەبەر تیشکی ئەو توێژینەوانەی لە هەموو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا دەکرێن، کۆمیتەیبالاّ پرۆژەیەکی گشتی و هەمە لایەنە دابنێت. دەبێت ئەم پرۆژەیە خواستە ریفۆرمییەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە؛ لە هەمان کاتدا کۆمیتەی بالاّ دووکاری دیکەی لە ئەستۆ دەکەوێو دەبێت پێکەوە دەستیان بداتێ:

أ- خستنەڕووی پرۆژەکە بۆ رای گشتی، تا لە هەموو لایەکەوە (حیزبەکان، رێکخراوەکان، دەسگا رۆشنبیرییەکان، راگەیاندن، دەسگا پەروەردەییەکان، مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردە، ناوەندەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتیو رۆشنبیریو..هتد) بەرباس و لێکۆڵینەوەی بدەن و لەم رێیەوە رای گشتی قسەی خۆی لەسەر بەندەکانی پرۆژەکە هەبێت.

ب- کۆنگرەیەکی پەروەردەیی ئامادەبکات بۆ ئەوەی پرۆژەکە بخاتە بەردەمیو، گۆڕانکاریو ئیزافەو لێ کەمکردنەوە و راستکردنەوەو داڕشتنەوەو، دواجاریش بڕیاردان و دانانی رێوشوێنی جێبەجێکردنی بۆ کۆنگرە بەجێبهێڵێت.

ئەم هەنگاوانە بەرودوای یەکتری دێن و هەر یەکێکیان ئەوی دوای خۆی دەخوازێت و پێکەوە تا بەستنی کۆنگرە پەروەردەییەکە خاڵی دەستپێکردنی گۆڕانکاریی پەروەردەیی پێکدەهێنن.

بۆ ئەوەی پێگەی فیکریی ئەو هەنگاوانەی وەك خاڵی سەرەتایی بۆ گۆڕانکاریی‌پەروەردەیی، کە لە وتاری پێشوودا پێشنیازم کردبوو روونتربێت، وا جارێکی تر دێمەوە سەری‌و وەڵامی ناڕۆشنییەك- ئەگەر هەبێت- دەدەمەوە.

بۆ ئەم واقیعە پەروەردەییەی ئێستای کوردستان چی دەکەین؟ ئەمە پرسیارێکی دیاریکراوو گشتییە و گونجاوترین وەڵامی لە ژێر ناوی (( چاککردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن))دا وەردەگرینەوە چونکە لە ژێر سایەی ئەو هەلومەرجە سیاسی‌و ئابوورییەی کوردستانی تێدایە تەنها دەرەتانی چاککردن (ریفۆرم) لە وزەی راستەقینەی سیستەمی پەروەردەییدا هەیە، ئەگەرچی شۆڕش و گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەرمانی بارە پەروەردەییەکەیە.

ریفۆرم لەواقیعی ئەمڕۆدا ئیمکانییەتێکە توانای بەدیهاتنی هەیە، بۆیە هەر هەوڵێك دەدرێت و هەر تواناییەك بۆ گۆڕانکاریی پەروەردەیی پیادە بکرێت، دەبێت بۆ مەسەلەی ( چاککردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن) بەگەڕ بخرێت.

یەکەم پرنسیپی ریفۆرم یان گۆڕانکاریی بنەڕەتی بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، دەبێت بڕیاری سیاسی بێت. بۆچی بڕیاری سیاسی پێویستە؟ سەبارەت بەوەی دەبێت گۆڕانکارییەکان سیاسەت ئاراستەیان بکات، ئامانجە پەروەردەییەکان رەنگدانەوەی ئامانجە سیاسییەکانی قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵ‌و بەشێك لە بەرنامەی دەسەڵاتی سیاسی دەبن، ناوەندی بڕیاری گۆڕانکاریی لە هەر وڵاتێکدا، دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە دەبێت.

ئەم بڕیارە سیاسییە لە کایەی گۆڕانکاریی پەروەردەییدا بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان و گەلێکی وەکو کورد بایەخێکی گرنگی هەیە سەبارەت بەو چەوساندنەوەو بێمافییەی کە گەلی ستەمدیدەی کورد بەدەست دەسەڵاتیسیاسی نەتەوەی سەردەستەوە چەشتویەتی، بواری رۆشنبیریو پەروەردەو فێرکردن دوو نیشانەی زەقی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوون و بەردەوام بە سیاسەتێکی نەخشە بۆ کێشراو وێران کراون، ئەمە جگە لەوەی کە یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی ئازادیی نەتەوایەتی دابینکردنی مافە رۆشنبیرییەکانەو دەبێت پەروەردەو فێرکردن ئەو سەروسیمایەی ئازادیی نەتەوایەتی تێدا رەنگبداتەوە؛ چونکە مەیدانێکی راستەقینەی جیاوازی سەردەمی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو سەردەمی ئازادیی نەتەوەیی مەیدانی رۆشنبیری وپەروەردەو فێرکردنە. بۆیە دابڕان لە سیاسەتە شۆڤێنییەکانی رژێم لەم دوو کایەیەداو دانانی بناغەی کەسایەتیی سەربەخۆی نەتەوەی ژێر دەست هەر دەبێت سەرەتاکەی بە بڕیارو ئیرادەیەکی سیاسی بێت.

یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسیش بۆ گۆڕانکاریی، پێکهێنانی کۆمیتەیەکی باڵای پسپۆڕە کە ئەرکی سەرەکی راپەڕاندنی ئەم کارە بێت، واتە ناکرێت ئەم کارە بە ملی وەزارەتی پەروەردەدا بدرێت و سەرباری کارەکانی خۆی بەم ئەرکەشەوە خەریك بکرێت، دەشێت نوێنەرێکی باڵا دەستی وەزارەت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەبێت لەم کۆمیتەیەدا رۆڵی خۆی بگێڕێت تا جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانیان بۆ ئاسان بکات.

وەزارەتی پەروەردەو لیژنەی پەروەردەیی سەر بە پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگاکاندا هەتا تەوقی سەریان

نوقمی گیروگرفتە پەروەردەییەکانی رۆژانە بوون و لە سنووری تەسکی ئەو تەنگوچەڵەمانەدا کاردەکەن و نایان پەرژێتە سەر بیرکردنەوە لە ریفۆرمێکی هەمە لایەنەی پەروەردەیی، بۆیە دەبێت ئەو کۆمیتەیەی ئەم ئەرکەی پێدەسپێردرێت لە شارەزاترین کەسانی پەروەردەیی پێکبێت کە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دەستیان ئاوەڵا بێت و بە هیچ کارێکی دیکەوە سەریان قاڵ نەبێت.

یەکەم کاری ئەم کۆمیتەیە تۆژینەوەیە لە واقیعی ئیمڕۆی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، هەر لە سەرەتای کارەوە دەبێ ئەم پرنسیپە بسەلمێندرێت کە گۆڕانکاریی بێ ناسینی بابەتەکەی، واتە ئەو واقیعەی دەبێت گۆڕانکاریی بەسەر بێت، سەرکەوتوو نابێت. لە سەردەمی رژێمدا تۆژینەوە بۆ ناسینی واقیع نە دەکرا، بەڵکو دەسگاکانی خوارەوە وەك لەکۆڵکردنەوەی مەسئولییەت و خۆ بردنە پێشەوە، لەم رێگەیەوە، دەسگاکانی سەروویان رازی دەکرد، دەسگاکانی سەرەوەش تا دەگەیشتە ناوەندی دەسەڵات دەیانزانی ئەو تۆژینەوانە تەنها ئامارو ژمارە ریزکردنە و واقیعی نین، بەڵام وەك لاساییکردنەوەی شێوازی زانستیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بۆ خۆ هەڵکێشان و دامرکاندنەوەی گرێی خۆ بە زلزانین و چەواشەکردنی جیهانی دەرەوە بەوەی کە گوایا عێراق وڵاتێکی پێشکەوتووەو بەرەو پێشەوە دەڕوات، چاویان دەنووقاندو خۆیان پێ فریو دەدا.

لەبەر تیشکی ئەو راستییانەدا دەبێت ئەم ئەزموونە رەچاو بکرێت و ئەوانەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێن کەسانی شارەزای تۆژینەوەی پەروەردەییو خاوەن ئەزموون بن و راستگۆییان تێدا بێت و بە هەڵەماندا نەبەن و لە بایەخی ئەم کارەیان بگەن.

تۆژینـــەوەی واقیعـــی پـــەروەردەو فـــێرکردن بـــۆ ئێمـــە دەبێـــت: دەستنیشـــانکردنی کەموکووڕییـــەکان و، سیاســـەتە چەوتـــەکان و، پێداویســـتییەکانی گەشـــەکردن و پێشـــکەوتنی گـــەلی کـــورد بێـــت؛ ڕاستگۆیانە پەنجە بخاتە سەر ناتەواوییەکانی واقیعەکەو لەم واقیعەوە چارەسەرکردنەکان هەڵبهێنجێت.

دیـــارە ئـــەم چارەســـەرکردنانەش دەخرێنـــە نێـــو پرۆژەیـــەکی پەروەردەییـەوە، ئەم پرۆژەیە موڵکی جەماوەرە لـە بنـەڕەتدا بـۆ ئـەوان جێبەجێ دەکرێ، بۆیە پێویستە کۆمەڵ بەگشتی رای خۆی، لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی دەویسترێت بکرێن، دەرببڕێت.

پەروەردەو فـێرکردن کردارێـك نییـە لـە سـنووری دەسـگای پـەروەردەدا خۆبـەخۆ چارەنووسـی دیـاری بکرێـت، بـەڵکو کردارێکـی فراوانـی خزمەتگوزارییـەو پـەیوەندی بـە هـەموو خەڵکییـەوە هەیـەو کاریگەرێتی بەرنامەکانی لە نێو هـەموو ماڵێکدا کـاری خـۆی دەکـات؛ سـەرەڕای ئەمانـە پـەروەردەو فـێرکردن لـە کـار لـە یـەکدی کردنـی بەردەوامدایە لەگەڵ گشت لایەنەکانی دیکـەی ژیـانی خـەڵکیدا، ژیـانی سیاسـیو ئـابووریو کۆمەڵایـەتیو رۆشـنبیریی کـاری تێدەکـەن، بۆیـە دامودەسـگاکانی کۆمـەڵ بـە گشـتی بەرامبـەر دواڕۆژی پـەروەردە بەرپرسیارن و دەبێت قسەی خۆیان لەسەری هەبێت.

پرۆژەی پـەروەردەو فـێرکردن، وەك هـەر پرۆژەیـەکی دیکـە، لـە پێنـاوی سەرخسـتن و بـە ئـەنجام گـەیاندنیدا، ئامـادەکردن و سـازدان و هاریکـاریو هاوبەشـیکردنی رای گشـتی جـەماوەری دەوێـت و نـابێت یەکلایـەنی لـە لایـەن دەسـەڵاتی پەروەردەییـەوە چۆنایەتییەکـەی بسەپێندرێت، سەرئەنجامیش هەر دەبێت لە کۆنگرەیەکی پـەروەردەییدا بـە دەسـت بـهێنرێت کـە بنچینـەی گۆڕانکارییـەکی چەندایـەتی و چۆنایەتی دابڕێژێت.

لە بوارە جیاجیاكانی گەشەكردنی كۆمەڵایەتیدا، كە پەروەردەو فێركردن یەكێكیانە، چەندین هۆكار كاریگەرێتییان لەسەر پرۆسەی گەشەكردنەكە هەیە. لە نێوان ئەو هۆكارانەدا دوو هۆكاری سەرەكی هەن پێكەوە بڕیاری ئاكامی هەر پرۆژەیەكی گەشەكردن دەدەن.

یەكەم هۆكار، توانایی ماددییە. مەبەست لەمە ڕێژەی ئەو پارەیەیە كە لە بودجەی گشتیدا، لە تێكڕای داهاتی ماددی كۆمەڵ، بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان دەكرێت.سنووری ئەو تواناییە چەندەو پرۆژەكە چەندی بۆخەرج دەكرێت؟ ئەوە پەیوەندی بە بەرنامەڕێژكردنی پرۆژەكانی گەشەكردنی كۆمەڵاتییەوە هەیە. بەرنامەڕێژكردنیش پەیوەندی بە ئاسۆی بیری دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە. ئەو پرۆژەیە چ جێوڕێیەكی لە بەرنامەی دەسەڵاتی سیاسیدا هەیەو چ هیوایەكی پێوە گرێ دەدرێت، دەوری خۆی لە خەرجكردن یان دەستگرتنەوە لە ئاستیدا دەبێت. پرۆژەی گۆڕانكاریی پەروەردەیی– وەك هەر پرۆژیەكی دیكە– پابەندی ئەو ڕاستییەی سەرەوەیەو، بەبێ دابینكردنی توانای ماددی، گۆڕانكاریی لە هیچ بوارێكدا سەركەوتن بە دەست ناهێنێت.

دووەم هۆكاری گۆڕانكاریی، توانایی مرۆییە. دیارە بۆ هەر گۆڕانكارییەك دەبێت هۆكاری مرۆیی كارامەو شارەزاو چالاك ڕۆڵی خۆی ببینێت. بەبێ ئەم هۆكارە سەرەكییە توانای ماددی بە فیڕۆ دەچێت و ئامانجی پرۆژەكان بەدینایەن.

ئەم دوو هۆكارە، ئەگەر چی پێكەوە كاردەكەن و پرۆسەی گۆڕانكاریی پێكدەهێنن، بەڵام لە نێوانیاندا هۆكاری مرۆیی سەرەكییەو

تــەواوی پرۆســەکەی پێــوە بەســـتراوەتەوە. مــرۆڤ لـــە بـــواری گۆڕانکارییەکاندا
ڕۆڵـــی هـــەرە ســـەرەکی هەیـــەو، بـــەبێ ئاڕاســـتەکردنی ژیرانـــەو بەرنامەڕێژکراوی دەستی مرۆڤ، پرۆژەکانی گەشەکردن تێکدەشکێن و ئامانجەکانیان بەدیناهێنن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا، دەبێت لە کاتی بیرکردنەوەدا لە هەر گۆڕانکارییەکی پەروەردەیی، هۆکاری مرۆیی لە بیر نەکرێت و بە باشترین شێوەو لە بەرزترین ئاستدا ئەم هۆکارە دابین بکرێت هەتا ئەو ڕەنجـەی بـۆ گۆڕانکارییەکـە دەدرێـت جێـی خـۆی بگرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبێـت دەسـەڵاتی سیاسـی، وەك بـەر پرسـیاری یەکـەمی گۆڕانکـاریی، هـاو ئاهـەنگی کـارکردی چـەند هۆکـارێکی مرۆیـی بـۆ سەرکەوتنی گۆڕانکاریی پەروەردەیی زامن بکات. لەوانە:-

١- پێویستە دەسگایەکی بەرپرسیاری کارامەو شـارەزاو لێـهاتوو بـۆ گۆڕانکارییەکە دەستنیشان بکات، چونکە لەهەر کردارێکی گەشەکردندا نـاوەندی ســەرکردایەتی ڕۆڵــی کاریگــەری خــۆی دەگــێڕێت. ئــەوە حەقیقەتێکی زانستی ئیدارەی کارە کە بەرنامەڕێژکردن و ڕێکخسـتن و سەرپەرشتیکردن و چاودێریو سۆراخکردن و پێداچوونەوەی بەردەوام بـە پرۆژەکـانی گەشـەکردندا، پێویسـتیی بـە دەسـگایەکی کـارگێڕیو هونـەری هەیـە کـە ئـەم دوو سـیفەتە پێکـەوە لـە خۆیـدا کۆبکاتـەوەو لـە ئاسـتی کەندوکۆسـپ و ڕێگرەکـانی بـەردەم گۆڕانکارییـەکاندا بڕیـاری دەستوبرد و کاری لێوەشاوانە ئەنجام بدات.

٢- ڕێزلێنـانی رای گشـتی جـەماوەرو هاوبەشـیکردنیان لـە پرۆسـەی گۆڕانکـاریدا، کاریگـەرێتی هۆکـاری مرۆیـی چـەند جـارە دەکاتـەوەو گۆڕانکاریی رەوتێکیئاسانترو کارامەتر دەگرێت.

لەو جیهانەی کە بە پێشکەوتوو ناو دەبرێت و، لە رووی ژیارەوە یەك دوو سەدە ئەم وڵاتە دواکەوتووانەی وەك عێراق و دراوسێکانییان بەجێهێشتووە، رای گشتی رۆڵێکی گرنگی لە هاوکاریکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکەدا هەیە. هەرچەندە ئەم رای گشتییە لە ژێر کاریگەرێتی سیستەمی ئابووریو سیاسیدایەو، راگەیاندن وەك کۆڵەکەیەکی سیستەمی باوی کۆمەڵگا ئاراستەی دەکات؛ بەڵام بەپێی داب و نەریتی دیموکراسی لیبرالی بواری بزاوت و چالاکیو هاریکاری پێدراوەو، هۆکارێکی مرۆیی گوشارە بۆ سەر هەر گۆڕانکارییو پەرەپێدانێك کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکییەوە هەبێت.

سیستەمی پەروەردەو فێرکردن یەکێکە لەو مەیدانانەی رای گشتی قسەی لەسەری هەیەو کاری تێدەکات. خوێندکاران، مامۆستایان، پسپۆڕانی پەروەردەیی، زاناکانی بواری سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژی، زانستەکان و فەلسەفە، دایکان و باوکانی خوێندکاران، هۆیە جیاجیاکانی راگەیاندن، حزب و کەسایەتییە سیاسییەکان....هتد، تێکڕا هەموویان پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانەوە هەیە. لەبەر ئەوە دەبێت بیروڕایان هەبێت و قسەی خۆیانی لەسەر بکەن. بەشداربوونی هەموان دەبێتە مایەی بەرپاکردنی مونازەرەیەکی پەروەردەیی کە کاکڵەو پوختەکەی، وەك رای گشتی ئەندامانی خۆ بە بەرپرس زانی کۆمەڵ، دەردەچێت و، چالاکانە، لە گۆڕانکارییەکاندا جێ دەستیان دیار دەبێت. بەم پێیە رای گشتی مەودای تێکەڵبوونی هۆکاری مرۆیی فراوان دەکاتەوە، چونکە ئەو کاتە گۆڕانکاریی لەوە دەردەچێت کە تەنها بڕیاری تاك و دوو تاك یان بڕیاری چەند لێپرسراوێ بێت.

ئەم شێوە هاریکارییە مرۆییە حاڵەتێکە دەبێت لە هەر

گۆڕانکارییەکی پەروەردەیی لە کوردستاندا رەچاو بکرێت. نابێت رۆڵی هۆکاری مرۆیی رای گشتی جەماوەر پشتگوێ بخرێت و شێوازی کۆنی داسەپاندنی پرۆژەو بەرنامەکانی سەردەمی رژێم دووبارە بکرێتەوە.

دەبێت چ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و چ بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بایەخی ئەم هۆکارە مرۆییە فەرامۆش نەکەن و رێزی بیرو بۆچوونی خەڵکی بگرن و خۆیان بەشێکی هەڵسووڕاوو چالاکی ئەم را گشتییە بن و هیچ مەسەلەیەکی پەروەردەیی بێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌و پەروەردەیی‌و وەرگرتنی رای گشتی، سەربەخۆ یەکلایی نەکەنەوەو بڕیاری لەسەر نەدەن، تا لەوە زیاتر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن هەرەس نەهێنێت.

٣- هۆکارێکی مرۆیی دیکە کە پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانەوە هەیە، ئەو توخمە مرۆییانەن کە راستەوخۆ رۆڵیان لە گۆڕانکارییەکاندا دەبێت. توخمی مرۆیی لایەنێکی سەرەکی و کاریگەری بواری گۆڕانکارییە؛ پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن لە هەر بوارێکدا بێت، هەر دەبێت لەسەر دەستی توخمە مرۆییەکاندا روو بدات. بەڵام لەنێو توخمە مرۆییەکاندا، لە رووی رۆڵ و بایەخیانەوە، دەبێت ریزبەندی بکرێت تا ئەو توخمە مرۆییەی ئەولەوییەتی دەدرێتێ دەستنیشان بکرێت. دیارە ئەو ئەولەوییەتە، بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی ئاستی ئەو توخمە مرۆییەیە، تا چالاکانە هاوبەشی گۆڕانکارییەکان بکات. لەم ریز بەندییەدا بەسەرنجدانی واقیعی پەروەردەو فێرکردن لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، مامۆستا دەبێتە ئەو توخمەی ئەولەوییەتی لە گۆڕانکاریدا هەبێت. لەم کایەیەشدا، پێگەیاندنی مامۆستایان، ئەوانەی کە ئێستا خوێندکارن و لە کۆلیژی پەروەردەو پەیمانگاکانی مامۆستایاندا دەخوێنن، یان لە ئایندەدا لەم

کۆلیژو پەیمانگایانەدا وەردەگیرێن، لە ریزی پێشەوەدا دێت. پاشان، بە پلەی دووەم لەو ریزبەندییەدا، سەر لە نوێ ڕاهێنان و مەشق پێکردنی مامۆستایان دێت لەسەر ئەو چەمکە نوێیانەی لە سیستەمی چاوەڕوانکراوی نوێی پەروەردەدا، ناوەڕۆکی گۆڕانکارییەکان دەبن.

ئەولەوییاتەکان لە بواری سازدانی هۆکاری مرۆیی بۆ گۆڕانکاریی پەروەردەیی بە دوای یەکتریدا دێن. بە دوای پێگەیاندن و مەشقکردنی مامۆستایاندا، بەڕێوەبەرەکان و سەرپەرشتیاران و کارمەندانی پەروەردە (ئیداری و هونەری) ریز دەبن. سەرجەمی هەموو ئەم توخمە مرۆییانەش رەوتی گۆڕانکارییەکان و دواڕۆژی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بڕیار دەدەن.

# دەرفەتێك بۆ ئامادەكردنی
# كۆمەڵێك تۆژینەوەی پەروەردەیی

بە هاریكاری نێوان كۆلێژی پەروەردە لە زانكۆی (صلاح الدین)و بەشی ئامادەو مەشقكردنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە هەولێر، نیاز وایە كۆرسێكی مەشقكردن بۆ رابەرە پەروەردەییەكانی خوێندنگا ئامادەییو دواناوەندییەكانی هەولێر بكرێتەوە.* لەم كۆرسەدا مامۆستایانی بەشی سایكۆلۆژیی كۆلێژی پەروەردە دەرس دەڵێنەوە. ئەمە بۆ خۆی كارێكی باشە كە ئەم توێژە مامۆستایەی ئەركێكی گرنگی پەروەردەییو دەروونییان لە ئەستۆدایە ئاوڕیان لێبدرێتەوەو هەوڵی گەشەكردنیان بدرێت و بە چاوی رێزەوە- وەك وڵاتانی دیكەی جیهان- لە جۆرو ئاكامی كارەكەیان بڕوانرێت.

دیارە سەركەوتنی كۆرسێكی وەها بە دوو مەرجی سەرەكییەوە بەندە ئەوانەش: بەرنامەی كۆرسەكەو ئاستی زانیاریی ئەو كادیرە زانستییانەیە كە هەڵیدەسووڕێنن. ئەو بەرنامەیە دەبێت لەو بەرنامەیە بالاتر بێت كە لەوە پێش لە قۆناغی خوێندنیاندا لە زانكۆ وەریان گرتووە. پێداچوونەوەی بابەتە سایكۆلۆژییەكانی قۆناغی خوێندنیان بە تەنها سوودێكی ئەوتۆ ناگەیەنێت و ئەو ئامانجانەی كۆرسەكەی بۆ كراوەتەوە بەدیناهێنێت. بۆیە باشترین بەرنامە بۆ ئەم توێژە مامۆستایە دوو تەوەرەیە ئەوانیش لێكۆڵینەوەی كێشەو گرفتە عەمەلییەكانی كاركردنیانە لە

---

*ئەم كۆرسە نەكرایەوەو دواتر لە هاوینی ساڵی ١٩٩٨دا جێبەجێكرا.

خوێندنگاکانداو، مەشق پێکردنیانە لەسەر شێوازی تۆژینەوەی پەروەردەیی، لە نێوان ئەم دوو تەوەرەیەشدا دووەمیان گرنگییەکی زیاتری هەیە چونکە مەشق پێکردنی تیۆریو پراکتیکییان لەو بوارەدا:

١) شێوازو ڕێگای تۆژینەوەی پەروەردەییان بە بیر دەخاتەوە کە لەوەپێش لە قۆناغی خوێندنیاندا خوێندوویانەو کەمێك کاری پراکتیکییان لەو مەیدانەدا کردووە. بەمەش ئاستی تیۆرییان بەرز دەبێتەوە لە جێبەجێ کردنیشدا قاڵتر دەبن.

٢) شارەزاییان لە چۆنایەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕۆژانە لە کارەکانیاندا دێتە ڕێیان پتر دەکات و بە ئاستێکی بەرزترو لێوەشاوانەتر دەست بۆ ئەو کێشانە دەبەن و بە ئاسانی بە دەستیانەوە دێن.

٣) گیانی تۆژینەوەو بە دوادا چوونی کێشە زۆرو زەبەندەکانی بواری پەروەردەو فێرکردنیان تێدا دەچەسپێنێت و دەتوانن هاوبەشییەکی کاریگەر لە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی ئەو کێشانەدا بکەن و بەمە قورسایی هەوڵو کۆشش و توانای ئەکادیمیو پراکتیکی خۆیان سەر کۆششی خوازیارانی پەرەپێدان و گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا بخەن.

٤) کۆمەڵێك تۆژەرەوە ( باحث) ئامادە دەکات کە دەتوانرێت سوود لە ئیمکانییەتی زانستییانەیان لە بواری تۆژینەوەدا وەربگیرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە مەیدانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەدا هەیەو بەشە بەرپرسیارەکەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا لە ئاستیدا دەستەو سانن.

کردنەوەی ئەم کۆرسە پەروەردەییە دەرفەتێك بەردەمی وەزارەتی

پـەروەردەی هـەرێم دەخـات و دەکرێـت بەباشـترین شـێوە سـوودی لێوەربگـیرێت و بەرنامـەی کۆرسـەکە بـەرەو پیـادەکردنی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوەو ئامـادەکردنی کۆمـەڵێك تۆژینـەوە ئاڕاسـتە بکـات. هەڵبـەت ئاسـتی زانسـتیی بەشـداربووانی کۆرسـەکە لەلایـەك و ماوەکەشـی لـە لایـەکی تـرەوە کە دوو مـانگ دەخایـەنێت، زامنـی سـەرکەوتنەو لـە ڕووی خەرجیشەوە بڕێکی کەمی پارە تێدەچێت و دەشێت لە ئایندەدا چەند کۆرسێکی فراوانتری لەم بابەتە بۆ کادیرە پەروەردەییەکانی پارێزگاکانی دیکەی کوردستان بۆ هەمان مەبەست بکرێتەوە.

# پێویسته بۆ چارەسەرکردنی کێشه پەروەردەییەکان پشت به زانست ببەسترێت*

چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان یەکێکە لەو ئەرکانەی لە دوای راپەرینەوە روو بەڕووی دەسەڵاتی سیاسیو پەروەردەیی لە کوردستاندا بۆتەوە. چ دەسگا بەرپرسەکانی پەروەردەو چ شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە دەبێت پشت بە خۆیان ببەستن و، سەربەخۆ لە دامودەسگای پەروەردەیی عێراق بە پیر کێشەکانەوە بچن و رێگا چارەی دروستیان بۆ دابنێن. ئەم ئەرکە بەر لە راپەرین بە شێوەیەکی ناوەندی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە جێبەجێ دەکرا. دەوڵەت ئیمکاناتێکی زۆری لەبەردەم پسپۆڕانی پەروەردەیی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی پەروەردەییو دەروونی دانابوو. بۆ ئەم مەبەستەش کادیری پسپۆڕو شارەزای پەروەردەیی خۆی هەبوو کە ئەم ئەرکە رابپەڕێنێت و بە پێی سیاسەتی دەوڵەت و ئامانجەکانی سیستەمە پەروەردەییەکەی رووکاری چارەسەرکردنەکان ئاڕاستە بکات.

دیارە لە کوردستاندا ئەو هەلومەرجە لەبارە نەڕەخساوە؛ نە ئیمکاناتی ماددی پێویست بۆ ئەم مەبەستە دابین کراوەو نە کادیرو تۆژەرەوەی

---

* ناونیشانی ئەم وتارە لە کاتی بڵاوکردنەوەدا، بە شێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا، دەستکاری کرابوو. بۆیە لێرەدا هەمان ناونیشانەکەی خۆیم بۆ دانایەوە. بڕوانە ( کوردستانی نوێ) ژمارە (١٢٦٣) رۆژی ١٥/٤/١٩٩٦.

پسپۆڕ له زۆربەی لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردندا هەیەو نە ناوەندی زانستیانەی لێکۆڵینەوەی پەروەردەییو دەروونی بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دامەزراوە. بۆیە دەست بردن بۆ کێشە پەروەردەییەکان بە ئاسایی شێوازێکی خودی دەگرێت و کەمتر ئەقڵییەت و میتۆدی زانستیانەی تێدا رەنگدەداتەوە. بە واتایەکی تر چارەسەرکردنی کێشەکان کاریگەرێتی تێگەیشتنی باوی هەڵسوڕاوانی بواری پەروەردەو فێرکردنی بەسەرەوە دەبێت. لەبەرئەوە بە پێچەوانەی چەمکە پەروەردەییەکانی پەروەردەی نوێ دەکەونەوەو سەری گلۆڵەی کێشەکان بە چەمکە کۆنە باوەکانەوە گرێ دەدرێنەوە. ئەوەی لەم کایەیەشدا رۆڵی دەبێت سۆزی تاکە کەسیو لێکدانەوەی شەخسیو پەنا بردنە بەر خودو هەڵوێستی خودییە لە کێشەکان کە بەشێکی لە دڵسۆزی بەتەنگهاتنەوەو بەشێکی تری لە نەشارەزاییو بێئاگایی لە پەروەردەی سەردەمدا سەرچاوە دەگرێت.

لە کوردستانی ئیمڕۆدا، سەرباری هەموو ئەو کەموکووڕیو کەم تواناییانەی دەستنیشان کران، دەتوانرێت کادیری نوێی پەروەردەیی کارامە پیادە بکرێت و، هەر بەو کەرەسەیەی لەبەر دەستدایە پشت بە پرنسیپە زانستییەکان و دەستکەوتەکانی زانست ببەسترێت و، بە لێکدانەوەی بابەتی (موضوعي) و ئەقڵییەتی کراوەو ئیرادەی گۆڕانکاریی،

سەرجەم کێشە پەروەردەییەکان بەر شیکردنەوە بدرێن و چارەسەری مومکین ( بەڵام زانستیانە)یان بۆ دابنرێت.

## دەربارەی مەنهەجی لێدوانی کێشە پەروەردەییەکان

لە ژمـــارە (١٢٥١)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/١ی ( کوردســـتانی‌نوێ)دا وتـارێکی مامۆسـتا ( شـوان) دەربـارەی تاقیکردنـەوەی گشـتی پـۆلی شەشـەمی سـەرەتایی بڵاوکراوەتـەوە. وتارەکـە وەڵامـی وتـارێکی مامۆسـتا (عەبـە سـوور)ەکـە لـە ژمـارە (١٢٣٥)ی ڕۆژی ١٩٩٦/٣/١١دا بڵاوکرابووەوە. هەریەکەیان بە جۆرێك باری سەرنجی خۆیان دەربارەی هێشتنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونی گشتی بۆ پۆلی شەشـەمی سـەرەتایی دەربڕیبـوو. دیـارە هـەر یـەکێکیان ئـازادن لـە بیروبۆچوونەکانیانداو ئەم وتارە بە نیازی ((ناوبژی))و بڕیاردانی ڕاست و دروستی ڕایەکیان و ڕەتکردنەوەی ئـەوی تریـان نییـە، بـەڵام ئـەوەی مەبەسـتێتی شێوازی نووسینەکەی مامۆسـتا ( شـوان)ەو لـەو ڕێیـەوە دەربڕینـی هـەندێ سـەرنجە لەسـەر مەنهـەجی لێدوانـی کێشـە پەروەردەییـەکان، بـە هیـوای ئـاوەڵاکردنی دەروازەیـەکی هـەرچی فراوانترو هێمنتر بۆ لە یەکتری گەیشتن و ئاراستەکردنی نووسینەکان بـە گیـانێکی ئـارام و زانسـتیانە، تـا گونجـاوترین چارەسـەر بـۆ کێشـەکان بدۆزرێتـەوە. هـەر بـەم گیانـەوە لـە تێکـڕای مەنهـەجی لێدوانی کێشەکان دەڕوانین و هەندێ پرنسیپی مشتومڕ دەستنیشان دەکەین.

١) ئـازادی دەربڕیـن و بـیروبۆچوون یەکـەم پرنسـیپە. پێویسـتە ئـەم ئازادییە بۆ هەموو کەسێك بسەلمێنرێت، لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەم ئازادییە بۆ هەموو کەسێك بسەلمێنرێت، لەبەرئەوە، ئەگەر بیروڕایەکی جیاواز لە نێواندا هـەبوو، دەبێـت بە ئاسایی وەربگیرێت و بـە نـاوی ڕاســتیی

بۆچوونـە خودییەکانـەوە ئـەو ئازادییـە لـە کـەس زەوت نـەکرێت، بە تایبـەتی لـە لێدوانی کێشـەکانی پـەروەردەدا شـارەزایان و پسـپۆڕان لەگـەڵ یـەکتریدا دژایـەتی پێکنـاهێنن و بیروبۆچوونـەکان وەك لایـەنی دژایەتی بەرامبەر یەکتری ناوەستنەوە بەڵکو وەك کەسانی یەك لایەن و هاوپیشە، لە شێوەی جیاوازیدا دەردەکـەوێت، چونکـە ئامانجـەکان لـە چەمسـەرێکدان و باشـترین چارەسـەرکردن گەیشـتن بـەو ئامانجانـە دەستەبەر دەکات.

٢) لەبـەر ڕۆشـنایی پرنسـیپی ئـازادیدا ئیرهـابی فیکـری ( ئەگـەر بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە شیاو بێت) کارێکی باش نییەو خزمەت بـە ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و خولقاندنی ئاوو هەوایەکی زانستیو پەروەردەیی ناکات. لەبەرئەوە ڕاستتر وەهایە لە بری زمانی توندو هەڵوێستی گرژو تۆمەت و سەرکوتانەوە، بیروڕاکان بخرێنە ڕوو و هەوڵ بدرێت بە بەڵگەی زانستی بسـەلمێنرێن و بیروڕای بەرامبـەریش بـە هـەمان بـاری سـەرنج ڕەخنەی لێبگیرێت. دەبێت نیازچاکی لە قەڵەمی هەموو ئەو نووسەرانەدا بەدی بکەین کە دێنە پێشەوەو مشووری کێشـەکان دەخۆن، نـەك ئـەوەی وەها( تصور) بکرێت کە (( نووسەرێك خۆشی بڕوای بە نووسینەکەی خۆی نەبێت)) یان گومانی بخەینە سەرو لێی بپرسین کە ((بۆچی و لـە پێناوی چیدا لەم کاتەدا ئەم بانگەشەیە بڵاو دەکاتەوە)) وەك ئەوەی لـەو وتارەدا ئاڕاستەی مامۆستا (عەبە سوور) کراوە.

٣) پـەروەردەو فێرکردن لـە کوردسـتاندا بـە دەسـت گـەلێك کێشـەوە دەناڵێنێ، میراتێکی کـۆن و ئـاڵۆزو شـێواویبۆ بـەجێماوە، بـارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیش ڕێگرییەکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی بە پەلەی کێشە پەروەردەییـەکان دروسـت کردووە؛ سـەرەڕای ئەوەش

دیدگایـەکی روون و ئاشـکرا دەربـارەی ئاڕاسـتەکردنی سیسـتەمی پـەروەردەو فـێرکردن بوونـی نییـە، ئـەوەی لـەم کایەیـەدا دەگوترێـت و دەنووسرێت بیروبۆچوون و ئاستێك لە تێگەیشتنی پەروەردەو شێوازی چاککردن و گۆڕانکـاریی دەردەبڕێـت، بۆیـە رەنگـە سـەدا سـەد کـەس ئامانجەکانی بە تـەواوی نەپێکێ، رەنگە هـەر بەشێکی راستییەکان لە لایـەك و چارەسـەرکردنی گونجاویـان لـە لایـەکی تـرەوە لای ئـەم یـان ئـەو شـارەزاو پسـپۆڕو نووسـەری پـەروەردەیی بێـت هەرئەمـە وا دەخـوازێ بەخشـینی هـەموویان لـەم بـوارەدا رێـزی لێبگـیرێت و دەشـێت لـە ئاوێتـە بوونـی بـیروبۆچوون و چارەسـەرکردنەکان، کـە پێشـنیازی دەکـەن، پـەروەردەو فـێرکردن سـەر راسـتە شـەقامی هـەنگاونان بـەرەو دواڕۆژێکـی گەشـەدارو پێشـکەوتوو بکـەوێت. لەبەر ئەمـە دەبێت هەرکەسـە بـێ فیزانـە سـەیری نووسـینەکەی خـۆی بکـات و هێڵێکـی راسـت و چـەپ بەسـەر نووسـینی کەسـێکی دیکـەدا نەهێنێت.

٤) کاتێك نووسـەرێك دەست دەداتـە پێنووسـەکەی و زادەی بـیری بـۆ لێدوانی کێشـەیەك پێشکەش دەکات مانای وایە رەخنەی لـە حاڵـەتێك هەیەو حاڵـەتێکی دیکە بە بەدیلی دەزانێت، مانای ئەوە دەگەیەنێ کـە سەر بۆ ئەو حاڵەتە ناسـەلمێنیو گۆڕانکـاریی دەخـوازێ، ئەگـەر وەهـا نـەبێت هیـچ بیانوویـەك بـۆ خـۆ مـاندووکردنی نامێنێتـەوە؛ بـەدیلیش هەمیشـە حاڵـەتێکی پێشـکەوتووترەو کـاتێك جێـی خـۆی دەگرێـت کـە واقیعـە راوەسـتاوەکە بەرەوپێشـەوە بجووڵێنـێ، ئاشکراشـە حاڵـەتی پێشـکەوتووتر بـۆ کێشـە پەروەردەییـەکان لـە کوردسـتاندا واقیعـە ژەنگگرتووەکەی ئێرە نییە بەڵکو واقیعێکی ترە کە گەلانی تر ئەزموونیان لە بارەیەوە هەیەو دەستکەوتەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا بەرئەنجامین.

سەبارەت بەمەی سەرەوە، وەرگرتنی ئەو ئەزموونانەو گونجاندنی لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان، کە بە توێژینەوەی زانستی پیادە دەکرێت، تەنها رێگەیەکە کە گۆرانکاریی لە رەوتی خۆیدا بیبڕێت، بۆیە (( ئێرە ئێرەیە)) بە ( مجرد)ی راست نییە بەڵکو ((ئێرە)) دەبێت بەشێکی دانەبڕاو بێت لەم جیهانەو لەگەڵ دوا گۆڕانکارییەکانی ئەم جیهانەدا لە کارلێککردن (تفاعل)ێکی بەردەوامدا بێت.

٥) یەکێك لە پرنسیپەکانی مشتومڕکردن لەسەر هەرکێشەیەك پێکەوەگونجاندنی سەرەتاکان (المقدمات) و بەرئەنجامەکان (النتائج)ە، بۆیە کاتێك بەرئەنجامێك دەبێتە پوختەی شیکردنەوەو لێکدانەوەکانی نوسینێك دەبێت رێك لەگەڵ سەرەتاکاندا بێتەوە؛ بە پێچەوانەی ئەوەوە، لێدوانی کێشەکە لۆژیکی تێدا نابێت و بە ڕایەکی خودیانە نەك بابەتی وەردەگەرێت. بۆ نموونە کە باسی هێشتنەوەی ئەزمووونی گشتی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەکرێت دەبێت بەرامبەر بەڵگەکانی رابگیرێت و پەیوەندی نێوانیان دیاری بکرێت ( لێرەدا بەڵگەکان سەرەتاکانن و هێشتنەوەش بەرئەنجامە)، ئایا هێشتنەوەی ئەزموونەکان چ کاریگەرێتییەکی لەسەر کێشەکانی (( میلاك، رێژەی دابەشکردنی پەڕاوی قوتابخانە، مامۆستا گەنجەکان کە بە هۆی سیاسەتی رژێمەوە بێ ئینتیما وەرنەگیراون، بیناکان، نامەخانەکان، هۆڵی خوێندنەوە، ژیانی کەسوکاری قوتابیان، شەڕی ناوخۆ، پلانی ساڵانە، هۆیەکانی فێرکردن...هتد)) هەیە؟ ئایا کە ئەزموونی گشتی پۆلی شەشەم بڕیاری لەسەر درایەوە ئیتر ئەو کێشانە چارەسەر دەبن؟ ئایا هیچیان لێدەگۆڕێت؟ یان چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەدیل بۆ هێشتنەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونی گشتی دەسەلمێنێت؟!

## پێویستە ڕاستگۆیانە کەموکووڕیو دەستکەوتەکان بخرێنە ڕوو

پەندێك هەیە دەڵێت: (( راستیی بڵێ ئەگەر لەسەر خۆتیش بێت)).

ئەم پەندە بۆ مرۆڤ پرنسیپێکی ئەخلاقییەو نیشانەی شێوەیەك لە رەفتاری جێگیرو هەمیشەییە سەبارەت بە دەربڕینی راستییەکان. ئەم پەندە راستگۆییو گوتنی راستی لەسەر هەڵەو خەوشە تایبەتییەکان دەکاتە دروشمێکی ئەخلاقیو درۆکردن بەهەموو شێوەیەك رەتدەکاتەوە.

بە درێژایی مێژووی ئادەمیزاد هەمیشە راستیو ناڕاستی لە ململانێدا بوون. چینە چەوسێنەرو دەسەڵاتدارەکان لە پێناوی درێژەپێدانی فەرمانڕەوایی خۆیان و رەتاندنی رەشە خەڵکدا ناڕاستیو سیاسەتی دیماگوگیو درۆو دەلەسەیان گرتۆتە بەرو خەوشەکانی خۆیان پێ پەردەپۆش کردووە.

لە عێراقدا، هەر بەم رێڕەوەی مێژووی دەسەڵاتداریدا، کاربەدەستانی شۆڤێنی نەتەوەی دەسەڵاتدار هەمیشە نموونەی سیاسەتی دیماگوگیو چەواشەکاریو درۆو دەلەسەبازی بوون و لە ئاستی جەماوەری زەحمەتکێشی خۆیان و گەلی کوردی ژێردەستەیاندا درێغییان نەکردووە. ئەم سیاسەتەش لە چارەکە سەدەیەکی رابردوودا بە دوا لوتکەی خۆی گەیشت؛ بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی،رۆشنبیریی نەما راستیی تێیاندا ئاوەژوو نەکرێتەوەو بە شێوای نەخرێتە روو. ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی بەربڵاوو ئاشکراو بەرچاو بواری پەروەردەو فێرکردنیشی گرتەوە، لە بۆنە رەسمیو ناڕەسمییەکاندا بە دروشمی ((پێشکەوتن)) لە بوارە جیاجیاکاندا ئەوەندەی ژمارەی ساڵەکانی

فەرمانڕەواییان درۆیان پەخش دەکردو (گۆبلز)انە دەیانویست نەك هەر خەڵکی پێیان باوەڕ بکات بەڵکو خۆشیان بە درۆکانی خۆیان باوەڕ بکەن.

بە درێژایی ئەو ساڵانەو تا ئێستاش، لەو بەشەی عێراقدا کە رژێم دەستی بەسەردا دەڕوات، دەبێت هەموو کەس ئەوە بسەلمێنێت کە عێراق لە هەموو کایەیەکدا هەر لە پێشکەوتندایە. نابێت کەس قسە لە ناتەواوی‌و هەڵەکان و بنبەستەکان بکات بەڵکو دەبێت هەر لەسەر دەستکەوتەکان بدوێن! دەسگاکانی خوارەوە سەرووی خۆیان و، ئەوانیش باڵاو باڵاتر لە خۆیان یەك بەدوای یەکدا فریو بدەن و راستییەکانیان لێ بشارنەوە، تا ئەوە ببێتە (( راستی))و بوونی دەسەڵاتی نامەشروعی خۆیانی پێ پاساو بدەن.

ئەم سیاسەتە کە شێوازێکی فەرمانڕەوایی فاشستییە، رەگی کۆمەڵایەتی هەیە. لە عێراقدا ئەم رەگە کۆمەڵایەتییە بۆ سروشتی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە کە لە سەروبەندی هەنگاونانی بەجێهێشتنی دواکەوتنی ئابووریدایە بەرەو پیشەسازی کردن، بەڵام لە ژێر سایەی پەیوەندییە دەرەبەگییەکاندا، ئەوپەیوەندییانەی کە یەکێك لە نەریتەکانی رەتکردنەوەی کەموکوڕییەو، رەخنەگرتن و، دەرخستنی هەڵەکان بە خەوشێکی ئێجگار مەزن دەزانێت. دیارە کوردستانیش لەمە بەدەر نییە.

پەیوەندیی عەشایەری‌و دەرەبەگی هەندێك نەریتی تایبەتی خۆی هەیە وەك خۆهەڵکێشان و خۆ بە زل زانین و شانازی کردن و خۆ بە ژێر دانان و...هتد، لە ئایدیای باوی ئەم کۆمەڵگایەدا پیاوی گەورەو خانەدان و دەسەڵاتدار بێ خەوشن، راستگۆن، زاناو دانان و...هتد، بۆیە قابیلی بە هەڵەدا چوون نین و بەو پێیە نابێت رەخنەیان لێبگیرێت چ جای سەرزەنشت و لێپرسینەوە. ئەم نەریتانە لە رەوتێکی مێژوویی

درێژخایاندا پێکدێن و بۆ مەودایەکی زەمەنی درێژ خایانیش، پاش گۆڕانکاریی لە پێگە ئابوورییەکەی سیستەمەکەدا، بەردەوام دەبن و باڵ بەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵ و دامەزراوە مەدەنییە رەسمیو نارەسمییەکاندا دەکێشن.

سیمای هەرە خەتەرناکی نەریتە باوو بنەڕەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەرپەرچدانەوەی رەخنەیە. لەم کۆمەڵگایەدا رەخنە بە سووکایەتی پێکردن لێکدەدرێتەوە، نابێت کەس رەخنە بگرێت چونکە کەس رەخنە وەرناگرێت و ئامادە نییە کەسایەتییەکەی بەر رەخنە بکەوێت، تەنانەت گەر بە خەروار هەڵەش بکات و هەڵەکانیش جەزرەبە بە گیانی گشت کۆمەڵ بگەیەنن.

ئەم پەتایە پەل بۆ دامودەسگاکانی حکومەتیش دەهاوێت و کارمەندان و لێپرسراوانی دەسگا دەوڵەتییەکان لە ژێر تەئسیری خۆیدا دادەنێت. نەریتی خۆ بەڕاست زانین بڵاو دەکاتەوە. هەر کەس مێزێکی دەسەڵاتداری درایە، ئیتر تەنها خۆی بە راست دەزانێت و چاوی کەس نابینێت و هەمیشە کەسانی تر بە ناڕاست و نەزان و هیچ لە باردا نەبوو لە قەڵەم دەدات.

ئەم پەتایەی لە سەرەوە، بە کورتی، هەندێ لە تایبەتمەندییەکانیمان باسکرد دامودەسگا ڕەسمیو نا ڕەسمییەکانی کوردستانیشی گرتۆتەوە. هەر سەرنجدانێك لەو چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژە رۆژنامەییو تەلەفیزیۆنییانەی لەگەڵ لێپرسراوان و هەڵسووڕاوانی ئەم دامودەسگایانەدا ساز دەدرێن ئەوە دەردەخەن کە تەنها قسە لە دەستکەوتەکان دەکرێت. هەر کەسەو دەیەوێت دەستکەوتەکان بە بەرئەنجامی هەوڵو کۆششیخۆی تۆمار بکات؛ ئەگەر قسەش لە کەموکوڕییەکان بکەن تەنها ئەو بوارانە باس دەکەن کە بەر لە

بەرپرسیارێتی ئەوان یان بە هۆی بارودۆخێکەوە دروست بوون کە ئەوان دەسەڵاتیان تێدا نییەو نەبووە.

ئەم گیانە خۆ پەرستییەی لە رەخنە دەسەڵەمێتەوەو لە رووشاندنێکی بچووکیش دەتۆقێت، دەردێکی کوشندەی سیاسیو ئیدارییەو مەترسی گەورە لەسەر رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کاروبارەکان پێکدەهێنێت و سەرەڕێی پێشکەوتن دەگرێت، چونکە بە هاوسەنگیی دەستکەوتەکان و کەموکووڕیو خەوشەکان ناخاتە روو، بەڵکو لەبەر تیشکی راستییەکاندا هەڵدێت و لە پەناگەی دەستکەوت و لایەنە ئیجابییەکاندا پەرۆی پیسی هەڵەو ناتەواوی و کەمتەرخەمییەکان دەشارێتەوە.

لە بواری کاروباری ئیداریو هونەریی پەروەردەو فێرکردندا، ئەگەرچی بواری لاسەنگ نیشاندانی دەستکەوت و کەمتەرخەمییەکان هەیە، بەڵام خۆشبەختانە بوارەکەی زۆر تەنگەو کێشەکان زەق و بە دەرەوەن و لە ئاستی کۆمەڵدا دەزانرێن و کەرتێکی بەرینی خەڵکی هەر لە منداڵانی سەرەتاییەوە لێی ئاگادارن سەبارەت بەوەی، تەنانەت لە نێو خێزانەکانی خۆیاندا، لەگەڵ کێشەکانی پەروەردەدا دەژین، لەبەرئەوە هیچ دەرفەتێك بۆ لاسەنگ نیشاندانی کاروبارە پەروەردەییەکان نەماوەتەوەو تەنها باسکردنی دەستکەوتەکان گوێی لێناگیرێت. هیوادارین بەرپرسانی پەروەردەو فێرکردن چ لە دەسگا بالاکانی پەروەردەداو چ لە دەسگاکانی خوارەوەدا بەو داوەوە نەبن و، هەر لەو کاتەدا کە دەستکەوتی کارەکانمان نیشان دەدەن، پەردە لە رووی سەرجەمی کەموکووڕییەکان، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە سستی کرداری نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردەییەوە هەیە لە کوردستاندا، هەڵدەنەوە.

## ریپۆرتاژەکان فەرامۆش مەکەن...!

ڕۆژانە چەندین ریپۆرتاژ دەربارەی هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە. ئەو ڕۆژنامە نووسانەی ئامادەیان دەکەن دیمەنە شاردراوەکانمان پێ ئاشنا دەکەن و بە ماندوێتیو سەرماو گەرما نۆشین و هەوڵو کۆششی بێئەندازەیان، ئاوێنە ئاسا، لە نێوان وشە چنراوەکانی بیرو هەستیانەوە، وێنەو روخساری واقیعەکەمان نیشان دەدەن.

نووسینی ریپۆرتاژ تەنها پڕکردنەوەی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکان نییە، تەنها بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ڕەسمیی ڕۆژنامە نووسان نییە، بەڵکو ئامانج و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە دەبێت بە چاوی بایەخ پێدانەوە تەماشای بکرێت و بە جیددی وەربگیرێت و فەرامۆش نەکرێت، تا کاریگەرێتییەکی بەرچاوی لە بواری بابەتەکەیدا هەبێت.

بەم پێیە، ئەگەر لە بواری پەروەردەو فێرکردندا چاوێك بەو ریپۆرتاژانەدا بگێڕین، کە لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٩٩٥/٩٩٦وە تا ئیمڕۆ لە ڕۆژنامەکاندا پەخش کراون، دەبینین چەندین گیروگرفتیان لە خۆ گرتووە؛ تەنانەت بوونی ئەم گیروگرفتانە بۆ چەندین جار لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیی‌و تەلەفیزیۆنیی لێپرسراوانی دەسگا باڵاکانی پەروەردەشدا دانی پێدانراوە و واقیعی بوونی ئەو کێشانەیان سەلماندووە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە هەمان ئەو کێشانە ساڵی خوێندنی ٩٩٤/٩٩٥یش قسەیان لەسەر دەکرا. بۆیە گەر مشوورێکیان نەخورێت، ئەوا هەر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوەو لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ٩٩٦/٩٩٧یشدا سەرلە نوێ باسیان لێدەکرێتەوە!

گرنگترین ئەو کێشانەی ریپۆرتاژەکان خستیانە ڕوو: نەبوونی کتێب و دەفتەرو رەحلەو پێداویستییەکانی تری خوێندن و کەمی بینای قوتابخانەو نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی تێیانداو نەبوون و کەمی مامۆستاو باری نا هەمواری گوزەرنیان بوو. دیارە دەسگایەکی پەروەردەییش بە دەست ئەم جۆرە کێشانەوە بنالێنێت، گیرۆدەی کۆمەڵێك ئەرکی رۆژانەی ئەوتۆ دەبێت، کە رێگری بیرکردنەوە لە چاککردن و گۆڕانکاریی پەروەردەیی بێت. دەبێت ئەرکە سەرەکییەکە فەرامۆش بکات و زیاتر بە تەنگ ئەرکە بەرچاوەکەوە بێت.

ئەم بارودۆخە وەها دەخوازێت هەر لە ئێستاوە بۆ نیوەی دووەمی ئیمسالی خوێندن (٩٩٥/٩٩٦)و سالی خوێندنی داهاتوو، کێشە رۆژانەکان بە پێی یەکەمێتییان ریزبەندی بکرێن و، چ دەسگا لێپرسراوە جیاجیاکانی هەرێم و، چ رێکخراوە بیانییەکان هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بۆ چارەسەرکردنیان بکەن. دەتوانرێت واز لەو پرۆژەو کارە رووکەشانە بهێنرێت کە پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج دەکرێت و ئەو پارەیە لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەم کێشە زەقانەدا سەرف بکرێت؛ بەمەش لە ماوەیەکی کەمدا ئەو گیروگرفتانەی ریپۆرتاژەکان لێی دەدوێن چارەسەر دەکرێن و رێگە بۆ ئەرکە بنچینەییەکەی ئیمڕۆی دەسگای پەروەردەو فێرکردن، کە گۆڕانکاریی پەروەردەییو هێنانە کایەی پەروەردەیەکی نوێیە، خۆش دەبێت.

# بەشی سێیەم

# پەروەردەی خوێندکاران

# پێویستە کەسایەتی سەربەخۆی خوێندکاران لە شێواندن بپارێزرێت

خوێندکاران تەوەرەی بنچینەیی کرداری پەروەردەو فێرکردنن. پەروەردەی نوێ جەخت لەسەر ئەم تەوەرە سەرەکییە دەکات و گشت چالاکییەکانی بەم ڕێبازەدا ئاڕاستە دەکات. لەبەرئەوە توخمەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە یەک خاڵدا یەکانگیر دەبن ئەویش بیناکردنی کەسایەتیسەربەخۆی خوێندکارانە. بەبێ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پەروەردەییە، پرۆسەکە لە چەمکە پەروەردەییەکانی دەشۆرێتەوەو لە ئاستی ئەرکەکانیدا شکست دەهێنێت.

ئەگەرچی فێرکردن بریتییە لە پیادەکردنی گۆڕانکارییەکی نەخشە بۆ کێشراو لە رەفتاری خوێندکارانداو ئەم رەفتارە ئاڕاستەکراوە لایەنەکانی جەستەییو ئەقڵیو ویژدانی و کۆمەلایەتی دەگرێتەوە، بەلام کۆمەڵێك پرنسیپی زانستیو پەروەردەیی بۆ رەنگڕشتنی هەیە کە سیستەمە پەروەردەییەکان- هەریەکەیان بە پێی فەلسەفە کۆمەلایەتییەکەی خۆیان بنەماکانی دادەنێن و لەبەر تیشکی ئەو ئامانجانەی دیاری دەکرێن رێوشوێنی بەگەڕ خستنی پرۆسە پەروەردەییەکە دەستنیشان دەکەن. بەم پێیە ئاڕاستەکردنی خوێندکاران و بیناکردنی کەسایەتییان دەبێتە ئەرکی کۆمەڵ و لە رێگای دەسگا پەروەردەییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن. بەم واتایە ئاڕاستەکردن کاری تاکە کەس نییەو ناشێت بە پێی ئایدیۆلۆژیو بیروبۆچوونی سیاسیو کۆمەلایەتی هیچ کەسێك، بە جیا لەو شـــێوە گشتییەی بۆی دیاری کراوە، ئەنجام بدرێت؛ نە بەڕێوەبەری خوێندنگاکان و نە مامۆستایان مافی ئەوەیان نییە کردارەکە لە رێڕەوە گشتییەکەی لابدەن و بە گوێرەی خواست و لایەنداریی خۆیان ئاڕاستەی خوێندکاران بکەن و هەوڵی لە قاڵبدانی کەسایەتییان بدەن و مێشکیان بشۆنەوەو پابەندی ئاڕاستە ئایدیۆلۆژیو سیاسییەکانی خۆیانیان بکەن.

بیناکردنی کەسایەتی سەربەخۆی خوێندکاران بایەخێکی گەورەو گرنگی لە پەروەردەی نوێدا هەیە. پێکهێنانی کۆمەڵێکی رۆشنبیرو هوشیارو، بەزاندنی سنووری پەروەردەی دواکەوتووانەی خێڵەکی وهەموو ئەو شێوە پەروەردەیەی خوێندکاران دەکەنە کۆیلەو بە چاوبەستراوەیی بۆ نێو کۆمەڵ پاڵیان پێوە دەنێن؛ پەیوەندی بە بیناکردنی کەسایەتی سەربەخۆی خوێندکارانەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوکردنی رێگای بیرکردنەوەی زانستیو هاندانی خوێندکاران

بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆو بەهێزکردنی‌توانایان لە بواری بڕیاردانی سەربەخۆدا، رۆڵێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پەروەردەییە دەگێڕێت. هەر لەم باری سەرنجەوە ئەرکی لێپرسراوانی پەروەردەو فێرکردنە لە هەرێمدا، بەربەستی چەواشەکردنی خوێندکاران بکەن، کە ناو بە ناو لە خوێندنگاو لە نێو پۆلەکاندا، دوور لە ئامانجە پەروەردەییەکان، بە ئەنقەست و بۆ مەبەستی زۆر تایبەتی بەجێدەگەیەندرێت. پێویستە لە ڕێی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیو پەروەردەییەوە چاودێری ئەو دیاردەیە بکرێت و بوار بۆ کەس نەهێڵرێتەوە کەسایەتی سەربەخۆی خوێندکاران بشێوێنێت و بە شێوازی جۆراوجۆرو پڕ پێچ و پەنا لە خشتەیان بەرێت و سەرئەنجام نەوەیەکی بیرتەسکی سەر لێشێواوی دواکەوتوو و کۆیلەیان لێبکەوێتەوە.

## دەبێت خوێندکاران بە بنچینە زانستییەکانی نووسینی راپۆرت ئاشنا بکرێن..!

چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل، لە چەمکی نوێی زانستی بەرنامەکاندا، چالاکییەکانی نێو پۆل تەواو دەکەن. خوێندن بە پێی ئەم چەمکە نوێیە لە نێو پۆلەکاندا قەتیس ناکرێت بەڵکو فراوانکردنی‌مەودای فێربوون و سوود وەرگرتن لەو ئیمکاناتەی لە دەرەوەی پۆلەکاندا هەن تایبەتمەندییەکی پەروەردەو فێرکردنی نوێیە.

یەکێك لەو چالاکییانەی دەکرێت مامۆستاکان خوێندکارانی بۆ ئاراستە بکەن نووسینی راپۆرتە لەسەر چەندین بابەتی جیاجیا کە پەیوەندییان بە مادده بڕیاردراوەکانی خوێندنیانەوە هەیە. ئامانجەکانی ئەم راپۆرتانە بریتین لە:

١) بەدەستهێنانی زانیارییەکی هەمە لایەنەو قووڵو بەرین لەسەر ئەو بابەتانەی لە بەرنامەکانی خوێندندا هەن.

٢) چاندنی گیانی بە دوادا چوون و گەڕان و توێژینەوە بۆ گەیشتن بە راستییە زانستییەکان.

٣) پێکهێنانی مەیلی خوێندنەوەی دەرەکی تا ئەم مەیلە بەشێکی کەسایەتی خوێندکاران بۆ دوا ڕۆژیان پێکبهێنێت.

٤) هاندانی خوێندکاران بۆ هامشۆکردنی کتێبخانە گشتییەکان و سوود وەرگرتن لەسەرچاوە زانستییەکان و ئاڕاستەکردنیان تا زانایان و ئەدیبان و کتێبەکانیان ڕێز لێبگرن.

٥) شارەزاکردنی خوێندکاران سەبارەت بە شێوازی نووسین و بنچینە زانستییەکانی تۆژینەوەی زانستیو ئەدەبی بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی راست هەموو نووسینێك هەڵبسەنگێنن و رای تایبەتی خۆیانی لەسەر دەربڕن و بیرکردنەوەیەکی رەخنەییان هەبێت.

مەخابن زۆربەی ئەم ئامانجانە لە لایەن هەندێك مامۆستاوە رەچاو ناکرێت و، ئەو ئەرکە ( نووسینی راپۆرت) کە بە خوێندکارەکانی دەسپێرن نەك هەر ئەم ئامانجانە ناپێکێ بەڵکو بە شێوەیەکیسەلبی کاری خۆی دەکات و خووی پێچەوانەی ئامانجەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە:

– داوا لە خوێندکاران دەکەن بابەتێك دیاری بکەن یان خۆیان بابەتێکیان بەسەردا دەدەن بەبێ ئەوەی وتووێژو ئاڵوگۆری بیرورای لەسەر بکەن.

– ژمارەی سەرچاوەکان بۆ خوێندکاران دیاری دەکەن و ئەوە وەك مەرجێك بۆ وەرگرتنی راپۆرتەکان دادەنێن بەبێ ئەوەی سیفەتی سەرچاوەی زانستییان پێبناسێنن.

– ژمارەی لاپەرەکانی راپۆرتەکە بۆ خوێندکاران دەستنیشان دەکەن، کە ئەمەشیان لەگەڵ سەرەتاییترین پرنسیپی نووسیندا یەکانگیر نابێت و شتی وەها لە شێوازی نووسینی راپۆرت و تۆژینەوەی زانستیو ئەدەبیدا نییەو بە مەرج دانانرێت.

– هەنگاوەکانی نووسین و شێوازی خستنەڕووی بابەتەکەو دەرئەنجامەکان فێری خوێندکاران ناکەن و ئەوانیش بە ناچاری دەبێت بۆ نووسینی پەنا بۆ ئەم و ئەو ببەن تا راپۆرتەکانیان جێی رەزامەندی مامۆستاکانیان بن.

– پێشەکی نمرەیەکیدیاریکراو بەردەم خوێندکاران دەخەن و هۆکاری

جوولاندنیان بۆ ئەنجامدانی راپۆرتەکانیان نمرە دەبێت، واتە مەردودە زانستیو پەروەردەییەکە بە قوربانی چەند نمرەیەك دەکرێت، بۆیە خوێندکاران لە ئاووهەوایەکی پڕ ترس و شڵەژان و شپرزەییدا ئەم کارە دەکەن.

- زۆر جار کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکان دەخەنە کاتی پشوودانی نیوەی ساڵو بۆنەو جەژنەکانەوە، بەمەش ئەم کارە زانستیو پەروەردەییە لەبەر چاوی خوێندکاران دەخەن.

- راپۆرتەکان دەپێچرێنەوەو لە پۆلەکاندا ناخوێندرێنەوەو خوێندکاران رادەی سەرکەوتنی خۆیان نابینن و...هتد.

بەم پێیە نەنووسینی راپۆرت و وازهێنان لە خوێندکاران بۆ ئەم مەبەستە باشترەو زیانی کەمتر دەبێت لەوەی بەو شێوەیەی ئاماژەمان بۆ کرد بەسەریاندا بسەپێندرێت.

ئەگەر مامۆستاکان بیانەوێت ئەرکی تەواوی خۆیان لەم بوارەدا بە جێبگەیەنن و نەوەیەکی زاناو رەخنەگرو خاوەن کەسایەتی سەربەخۆو هوشیار پێبگەیەنن، دەبێت خوێندکاران بە گشت هەلومەرج و شێوازو رێوشوێنی زانستیانەی ئەم چالاکییە ئاشنا بکەن تا لەم بوارەدا سەرگەردان نەبن و ئامانجەکان بەدی بهێنرێن.

# سازدانی سەیران و گەشت و گوزار بۆ خوێندکاران ڕێڕەوێکی پەروەردەییە

چالاکیی خوێندکاران لە دەرەوەی پۆلەکانیانداو بوونی بەرنامەیەکی چالاکیی هەمە چەشنەی بەرنامەڕێژکراو کە ئەرکی بەرنامەکانی خوێندن لە نێو پۆلەکاندا تەواو بکات، پرنسیپێکی پەروەردەییەو هەموو ڕێبازە پەروەردەییە جیاجیاکان جەختی لەسەر دەکەن. سنووری فێربوون هەر بە تەنها چوار دیواری پۆلەکان نییە بەڵکو دەوروبەر گەورەترین خوێندنگایە کە رادەو ئاستی فێربوون بەربڵاوترو پێگەیشتووتر دەکات، بۆیە سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردن بایەخێکی زۆر بەو چالاکییانە دەدەن و بەبەشێکی دانەبڕاو لە بەرنامەکانی نێو پۆلی دادەنێن.

ئەم پرنسیپە ڕەگێکی مێژوویشی هەیە. لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا پێش ئەوەی خوێندنگا هەبێت منداڵان لە ڕێی پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەیان لە ژینگە سروشتیو کۆمەڵایەتییەکاندا کاروبارە پێویستەکانی ژیانیان فێر دەبوون، لەم ڕێیەوە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی هەست پێکراو شارەزاییان پەیدا دەکرد.

میسرییەکان و گریکەکانیش لە مێژووی کۆنیاندا پەنایان بۆ گەشت و گوزار وەك هۆیەکی ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیانی دواڕۆژیان بردووە، باوکەکان منداڵەکانیان بۆ ڕاوکردن دەبردو بەمە بۆ قۆناغی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕایان دەهێنان. یەکێك لە شێوازەکانی فێرکردن لەلای (سوکرات)ی فەیلەسووفیش گەشت و گوزار بووەو هەمیشە قوتابییەکانی بۆ گەشت و سەیران بردووەو لە ڕێی بینین وتێبینی سروشت و دەورو

بەریانــەوە هــەوڵی فێرکردنیـــانی داوە. لــەم یــەك و دوو ســەدەیەی دواییشــدا لەلایــەن چــەندین کەســایەتی و زانــای پــەروەردەیی وەك (بەســتالوتزی) و (فرۆبــل)ەوە گەشــت و ســەیران و یــاریکردن وەك هۆیەکی پەروەردەیی بۆ فێربوون بانگێشتەیان بۆ کراوە.

گەشت و گوزارو سەیران و دەرچوونە دەرەوەی پۆلە داخراوەکان بە نیـازی فـێربوون و شـارەزایی پـەیداکردن، سـەرباری بابەتـەکانی نێـوڵ پۆل و بە پەیوەند بەو بابەتانەوە، هۆیـەکی تایبـەتی فێربوونە کە پشت بە بینین و تێبینی کردنی واقیع دەبەستێت و راستـەوخۆ خوێندکـاران رووبــەڕووی ژینگەکــەیان دەکاتــەوە، لــە لایەکــەوە بیرکردنــەوەیان دەبزوێنـێو لە لایـەکی دیکـەوە چـالاکی خـودی خۆیـان وەك یاسـایەکی فێربوون دەجووڵێنێ.

لەم روانگـە پەروەردەییـەوە ئـەو گەشـت و سـەیرانەی لـە سـەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە (١٩٩٦) تا دواڕۆژەکانی مانگی نیسـان سـەرجەمی خوێندنگاکانی شاری هـەولێر سازیانداو خوێندکارانیـان بـە دەشـت و دەرو چـالاکیی ئازادانـە خۆشـنوود کـرد بـە ڕێڕەوێکـی پـەروەردەیی هەڵدەسەنگێنین و خوازیارین هـەموو سـاڵێك دوو پـات ببێتـەوە، لەگـەڵ باشــبوونی ئیمکانــاتی مــاددی خــەڵك و دەســگا پــەروەردەییو رۆشـنبیرییەکانی هـەرێمدا، کـە وەهـا چاوەڕوان دەکرێـت گەڕانـەوەی ئاشتیو تـەبایی بۆ کوردسـتان بـەدوای خۆیـدا بـهێنێ، خوێندنگاکـان بەرنامەی تێرو تەسەل بۆ سەردان و گەشت و گوزارو سەیران، نـەك هـەر بۆ دەرەوەی شارەکان، بەڵکو بۆ کتێبخانە گشتییەکان و نەخۆشـخانەکان و کارگــەو وەرشــە پیشەســازییەکان و مەڵبــەندە زانســتیو ئــەدەبیو هونەرییـەکان و کێڵگـەو باخچـەو نەمامگـەکان و ڤیسـتیڤاڵە زانسـتیو رۆشنبیرییەکان لـە نێـو شـارەکاندا دابڕێـژن و وەك بەشـێکی بەرنامـەی

فـێربوون جێبـەجێی بكـەن، بەمـەش جگـە لـەوەی ئاسـتی خوێنـدن هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە دەنێت، ئاوو هەوایەكی پڕ لە خۆشیو شادی دێنێتە كایەوەو ئاڕاستەكردنێكی پـەروەردەیی كـراوەو ئـازادو، چالاكیو بەگەڕخستنی وزەو توانایيـە بـێ سـنوورەكانی خوێندكـاران دەبزوێنرێت.

## پێویستە خوێندكاران خۆشی لە كاتەكانی پشوودان وەربگرن

پەروەردەی نوێ جەخت لەسەر ئامادەكردنی گشت تواناییـەكانی كۆمـەڵ بـۆ پێگـەیاندنی جگەرگۆشـەكان دەكـات. سـنووری چـالاكیو فێربوون لە چواردیواری خوێندنگاكان فراوانتر دەبینێ. بەم پێیە دەبێت خوێندكاران نـەك هـەر لە خوێندنگـادا بەڵكو لە دەرەوەی ئـەم دامـەزراوە كۆمەڵایەتییەشدا خۆشی وەربگرن و كەسایەتییان لـە هـەموو روويەكـەوە گەشە بكات.

پەروەردەی نوێ وانەكانی قوتابخانەو وانەكانی كۆمەڵ پێكەوە، بۆ ئامادەكردنی خوێندكاران بۆ ژیانی داهاتوو، گـرێ دەدات و رێگرتـن لـە گەشەكردنی ئاساییان رەتدەكاتەوە.

خوێندكاران دوای هەر ماوەیەكی خوێندن پێویستییان بە پشوودان هەیە تـا وزەی بـەردەوامبوون و چالاكییـان بـۆ بگەڕێتـەوە. ئەو كاتانـەی بـۆ پشـوودانیان تـەرخان دەكرێـت، دەبێـت خۆشەويسـتی خوێنـدن و سـەرگەرمییان بۆ فێربوونێكی چاكتر گەشە پێبدات، لەبەرئـەوە هـەندێ كاری ناپەروەردەیی كە نەشارەزایانەو لەسەر رێبازی پەروەردەی كۆن بە

سەریاندا دەسەپێندرێت، کۆسپ لە رێی بەدیهێنانی ئەو پرنسیپەدا دادەنێت و لەگەڵ چەمکە نوێیەکانی پەروەردەی هاوچەرخدا نایەتەوە.

ئەم کارە نا پەروەردەییانە، کە رەنگدانەوەی مانەوەی چەمکە کۆنەکانی بواری پەروەردەیە، خۆی لەو ئەرکانەدا دەنوێنێ کە هەندێ مامۆستا بەر لە دەست پێکردنی پشووی خوێندنگاکان بەسەر خوێندکارانیدا دەدەن. لە جیاتی ئەوەی مشووری بەسەر بردنی پشوودان بەبەرنامەی رۆشنبیری و هونەری‌و تەرفیهی سوودبەخش بخۆن، کەچی باری شانی خوێندکاران قورس دەکەن و کاتەکانی پشوودانیان لێ تاڵ دەکەن. هەندێك مامۆستا ئەرکی نووسینی راپۆرت دەربارەی ئەو بابەتانەی دەیڵێنەوە بەسەر خوێندکاراندا دەدەن یان دوای پشوودانێکی چەند رۆژی سەبارەت بە بۆنەیەك یان جەژنێك یەکسەر ئەزموونێکیان لە رۆژی دوای پشوودانەکە بۆ دادەنێن یان داوای کۆکردنەوەی زانیاری و کارێکی عەمەلییان لێدەکەن کە تەواوی ئەو کاتەی بۆ پشوودانیان دانراوە پێوەی خەریك بن.

خوێندکاران لە نێوان ویست و ئارەزووی پشوودان و خۆسازدانەوە بۆ خوێندن و ئەو ئەرکەی مامۆستا پێی سپاردوون رادەمێنن و بە دڵەڕاوکێ کاتەکە دەگوزەرێنن، لە بری ئەوەی بە خۆشییەوە جارێکی دیکە بێنەوە خوێندنگا، بە گیانێکی ماندوو و بێزارییەوە روو لە دەوام دەکەنەوە، بەمەش نەك هەر خوێندن و خوێندنگاو بابەتەکان و مامۆستایانیان لەلا خۆشەویست ناکرێت بەڵکو بەربەستێکی دەروونییان، بۆ بەگەڕخستنی تەواوی ئامادەیی و تواناییەکانیان، لەلا دروست دەکرێت کە لە مەودایەکی درێژ ماوەتردا جێ‌پەنجەی بەسەر ئاستی کرداری پەروەردەو فێرکردنەوە، بە شێوەیەکی سەلبی، بە جێدەهێڵێ.

ئیمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە مامۆستایان و بەڕێوەبەران و

سەرپەرشتیارانی بواری پەروەردەو فێرکردن شێوازە کۆنەکان وازلێبهێنن و روو لە پرنسیپە نوێیەکانی پێگەیاندنی خوێندکاران بکەن و روانگەی زانستیو پەروەردەیی لە کاروکردارەکانیاندا رەنگبداتەوە، پێویستە بە تەنگ ئەو سامانە بەشەرییەوە بێن کە ئەرکی پەرەپێدانی لە ئەستۆی سیستەمی پەروەردەدا دانراوە؛ یەکێك لەو پرنسیپانەش سازدانی ئاوو هەوایەکی پەروەردەییە تا خوێندکاران لە سایەیدا خۆشی لە هەموو کاتەکانیان ببینن و وزەی داهێنەرانەیان گەشە بکات و چێژ لە خوێندن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی وەربگرن.

## خوێندکاران و
## پشووی نیوەی ساڵ

لەگەڵ دەست پێکردنی پشووی نیوەی ساڵدا خوێندکارانی هەموو قۆناخەکانی خوێندن خوێندنگاکانیان بە جێدەهێڵن و بێ بەرنامە رۆژەکانی ئەم پشووە بەسەر دەبەن. بەشێکیان روو لە کارکردن دەکەن تا کەمێك بە فریای باری دژواری خێزانەکانیان بکەون و ئەرکی ململانێ بەرامبەر گرانیو نەبوونیو برسێتی هەڵگرن. ئەوانی دیکەیان لە کونجی ژوورەوە بە خەوتن و کاری بێ بەهاوە کاتەکە دەگوزەرێنن، یان لە نێو کۆڵان و شەقامەکاندا ئەو ماوەیە بە فیڕۆ دەدەن، ئەم واقیعە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی دەسگا پەروەردەییەکان بە تەنگیەوە بێن وبیر لە بەدیلێك بکەنەوە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی دووچاری کێشەی

گرانیو برسێتی نەبوون و باروودۆخێکی ئاساییو سەقامگیر هەیە، پرنسیپی ( پەروەردەی بەردەوام) بۆ خوێندکاران، ئاڕاستەیەکی پەروەردەییەو کۆمەڵ بە گشتیو سیستەمی پەروەردە بە تایبەتی مشووری دەخۆن و بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی دادەنێن. بە پێی ئەم پرنسیپە کۆمەڵ و دەسگا پەروەردەییەکان خۆیان لە بەرامبەر چۆنیەتی بەسەربردنی ماوەی پشووی خوێندنگاکاندا بەبەرپرس دەزانن، بۆیە ڕێوشوێنی سوود وەرگرتنی خوێندکاران دادەنێن و، بەم ڕێگەیە، بەردەوامبوونی کاری پەروەردەیی خوێندنگا لە دەرەوەو لە کاتی داخستنی خوێندنگاکاندا زامن دەکەن، بەمەش خوێندکاران بۆ هیچ ماوەیەك لە کاریگەرێتی پەروەردەو فێرکردن دانابڕێن.

ڕەنگە بۆ ئەم باروودۆخەی ئیمڕۆی کوردستان ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی وەها بە شێوەیەکی هەمە لایەنە لە توانای دەسگا پەروەردەییەکاندا نەبێت و زۆر هۆ ڕێگری بەرنامەڕێژکردنی بن، بەڵام لانی کەم دەکرێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم ئاڕاستە پەروەردەییە جێی خۆی بگرێت و چەندین لایەن بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری پەروەردە بکەن.

دەکرێت بەشێك لە شانۆگەرییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە نیوەی دووەمی یەکەم مانگی ساڵدا نمایش دەکرێن، بۆ کاتی پشووی نیوەی ساڵ دوا بخرێن و خوێندکاران بە پارەیەکی ڕەمزی بتوانن ببیبنن.

دەکرێت هونەرمەندانی شێوەکار بەشێکی پێشانگاکانی خۆیان لە پشووی نیوەی ساڵدا بکەنەوە.

دەکرێت هەندێ کۆڕو کۆبوونەوەو ڤیستڤاڵ و چالاکیی ڕۆشنبیری بۆ کاتی پشووی خوێندنگاکان ساز بدرێن.

دەکرێت یانەکانی وەرزش کێبەرکێی تیپەکان و بەشێکی چالاکییە جۆراو جۆرەکانیان بۆ کاتی پشووی نیوەی ساڵ هەڵگرن.

دەکرێت کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کۆمەڵێك فلیمی هەمە چەشنەی پەروەردەیی‌و رۆشنبیری‌و بەرنامەی زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و...هتد بۆ کاتی پشوو ئامادەبکەن و رۆژانە بەشێکی لێبدەن.

دەکرێت تیپەکانی مۆسیقاو گۆرانی یەکێك لە ئاهەنگەکانیان لە پشووی نیوەی ساڵدا بگێڕن.

دەکرێت و... دەکرێت و...هتد.

بۆ ئەوەی خوێندکاران بە شێوەیەکی باش سوود لەم چالاکییانە وەربگرن، پێویستە، بە هاوکاری دەسگا پەروەردەییە بەرپرسەکان، بەرنامەڕێژبکرێن و، لە رێی رۆژنامەو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکانەوە رابگەیێندرێن و هانی کەسوکاری خوێندکارانیش بدەن تا منداڵەکانیان بۆ سوود وەرگرتن و فێربوونی بەردەوام ئاڕاستە بکەن.

## بەرنامەی کاری خوێندنگاکان
## بۆ دوای پشووی نیوەی ساڵ

هەموو ساڵێك دوای بەسەر بردنی پشووی نیوەی ساڵ خوێندنگاکان ڕەوتی ئاسایی خوێندن دەست پێدەکەنەوەو لەسەر هەمان دەقی پێش نیوەی ساڵ کارەکانیان ئەنجام دەدەن، تەنانەت ئەگەر دوو هەفتەی کۆتایی ساڵی لێ دەربچێ کەبە خۆ ئامادەکردنەوە بۆ ئەزموونەکان سەرقاڵ دەبن، هیچ جیاوازییەك لە نێوان بەرنامەی کاری نیوەی یەکەم و دووەمی ساڵ بە دی‌ناکرێت. ئەمە بۆ خۆی مایەی سەرنج لێدانەو، دەکرێت بە شێوەیەکی دیکە، مامەڵە لەتەك بەرنامەی کاری خوێندنگاکاندا بۆ دوای پشووی نیوەی ساڵ بکرێت.

لە ڕووی کاتەوە، ئەو ماوەیەی لە ساڵی خوێندن دەمێنێتەوە ماوەیەکی کورتەو لە باشترین بارودۆخدا لە دوو مانگ تێپەڕ ناکات، چونکە نزیکەی مانگێکی نێوان شوبات و ئایاری هەموو ساڵێك، واتە لە دەوامکردنەوەوە تا ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، بە ئاهەنگی جەژن و بۆنە سیاسییەکان و نمایشی ساڵانەی وەرزش و پێشانگاو سەیران و...هتد دەڕوات. بۆیە چڕکردنەوەی چالاکیی خوێندن یەکەم ئەرکی خوێندنگاکانەو دەبێت لەلایەن بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە مشووری بخورێت. پێویستە لە یەکەم ڕۆژەکانی دەوامکردنەوەدا لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرەکاندا لە پلانی ساڵانەی مامۆستاکان بکۆڵرێتەوە تا پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر مامۆستایەك لە گوتنەوەی وانەکەیدا

بزانرێت و بەو پێیە ئاراستە بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ تەواو بوونی ساڵی خوێندندا ئەو بەرنامەو کتێبەی لەبەر دەستیدایە تەواوی بکات.

مەسەلەی تەواوکردنی بەرنامەکانی خوێندن لە هەموو پۆلەکان و لە گشت قۆناخەکاندا، یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی مامۆستایان و خوێندنگاکان و قابیلی فەرامۆش کردن نییە.

تەواو نەکردنی کتێبەکان- بە بیانووی جیاجیا- بە تایبەتی لەو پۆلانەدا کە ئەزموونی گشتی (بەکالۆریا) یان نییە، یەکێکە لەو دیاردانەی پتر لە دە ساڵێك دەبێت سەری هەڵداوە. زۆربەی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکان هەوڵو کۆششیان ئاراستەی دوا پۆلی قۆناغەکان دەکەن و پۆلەکانی دیکە پشتگوێ دەخەن سەبارەت بەوەی ئەوانەیان لێپرسینەوەی هەیەو سەرنەکەوتن تێیاندا بەبەرچاوەوەیە و ئەمانەشیان لێپرسینەوەی نییەو موتابەعە ناکرێن.

بەرنامەیّ کاری خوێندنگاکان، جگە لەم خاڵە، لە لایەنەکانی دیکەشدا پێویستیی بە رێکخستن هەیە، خوێندنگای سەرکەوتوو و بەڕێوەبەری کارامەو سەرپەرشتیاری لێزان ئەوانەن بەرنامەڕێژیی هەموو چالاکییەکانی نێو پۆل و دەرەوەی پۆل، نێو خوێندنگاو دەرەوەی خوێندنگا، بۆ ئەو چەند مانگەی لە ساڵی خوێندندا ماوە، دەکەن؛ تا رەنجی ساڵێکی خوێندکاران و مامۆستایان و باوکان و دایکان و تەواوی دەسگای پەروەردەو فێرکردن بێ هوودە نەبێت و هەریەکە لە ئاستی خۆیەوە بەرهەمێکی هەبێت.

پەروەردەی نوێ، جگە لەوەی جەخت لەسەر پلانی گشتیو بەرنامەی کاری ساڵانەی خوێندنگاکان دەکات، هەر بە هەمان جەخت و سووربوونەوە، بە تەنگ سات بەساتی بەرەو پێشەوە چوونی کرداری

پـەروەردەو فێرکردنەوەیـەو خوازیـاری نەخشەکێشـان و ڕەنگڕشــتنی هەنگاوەکانــە، چــەند ئــەو هەنگاوانــە کــورت بــن و (تفــاصیل)ەکــانی وردو شـاردراوە بــن، بەتایبــەتی بــۆ بەشــی دووەمــی ســاڵی خوێنــدن کــە کۆتاییەکــەی بــە هەڵســەنگاندنی ســەرجەمی چالاکییــەکانی ئــەو ســاڵە دێــت و زەمینــەی ســاڵێکی نوێــی خوێنــدن بــە ســەرکەوتوویی خۆش دەکات.

# بەشی چوارەم

# پەروەردەی نوێو
# سێ تەوەرەی سیمینارێکی پەروەردەیی

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٢/١١/١٩٩٥سیمینارێکی پەروەردەیی بۆ باس و لێکۆڵینەوەی سێ تەوەرەی پەروەردەیی ساز کرا، پێشتریش لە ٢٨/١٠/١٩٩٥کۆڕێکی تەلەفزیۆنی بۆ هەمان مەبەست بەستراو لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێرەوە پەخش کرا. تەوەرەکان بریتی بوون لە:

١-گەڕانەوەی ئەزموونی گشتی ( بەکالۆریا) بۆ قۆناغی شەشەمی سەرەتایی بە شێوەیەکی نوێ.

٢- بەر ئەزموون کەوتنی وانەی کوردی لە پۆلی شەشەمی ئامادەییدا.

٣- کێشەی ساڵی نەکەوتن.

ئەگەر چی هێشتا هیچ یەکێك لەم تەوەرانە دوا بڕیاریان لەسەر وەرنەگیراوەو تا ئێستاش مایەی قسەو باس و مشتومڕی مامۆستایان و خوێندکاران و پسپۆڕان و ناوەندە پەروەردەییەکانن، بەڵام دەهێنێت زیاتر لێی بکۆڵرێتەوەو بەر تیشکی چەمکە پەروەردەییە نوێیەکان بدرێن و دەرگا بە رووی دیدو بۆچوونی جیاواز لە بارەیانەوە دانەخرێت، تا بڕیارەکان زانستی بن و کێشەکان لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکەن و پەشیمانییان لە دواوە نەبێت.

سەرەتاو بەر لەوەی یەکەیەکە لە تەوەرەکان بدوێین پێویستە چەند پرنسیپێکی زانستی هەیە جێگیریان بکەین لەوانە:

أ) سیستەمی پەروەردە یەکەیەکی تەواوو زنجیرەیەکی تێهەڵکێشەو لایەنەکانی بە توندی پێکەوە گرێدراون؛ چ هەرەسهێنان و چ گەشەکردنی سەرتاپاگیر دەبێت. ئەمە تایبەتمەندییەکی کرداری پەروەردەو فێرکردنە، لەبەرئەوە لایەنەکانی لە یەکتری دانابڕێن و ناکرێت دەستکاری بەشێکی

بەجیا لە گشت سیستەمەکە بکرێت، بۆیە هەڵبژاردنی توخمێکی ماددی یان بەشەریی پەروەردە بە جیا لە توخمەکانی دیکە هەڵەیەکی سیستەماتیکەو لە درێژ ماوەدا بێ سەرئەنجام و سوودی پەروەردەیی دەبێت.

ب) بڕیاردان لە هەر بوارێکی پەروەردەدا، بە تایبەتی بۆ ئەو بوارانەی چارەنووسسازن، پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە کە بە پێی بەرنامەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی لە لایەن کەسانی پسپۆڕ لە توێژینەوەی زانستیدا بکرێن تا بەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە ڕێنمایی بڕیارە پەروەردەییەکان بکەن.

ج) تایبەتمەندییەکی جیهانی ئیمڕۆ بریتییە لەو ئاڵوگۆڕە زانستیو ڕۆشنبیرییە فراوانەی کە زانست و تەکنۆلۆژیا ئامرازەکانی بۆ ڕەخساندووین. لەبەرئەوە دەکرێت ئەوپەڕی سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرین و لە چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی توانامان بەسەریاندا ناشکێت، پەنا بۆ مەنهەجی بیرکردنەوەو شێوازی زانستییانەی کاری ئەزموونیدیدەکان بەرین.

د) ئەم بڕیارە چارەنووسسازانە پەیوەندییان بە خوێندکاران و کەسوکاری خوێندکاران و دواڕۆژی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و هەموو کۆمەڵەوە هەیە، لەبەرئەوە دەبێت چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێش بڕیاردان لە ڕێی دەسگاکانی ڕاگەیاندنەوە گفتوگۆکردن لە سەریان گشتی بکرێتەوەو ڕای گشتی دیدو بۆچوونی خۆی لەسەریان دەرببڕێت.

لەبەر تیشکی ئەم پرنسیپانەداو، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی واقیعی ئیمڕۆی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستانداو، تەنها بە مەبەستی هاوبەشیکردنێکی ئیجابی لەو مونازەرە پەروەردەییەی لە کۆڕو سیمینارەکەدا بەرپا کرا، کۆمەڵێك سەرنج و پێشنیاز دەخەینە ڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

### ئەزموونی گشتی (بەکالۆریا)ی کۆتایی قۆناخی سەرەتایی

پێشینەی کێشەی دەرچووانی قۆناخی سەرەتایی بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەو کاتە، واتە لە سەرەتای حەفتاکاندا، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی رووکاری پەروەردەو فێرکردنی لە عێراقدا ئاراستە دەکرد، بە تایبەتی دوای خۆماڵی کردنی نەوت لە حوزەیرانی ١٩٧٢دا، هورووژمێکی گەورە لە کۆمەڵەوە بەرەو خوێندنگاکان دەستی پێکردبوو. ژمارەی خوێندکاران لە قۆناخی سەرەتاییدا ساڵ بەساڵ لە زیاد بوون بوو، بە شێوەیەك ئیتر سیستەمی خوێندن و دینامیزمی کارە ئیداری و هونەرییەکان پێویستییان بە شێوازێکی جیاواز لە شێوازەکانی پێشوو هەبوو. لە سەرێکی دیکەوە رژێم دەمی لە پلاندانانی پێنج ساڵەو گەشەکردنێکیئابووریی مەزن دەدا، کە عێراق لە ساڵی ١٩٨٠دا بە ریزی وڵاتە پیشەسازییە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان بگەیەنێت؛ جگە لەوەش بانگەشەی نوێخوازی و سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی دەکردو لەرێی لاسایی کردنەوەو هەندێك هەنگاوی بێ لێکۆڵینەوەو سەر پێیی‌و داسەپاوەوە، دەیویست ئەو بانگەشەیەی بسەلمێنێت. یەکێك لەو کردارانەشی هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونی گشتی (بەکالۆریا)ی کۆتایی قۆناخی سەرەتایی بوو.

رژێم لە ساڵی خوێندنی ٩٧٧/٩٧٦وە ئەو ئەزموونەی هەڵوەشاندەوەو ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەڵسەنگاندن و ئەزموونەکان)ی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی بەبەیاننامەیەك لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٦دا ئەم بڕیارەی کە (( ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش))دابووی، راگەیاند.

بڕیارەکــە پشــتی بــە بڕیــارێکی پێشــووی ( کۆنگــرەی چوارەمــی بەڕێوەبەرانی پەروەردە لە عێراقدا)و راسپاردەیەکی ( رێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردەو رۆشنبیری و زانست) بەستبوو.

بەیاننامەکــەی وەزارەتیــش کۆمــەڵێك بیــانووی بــۆ ئــەم کــارە هێنابووەوە، کە لە رووی تیۆریی پەروەردەی نوێوە خەوشی تێدا نەبوو.

ئەم بڕیارە- لە واقیعدا- خواست و مەبەستەکانی رژێمی بۆ ئەو کاتە بەدیدەهێنا بەوەی:

١- دەسگای پەروەردەی لە گێرمەو کێشەی ئەزموونی گشتی بۆ ئەو ژمارە روو لە سەرەوەیەی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرباز دەکردو بەشێوەیەکی ئاساییو، بەبێ بەفیڕۆدانی هەوڵو کۆشش و کات و پارە، هەزاران خوێندکاری بە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەگەیاند.

٢- لەو هەزاران خوێندکارەی دەچوونە قۆناخی ناوەندی رێژەیەکی بەرچاویان لەبەر نزمی ئاستی خوێندنیان دەرنەدەچوون و خوێندنگایان بە جێدەهێشت و بەبازاری کارەوە پەیوەست دەبوون؛ ئەمەش بۆخۆی لە قازانجی پڕۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت بوو، کە لەم رێیەوە هێزی کاری کارامەی پێویستیان بۆ دابین دەبوو. ئەو رێژەیەش کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەردەچوون بەسەر چەندین کەناڵی خوێندندا، بۆ پێگەیاندنی کادیری مام ناوەندی، دابەش دەبوون و کەمایەتییەك بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆ دەمانەوە کە بە ئاسانی جێگەیان لە پڕۆژە ئابوورییەکاندا دەبووەوە.

٣- لە مێژە رووکاری پەروەردەی نوێ بەرەو هەڵوەشاندنەوەو نەهێشتنی ئەزموونەکانی خوێندنگای سەرەتایی دەچێت، نەبوونی تاقیکردنەوە لە قۆناخی سەرەتاییدا پرنسیپێکی پەروەردەییەو لە پەروەردەی نوێدا لە لایەن زانایانی پەروەردەو

فێرکردنەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت؛ لەبەرئەوە رژێمیش دەیویست بە پێڕەوی کردنی ئەم بڕیارە ئەوە نیشانی جیهانی پێشکەوتوو بدات کە عێراقیش لە بواری پەروەردەدا هەموو شتێکی تەواوەو دەتوانێت شان بەشانی ئەم مەیلە پەروەردەییە نوێیە بڕوات، لە راستیشدا توانی بەمە هەندێك رێکخراوی جیهانی و عەرەبی فریو بدات و رایەکی گشتیی ئیجابی بەرامبەر سیستەمە پەروەردەییەکەی دروست بکات.

ئەو ئەزموونە، واتە ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی، چەند ساڵێك دەوامی کردو سەرئەنجام بە هۆی جەنگی عێراق- ئێران و پەککەوتنی پرۆژە ئابوورییەکان و کەموکورتی خودی ئەزموونەکەش، فەشەلی کردو لە ساڵی خوێندنی ٩٨٢/٩٨١ بە دواوە بەشێوەیەکی جیاواز ئەزموونی گشتی (بەکالۆریا)یان بۆ کۆتایی قۆناخی سەرەتایی گەڕاندەوە. ئەو گۆڕانکارییانەی لە شێوەی ئەزموونەکەدا کردیان بریتی بوون لە:

أ) ئەزموونەکانیان لە ئاستی عێراقەوە بۆ ئاستی پارێزگاکان گواستەوە.

ب) نمرەی خوێندکارانیان بە رێژەی (٥٠٪) لە نێوان تێکڕایی کۆششی ساڵانەو ئەزموونی گشتیدا دابەش کرد.

گەڕانەوەی ئەزموونەکان بەم شێوەیە کەموکووڕی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و چەند کێشەیەکی لێکەوتەوە وەکو: نزمی ئاستی خوێندکارانی دەرچووی سەرەتاییو کارتێکردنی ئەوە لەسەر ئاستی خوێندن لە قۆناخی ناوەندیدا؛ هەروەها نمرەپێدانی خۆڕایی بە خوێندکاران تا تێکڕایی کۆششی ساڵانەیان بە رادەیەك بێت کەمیی نمرەی ئەزموونە گشتییەکە کاری تێنەکات و خوێندکاران بە مسۆگەری دەربچن. ئەمە جگە

لە گیروگرفتی نمرەکانی (٤٥-٤٩) کە بە گیروگرفتی (الدرجات الحرجة) دەناسرێت و لە ئەنجامی تێکڕایی نمرەی خوێندنگاو نمرەی ئەزموونی گشتییەوە سەرهەڵدەدات؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەی خوێندکاران هەر لە زیادبوونەو هەموو کێشەکانی ئەزموونی گشتی هەر لە دیاریکردنی هۆڵەکانیتاقیکردنەوەوە تا دانانی بەڕێوەبەرو چاودێرەکانی ناوەندەکانی تاقیکردنەوەو دینامیزمی پرۆسەی ئەزموونەکان، ئەگەر پەرەی نەسەندبێ کەمی نەکردۆتەوە.

ئەم سەرئەنجامە سەلبیانەی گەڕاندنەوەی ئەزموونی گشتی بەم شێوەیە لەو کاتەوە تا ئیمڕۆش بەردەوامە، ئەگەر چی لە ساڵی ١٩٧٨وە تا دوای راپەڕینیش ساڵانە لە کۆنگرە پەروەردەییە محەلییەکان و گشتییەکاندا قسەوباسی لەسەر کراوە، بەڵام بەبێ چارەسەرکردن ماوەتەوەو یەکێك لە کێشەکانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا پێکدەهێنێت.

چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت؟ ئەمە پرسیارێکە روو بەڕووی بەر پرسان و کەسانی پەروەردەیی دەبێتەوە. بۆ وەڵام پێدانەوەشی دەبێت چەند بەدیلێك دیراسە بکرێت وەك لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم:

١- گەڕاندنەوەی شێوە کۆنەکەی ئەزموونی گشتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان یان لەسەر ئاستی قەزاکان ونمرەی ئەزموونی گشتی پێوانەی ئاستی خوێندکار بێت و لەسەر ئەو بنچینەیە دەرچوون و دەرنەچوونی دیاری بکرێت.

٢- ئەزموونەکان هەر وەکوو ئێستا بمێننەوە بەڵام هەندێك مەرجیان بۆ دابنرێت وەك ئەوەی دەرچوون لە ئەزموونی گشتیداو هێنانی نمرەی دەرچوون لە تێکڕایی هەردوو نمرەکەدا بکرێتە بنچینەی دەرچوون بۆ قۆناخی ناوەندی؛ بۆ رێگرتنیش لەو مامۆستایانەی بە ناهەق نمرەی بەرز

بۆ تێکڕایی کۆششی ساڵانەی خوێندکاران دادەنێن، دەتوانرێت پێوانەیەکی وەك (معامل الارتباط) یان هەر پێوانەیەکی گونجاوی دیکەی زانستی ئامار بەکاربهێنرێت بۆ بەراوردکردن لە نێوان نمرەکانی خوێندنگاو نمرەی ئەزموونی گشتیداو دەرهێنانی پەیوەندییان، تا بەو پێیە مامۆستایان هەڵبسەنگێندرێن و پاداشت و سزایان پێبدرێت.

٣- لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا قۆناخی سەرەتایی‌و ناوەندی یەك قۆناخە. ئەوە شێوازێکی ڕێکخستنی سیستەمی قۆناخەکانی خوێندنەو دەکرێت لە کوردستاندا تاقیبکرێتەوەو ئەگەر سەرکەوتوو بوو پەیڕەوبکرێت. لەم شێوە ڕێکخستنەدا ئیتر گواستنەوە لە پۆلی شەشەمەوە بۆ پۆلی حەوتەم ( یەکەمی ناوەندی) ئاسایی دەبێت و لە ژێر سایەی هەمان ئیدارەو هەمان دەستەی مامۆستایانی خوێندنگاکەدا دەبێت و هەمان سیستەمی پەیڕەو کراو بۆ ئەزموونی پۆلەکانی دیکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

جگە لەم شێوەیەی سەرەوەش دەتوانرێت شێوەیەکی دیکە بۆ ڕێکخستنی قۆناخەکان پەیڕەو بکرێت. لەم پەیکەرەی ڕێکخستنی قۆناخەکاندا چوار پۆلی یەکەمی قۆناخی سەرەتایی وەك قۆناخێك جیا دەکرێنەوەو پۆلی پێنجەم و شەشەم بە خوێندنگا ناوەندییەکانەوە دەلکێندرێن.

٤- هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئەزموونەکانی خوێندنگا لە قۆناخی سەرەتاییدا هەر لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی شەشەم بەبێ هیچ بەربەستێك، لە بەرامبەر ئەوەشدا دەبێت سەرتاپای سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بە هەموو توخمە ماددی‌و بەشەرییەکانییەوە بەر پەرەپێدان و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بکەون تا بتوانن ئەو سیستەمە نوێیە جێبەجێ بکەن.

لە نێوان ئەم چوار بەدیلەدا دوورکەوتنەوەو نزیکبوونەوە لە پرنسیپە پەروەردەییە نوێیەکان بە دیدەکرێت، کە بەدیلی یەکەم دوورترین و بەدیلی چوارەم نزیکترین و پەروەردەیی ترینیانە وەك لە درێژەی ئەم باسەدا روونی دەکەینەوە.

## شیکردنەوەی بەدیلەکان

خواستەکانی مرۆڤ ئێجگار زۆرن کۆتایی نایەن. ئەم خواستانە نهێنی ئەو تێکۆشانە بێوچانەی مرۆڤ و پێشکەوتنە بێپسانەوەکەی نیشان دەدەن.

مرۆڤ لە کایەی بەرهەمهێنان و ئەزموونی زانستیو ململانێی کۆمەڵایەتیدا قۆناخ خواست و خەون و ئامانجەکانی بەدیهێناوەو بەرەو دواڕۆژیش ئەم رەوتەی بەردەوامە. نوێکردنەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی حەقیقەتی زانستیانەی نوێو گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی چ بە رێگای ریفۆرم بێت یان بە شۆڕش، سیمای بوونی مرۆڤ و پەیوەندی بەم جیهانەوە بووە. ئەم پەیوەندییەش هەموو کایەیەکی ژیانی گرتۆتەوە، جا ئەو لایەنە چەندیش لە ژیانی کۆمەڵدا بچووك و شاردراوە بووبێت، ئەو نوێکردنەوانەش لە رێی بەدیلی گونجاوو واقیعییەوە روویانداوە، هەلومەرجی لە باریان بۆ رەخساوەو زەمینەیان بۆ خۆشکراوە. دیارە پەروەردەو فێرکردنیش چ لە قۆناخی سەرەتایی خۆیدا یان لە دوای ئەوەی کۆمەڵ رێکیخستووە هەمان ئەو رێڕەوەی نوێبوونەوەی گرتووە، لەبەرئەوە نوێبوونەوەش هەمیشە بەگەشەکردنی

هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی زانست و ریفۆرم و شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە، بەدیلی پەروەردەیی گونجاو هەمیشە بە بارودۆخی واقیعەوە پەیوەست بووەو ئاسۆی گەشەکردن و بەدیهێنانی خواست و ئامانجە بێکۆتاییەکانی فراوانتر کردۆتەوە، بۆیە، هەر لە پێگەی ئەم راستییانەوە بەدیلەکانی شێوەی ئەزموونی گشتی قۆناخی سەرەتایی شیدەکەینەوە، تا بەدیلی گونجاوو واقیعیو لە هەمان کاتدا پەروەردەیی بۆ بڕیارلێدانی دەستنیشان بکەین.

بەدیلە پێشنیاز کراوەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان دوورو ستراتیژیو، بەشێکیان نزیك و هەنووکەیین، مەبەست لە بەدیلە ستراتیژییەکان ئەو چارەسەرکردنانەیە کە بەم تواناوکەرەسەو واقیعەی ئێستاوە ناکرێن و بڕیاردانیان سیستەمی پەروەردەو فێرکردن دەشڵەژێنێت، چونکە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەم لایەنانەدا دەوێت:

١- تەشریعە پەروەردەییەکان.

٢- بەرنامەکانی خوێندن.

٣- شێوازی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی.

٤- رێگاکانی وانە گوتنەوەو هۆیەکانی فێرکردن.

٥- پێگەیاندنی مامۆستایان و شێوازەکانی مەشقکردن( راهێنان)ی پەروەردەیی.

٦- پەیوەندی ماڵو خوێندنگا.

٧- ئیدارەو سەرپەرشتیی پەروەردەیی.

٨- بینای خوێندنگاو....هتد.

بۆ نموونە ئەگەر سیستەمی ئەزموونەکان لە تەواوی قۆناخی سەرەتاییدا هەڵبوەشێتەوە، وەك لە چوارەم بەدیلدا دیاریکراوە، دەبێت

بارێکی سیاسی دامەزراوو دەسەڵاتێکی تەشریعی ڕێزلێگیراوو دەسگایەکی جێبەجێکردنی دڵسۆزیش بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تەشریعە پەروەردەییە نوێیەکان هەبن. دەبێت بەرنامەکانی خوێندن و کتێبەکان و ڕێگاکانی وانە گوتنەوەو هۆیەکانی فێرکردن بە شێوەیەك گۆڕانکارییان بەسەر بێت کە بە شێوەیەکی تەواوو هەمەگیرو بەرودواو پەیوەست بەیەکەوە ئامانجە پەروەردەییەکان لە ڕووی جەستەیی‌و ژیری‌و ویژدانی‌و کۆمەڵایەتییەوە، لەو ماوەیەی بۆ قۆناخەکە دانراوە، جێبەجێ بکات، ئەمەش لە سەرێکەوە مامۆستایەکی دەوێت لە سیفەتی پیشەیی‌و ئاستە زانستی‌و پەروەردەییەکاندا لەو سیفەت و ئاستەی کە ئێستا هەیە جیاواز بێت؛ دیارە ئەوەش بەبەرنامەیەکی نوێی پێگەیاندن وشێوازی نوێی مەشق پێکردنی مامۆستایان دێتە دی، ئەمە جگە لەوەی گۆڕانکاریی لە شێوازی وانە گوتنەوەو بەرنامەکانی خوێندن و شێوەیەکی نوێی سەرپەرشتی‌و شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن و تەرزێکی نوێی بینای خوێندنگادا دەوێت، کە هەر تەنها دەستکاری‌کردنی بیناکان یان دروست کردنی بینای نوێ دەرامەتێکی گەورەی پێویستەو دەبێت لە دوو هەتا سێ پلانی پێنج ساڵەی یەك لەسەر یەك و فراواندا یەکەمێتی بدرێتێ.

هەڵبەتە ئەمە کارێکی (مستحیل) نییە؛ هەروەها بەدیلی سێیەمیش، واتە لکاندنی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بە ناوەندییەکانەوە یان لکاندنی گشت قۆناخی سەرەتایی بە قۆناخی ناوەندییەوە تا بە هەردووکیان قۆناخی فێربوونی گشتی پێکبهێنن وەك لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووی جیهاندا هەیە. بەڵام ئەم خواست و ئامانجانە لە ئیمڕۆدا بەدینایەن و پێویستە لە بەرنامەی کاری ستراتیژیی پەروەردەییدا دابنرێن و رووکاری هەر چاککردن و گۆڕانکارییەکی پەروەردەیی بەم ئاقارەدا ئاڕاستە بکرێت.

# ئەزموونی گشتی (بەکالۆریا) بەدیلێکی کۆنە

یەکێك لەو بەدیلانەی لە کایەدا هەیە بەدیلێکی زۆر کۆنە ئەویش گەڕاندنەوەی سیستەمی (بەکالۆریا)یە بۆ کۆتایی قۆناخی سەرەتایی بەوەی کە هەر خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە تێکڕایی کۆششی ساڵانەدا دەربچێت یان ئیکمال بێت لە ئەزموونێکی گشتیدا بەشداری بکات بۆ ئەوەی توانای دەرچوونی بۆ قۆناخی ناوەندی بڕیار بدرێت. ئەم بەدیلە ئاسانترین و کورتترین ڕێگای دەست بردنە بۆ کێشەکەو خۆماندووکردن و سەر ئێشەی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستیو مشتومڕی رای گشتی ناوێت. بەڵام ئایا زیندووکردنەوەی ئەم شێوەیە راستەو لۆژیکی پەروەردەیی نوێ قبووڵ دەکات؟

لە راستیدا ئەم شێوازەی ئەزموون لەگەڵ چەمکە پەروەردەییە نوێیەکاندا نایەتەوەو لۆژیکی پەروەردەی نوێ بەرەنگاری دەبێتەوە سەبارەت بەوەی:

١) چەمکی نوێی ئەزموونەکانی خوێندنگا جەخت لەسەرهەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی کەسایەتی خوێندکار دەکات. خوێندکار کەسایەتییەکی یەکگرتووەو، ئامانجەکانی قۆناخەکە گەشەکردنی لە رووی جەستەییو ژیریو ویژدانیوکۆمەڵایەتیو...هتد وە دابین دەکات.

لەبەرئەوە نابێت لایەنێکی کەسایەتی خوێندکار لە لایەنەکانی دیکە دابڕێت. ئەزموونی گشتی ئەم دابڕانە دروست دەکات و بواری هەڵسەنگاندنی ئەم کەسایەتییە یەکگرتووە لە هەموو روویەکەوە نادات بەڵکو تەنها یەك لایەن هەڵدەسەنگێنێ ئەویش لایەنی زانیارییە.

ئەو نمرانەی‌بۆ خوێندکار دادەنرێت ئاستی خوێندن و رادەی ئەو زانیارییانەی توانیویەتی بیانپارێزی‌و بیانخاتە سەر دەفتەری ئەزموونەکان دەردەبڕێت.

لە چەمکی نوێی پەروەردەدا قۆناخی سەرەتایی، بۆ داڕشتنی کەسایەتی منداڵ بایەخێکی تایبەتی هەیە، بۆیە رووکاری پەروەردەی نوێ بەرەو هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی ئەم کەسایەتییە دەچێت.

٢) ئاسانکردنەوەی شێوازی ئەزموونەکان یەکێکە لەو راسپاردانەی زاناکانی پەروەردەو فێرکردن بەردەمی مامۆستایانی دەخەن، بە پێی چەمکە سایکۆلۆژییەکان دەبێت خوێندکار، بە تایبەتی خوێندکاری قۆناخی سەرەتایی، لە کەشێکی دڵنیایی‌و ئارام و دوور لە ترس و لەرزدا هەڵبسەنگێندرێ.

ئەو شێوازانەی بەکار دەهێنرێن دەبێت بەشێک بن لە شێوازەکانی فێرکردنیان و تووشی دڵەڕاوکێ‌و شپرزەیی دەروونییان نەکەن؛ لەبەرئەوە دانانی ئەزموونی گشتی لە کۆتایی قۆناخەکەداو، ئەو هەموو قسەو باسەی لە نێو پۆلەکان و ماڵەکانیشدا لەسەری دەکرێت، هەروەها ئەو هەموو خۆ خەریك کردنەی دەسگاکانی پەروەردە بەم ئەزموونەوە هەر لەوەی هەموو ساڵێك دوای تەواو بوونی ئەزموونی پۆلەکانی‌تر کاتی تایبەتی بۆ ئەزموونە گشتییەکە دادەنرێت تا دەگاتە سەر پێکهێنانی هۆڵی تایبەتی و دانانی چاودێری نەناس بە نیسبەت خوێندکارەوەو...هتد، ئاوو هەوایەکی پڕ ترس دەخولقێنێ، بەم پێیە ئەزموونی گشتی هەر لە سەرەتای ساڵەوە تا کۆتایی ساڵ دەبێتە خەمێکی گەورەو وەك کابووسێك قورسایی خۆی لەسەر هۆش و دەروونی خوێندکارەکان دادەنێت.

٣) بوونی گیانێکی مەعنەوی بەرز لە لای مامۆستایان کارێکی زۆر دەکاتە سەر پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، گیانی مەعنەوی کاردانەوەیەکی ژیری‌و دەروونییەو، بە شێوە ئیجابییەکەی لە ئاستی جێبەجێکردنی هەر کارێکدا پێویستە، لەبەرئەوە باوەڕ نەکردن بەو هەوڵ‌و کۆششەی مامۆستایان لە خوێندنگاکاندا دەیدەن و بێ ئیعتیبار کردنی ئەو نمرانەی کە بە خوێندکارانی دەدەن، واتە بە هیچ سەیرکردنی هەڵسەنگاندنێك کە مامۆستایان ئەنجامی بدەن و بردنە دەرەوەی هەڵسەنگاندنەکە، ئەو گیانە مەعنەوییە لە مامۆستایاندا دەکوژێت و زۆر رەفتارو سەرئەنجامی سەلبی لێدەکەوێتەوە. پەروەردەی نوێ بە تەنگ رەنجی مامۆستایانەوەیەو، ئەگەر کەموکووڕییەك لەم بوارەدا هەبێت، بە رێگای پەروەردەیی چارەسەری دەکات و هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی‌و زانستی‌و مەعنەوی مامۆستاکان دەدات نەك ئەوەی بەشێکی ئیشەکەی خۆیانیان لە کۆتایی قۆناخەکەدا لێوەربگیرێتەوەو دان بە بەرهەمی رەنجیاندا نەنێت.

٤) یەکێك لە پرنسیپە پەروەردەییەکانی هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە ئاستی خوێندکاران لەسەر بنچینەی چەندین ئەزموون بڕیار بدرێت، نابێت بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە تەنها پشت بەیەك ئەزموون ببەسترێت. ئەو ئەنجامانەی خوێندکاران لەیەك ئەزمووندا بە دەستی دەهێنن بەر گەلێك هۆکارو ( متغیرات)ی جیاجیا دەکەون و بە تەواوەتی ئاستی راستەقینەیان دەرنابڕێت، بۆیە پەروەردەی نوێ ئەم شێوازە یەکلایەنییەی ئەزموون رەتدەکاتەوە.

٥) بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەزموونەکان راست بێت و هەر خوێندکارە هەقی خۆی بدرێتێ پێویستە پرسیارەکان بە شێوەیەکی زانستییانە دابنرێت،

زەبت و رەبتی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە باش رابگیرێت، پێوتنەوە لەلای مامۆستایان وەك دەرچوون لە ئەخلاقیاتی پیشەی مامۆستایەتی بناسرێت و ببێزرێت، (تصحیح)کردنی دەفتەرەکان بە دەستپاکیو لەسەر خۆو بە شێوە زانستییەکەی بکرێت؛ لەبەرئەوە تا ئەمانە مسۆگەر نەکرێن ئەنجامی ئەزموونە گشتییەکە هیچ ئاکامێکی پەروەردەیی بە دەستەوە نادات.

جگە لەم بەڵگە پەروەردەییانە هەندێ هۆی تریش هەن کە پەیوەندییان بە دینامیزمی پرۆسەی ئەزموونەکەوە هەیە چ لە رووی ماندوو بوونی هەزاران مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارو بەرپرسانی تری پەروەردە، بێ ئەوەی مەردودێکی پەروەردەیی پڕ بایەخی هەبێت؛ چ لە رووی خەرجکردنی پارەیەکی زۆرەوە بۆ ئەم مەبەستە کە چاکتر وەهایە ئەو پارەیە لە بوارێکی تردا خەرج بکرێت و کەلێنێکی پێبگیرێت، ئەمە جگە لەوەی کە شەهادەی ئەو قۆناخەی خوێندن کە بەر لە چل هەتا پەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەکاندا بەکاردەهێنراو ئیعتیباری خۆی هەبوو، ئیمڕۆ سەبارەت بە پێشکەوتنی خوێندەواریو زۆر بوونی خاوەن شەهادەی بالاتر لەسەر ئاستی کۆمەڵدا، ئیتر هیچ ئیعتیبارێکی بۆ ئەم مەبەستە نەماوە.

لە کۆتایی شیکردنەوەی بەدیلەکاندا ئاماژە بۆ دووەم بەدیل دەکەم کە لە سەرەتای شیکردنەوەی ئەم تەوەرەیەدا پێشنیازم کردو ئەگەر بەراوردی بکەین بە بەدیلەکانی تر دەبینین- لە رووی پەروەردەییەوە بۆ ئێستا- لە هەموویان لەبارترەو دەکرێت بە شێوەیەکی جیددی وەربگیرێت و بۆ دوو تا سێ ساڵ تاقیبکرێتەوەو بزانرێت ئەنجامەکەی چی دەبێت؛ لەوەش گونجاوتر- دیسان هەر بۆ ئێستا- ئەوەیە ئەزموونی گشتی هەڵبگیرێت و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بە مامۆستایان بدرێتەوە، بەڵام لە پاڵ ئەمەدا گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو پەروەردەیی مامۆستاکان بدرێت چ لە قۆناخی پێگەیاندنیاندا بێت و چ لە کاتیخزمەتکردنیاندا بێت ئەوەش لە رێی:

أ) بەهێزکردنی بەرنامەکانی خوێندن لە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایاندا.

ب) مشوورخواردنی میلاکی بەهێز بۆ ئەم پەیمانگایانە.

ج) بایەخدان بە بەرنامەکانی پەروەردەی بەردەوام (راهێنان و مەشقکردن) بۆ مامۆستایان.

د) گرنگیدان بە دەسگاکانی مەشقکردنی پەروەردەیی مامۆستایان و کۆکردنەوەی باشترین و لێهاتووترین و زاناترین کادیری پەروەردەیی لەم دەسگایانەدا.

ئەمانە جگە لە بەهێزکردنی ئیدارەی خوێندنگاکان و دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەییو بەرپاکردنی هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە

لەلایەك بۆ کەسوکاری خوێندکاران کە هاوکاری خوێندنگا بکەن و مامۆستایان، سەبارەت بە پرۆسەی ئەزموونەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەی منداڵەکانیان، لە ژێر گوشاردا دانەنێن؛ لە لایەکی ترەوە بۆ مامۆستایان تا بە هوشیارییەوە پابەندی ئەخلاقییەتی پیشەکەی خۆیان بن و بە ناهەق، بەرەو خوێندنگا ناوەندییەکان، پاڵ بە خوێندکارانەوە نەنێن.

## تەوەرەی دووەم

### بەرئەزموون کەوتنی وانەی کوردی لە پۆلی شەشەمی ئامادەییدا

ئەم تەوەرەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە گیروگرفتی چۆنایەتی حسابکردنی تێکڕایی نمرەی خوێندکاران بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ هەیە. دەنگی ئەو ناڕەزایەتییەش، کە لەیەك دوو ساڵی پێشوودا لەم بارەیەوە بەرز بووەوە، بە هیچ کلۆجێك پەیوەندی بە رەتکردنەوەی زمانی کوردی، وەك زمانی نەتەوەیی‌و دایك نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە خوێندکاران و کەسوکاریانەوە هەبوو، کە سەبارەت بە ئەگەری گۆڕینی چارەنووس و دواڕۆژی خوێندکاران، بە هۆی کاریگەرێتی سەلبی نمرەکانی زمانی کوردییەوە، دڵیان لە مستیاندا بوو.

ئەم کێشەیە لە دوای راپەڕینەوە سەریهەڵدا، کاتێك بڕیاری بەر ئەزموون کەوتنی وانەی کوردی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دراو، سەرەتا بۆ کۆی نمرەکان و کێبەرکێی وەرگرتن لە زانکۆداو، دواتر بێ بەهانەیەکی بەجێ‌و لەبەر هەندێ هۆی لاواز حسابکردنی بۆ ئەو مەبەستە دەست خوێندکاران

خۆیان درا. سەرچاوەی ئەم بڕیارە کاردانەوەی دەمودەست و بەپەلەی ناوەندی بڕیاری پەروەردەیی بوو بەرامبەر سیاسەتێکی شۆڤێنیستی کە دەیان ساڵ بوو بەرامبەر گەلی کوردو زمانە نەتەوەییەکەی پەیڕەو دەکراو لە ماوەی سیی ساڵی رابردوودا بە لوتکە گەیشت. سووکایەتی بە زمانی کوردیو بێبایەخکردنیو رێگرتن لەوەی وەك زمانی خوێندن لە سەرانسەری کوردستاندا بەکاربهێنرێت و تەسکردنەوەی بواری خوێندن پێی لە سایەی سیاسەتی تەعریب کردندا کە داموددەسگاکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی کوردستاندا بە سەرپەرشتی دەسگا حیزبییەکانی رژێم ئاراستەیان دەکرد، نهێنی ئەو سەرگەرمییەو نەکڵۆکی ئەو بڕیارە بوو کە ئیمرۆ کێشەیەکی گەورەی لێکەوتۆتەوە؛ تەنانەت ئەگەر لایەنی سیاسیشی لێ دەربکەین، لە رووی پەروەردەییشەوە بڕیارێکی سەرپێیی بوو، سەبارەت بەوەی زەمینەیەکی فیکری بۆ خۆش نەکراو، ئەو راستییەش لەبەر چاو نەگیرا کە نە کتێبە بڕیاردراوەکانی ( زمان و ئەدەبی کوردی) بەکەڵك دەهاتن و نە مامۆستایان لە ساڵانی پێش راپەڕیندا بایەخیان بە وتنەوەی دابوو، نە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارانی سەرەتاییو پسپۆڕیش ئیعتیبارێکیان بۆ دانابوو، وە نە خوێندکارانیش وەك زمانی نەتەوەیی خۆیان و پێویستییەکی خوێندن لەبەرچاویان گرتبوو، بۆیە سەرباری ئەو شڵەژاندنەی روو بەڕووی خوێندکاران و کەسوکاریان بووەوە، بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی ساڵی خوێندنی ۹۹۲/ ۹۹۳ لە پۆلی شەشەمی ئامادەییدا بوون، بووە مایەی بێزاریو نەك هەر زمانی کوردی بەم بڕیارە خۆشەویست نەکرا بەڵکو کاردانەوەیەکی سەلبی دروست کردو تا رادەیەکیش لەبەرچاوی خوێندکارانیان خست. دیارە کاتێك مەسەلەی چارەنووسی خوێندن و رەنج و کۆشش و پاشەڕۆژ دێتە

پێشەوە، سۆزو چەمکە میسالییەکان بە ژێرەوە دەبن و دوورەپەرێز رادەگیرێن.

ئەم واقیعە بۆ لێکۆڵینەوەی بنچینەی مەسەلەکە راماندەکێشێ، کە مەسەلەی بەر ئەزموون کەوتنی وانەکە نییە بەڵکو حسابکردنی یان نەکردنیەتی بۆ کێبەرکێی وەرگرتن لە کۆلیژەکاندا. هیچ یەکێك لە خوێندکارانی کوردو کەسوکاریان دژ بە خوێندنی زمانی کوردیو بەرئەزموون کەوتنی نین. کەسێك نییە لەمانە بە تەنگەوە هاتنی زمانی کوردی لەلا مەبەست نەبێت بەڵام لەسەر شێوەی بە تەنگەوە هاتنەکە دیدو بۆچوونی جیاجیا بە حەتمی روودەدات، بۆیە شێوازەکە لە ژێر پرسیاردا دانرا کەئایا تەنها بەر ئەزموون کەوتن و کێبەرکێی نمرەکان پێوانەیە بۆ مشوور خواردن و بە تەنگەوە هاتنی زمانەکە؟ یان فراوانکردنەوەی خوێندن بە کوردی لە قۆناخی سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆو گۆڕینی بەرنامەکان و دانانی کتێبی تایبەتی بۆ رێزمان و ئەدەبی کوردیو خوێندنەوەو گرنگیدان بە فەرهەنگ و رێنووسی کوردیو یەکگرتنی دایلەکتەکان و ئاسانکردنەوەی لە یەکتری تێگەیشتن لە نێوان دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانداو...هتد دەبێت پێوانە بێت؟! دیارە بەبێ دووودڵی دەتوانین ئەمەی دواییان وەك پێوانەی دڵسۆزیو بە تەنگەوە هاتنی زمانەکە بسەلمێنین.

لە سەرێکی ترەوە، لایەنێکی کێشەکە بۆ خودیسیستەمی وەرگرتن لە کۆلیژەکاندا دەگەڕێتەوە. لەم سیستەمەدا کۆی نمرەکانی خوێندکار حساب دەکرێت، کە نمرەی زمان ئەگەر کوردیشی لەسەر بێت، نزیکەی (٤٣٪)یەتی. ئەم رێژەیە وەك بنەمایەك بۆ وەرگرتن زۆرەو لەگەڵ پێداویستیی زانیاریو توانایەکی زانستی کە کۆلیژەکان لە

خوێندکارانیان دەوێت ناگونجێت، بۆ نموونە خوێندن لە هەندێ کۆلیژی وەك پزیشکی، ئەندازە، زانستەکاندا، ئەوەندەی پێویستیی بە ئامادەبوونی زانستییانەی خوێندکاران لە بیرکاریو کیمیاو فیزیاو زیندەوەرزانیو زمانی ئینگلیزیدا هەیە ئەوەندە پێویستیی بە زمانی کوردیو عەرەبی نییە، چونکە نمرەکانی خوێندکار لەو دوو زمانەدا باش بن یان باش نەبن کارناکەنە سەر توانایی بۆ ئەو جۆرە خوێندنەو نیشانەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی لەو خوێندنەدا نین، لەبەر ئەوە پێویستە بە دوای چارەسەرکردنێکی وەهادا بگەڕێین کە ڕێزو پایەی زمانەکەش بپارێزرێت و بە لۆژیکی زانستیانەشەوە لەتەك مەسەلەی وەرگرتنی خوێندکاران لە کۆلیژەکاندا مامەڵە بکرێت. لێرەدا چەند ئەلتەرناتیڤێك دەخەینە ڕوو بە هیوای لێکۆڵینەوەو ئەزموونکردنی تا چاکترینیان بۆ داهاتوو پەیڕەو بکرێت.

(١) وانەی کوردی وەك زمانی نەتەوەییو سەپاندنی بوونی نەتەوەیی کە ڕاپەڕین دەرفەتی خۆسەلماندنی بۆ ڕەخساند، وەك هەر یەکێك لە وانەکانی دیکەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی، دەبێت بەر ئەزموون بکەوێت و دەرچوون لەم وانەیەشدا مەرجی بڕینی قۆناخەکە بێت، ئەمەش پێویستیی بە تەرخانکردنی باشترین و لێوەشاوەترین مامۆستایانی زمانی کوردی هەیە بۆ قۆناخی ئامادەیی؛ لە مەودایەکی کەمێك دوورتریشدا گۆڕینی کتێبەکان هەر لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی شەشەمی ئامادەییو جیاکردنەوەی ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوەو بەشەکانی تری زمان لە کتێبی جیاجیاداو پێگەیاندنی مامۆستایانی پسپۆڕ بۆ ئەم مەبەستە، مەرجی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی زمانەکە دەبێت و خوێندکاران بە

دڵێکـی ئارامـترو ورەیـەکی بـەرزترو خۆشـییەوە بـە پـیر ئەزموونـە گشتییەکەوە دەچن.

(٢) گۆڕانکاریی لـە شێوەی کێبـەرکێی تێکـڕای نمرەکـاندا بکرێـت و کۆلیژەکان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بکرێن:

أ- کۆمەڵەی خوێندنە زانستییەکان.

ب- کۆمەڵەی خوێندنە مرۆییەکان.

بۆ کۆمەڵـەی یەکەمیان نمرەکانی زمـانی کـوردی و عـەرەبی سـەر کـۆی نمرەکـانی تـر نـەخرێت، واتـە بنچینـەی کێبــەرکێ لەسـەر کـۆی نمرەکانی تر بێت، دەشێت بەرامبەر ئەوە بۆ خوێندنە مرۆییەکان زمانی ئینگلیزی لە کۆی نمرەکان دەرکرێـت یـان هـەر کۆلیـژە یـان بەشـەکان بە پێی پێداویستی جۆری خوێندنەکەیان ئەو زمانە دەستنیشان بکەن کە ئەولەوییەتی هەیە.

(٣) دەتوانرێـت وەك گـەلێك لــە وڵاتـانی پێشـکەوتوو لــە بـواری خوێندنـی بـاڵادا بـیر لـە گۆڕانکـاریی لـە شـێوەی وەرگرتنـدا بکرێتـەوە بەوەی هـەر کۆلیـژە خوێندکارانی دەرچـووی پـۆلی شەشـەمی ئامـادەیی بەر ئەزموون بخات و تاقییـان بکاتـەوە بە پێـی ئـەو ئاسـتە زانسـتییەی دەیەوێت و، لەسەر ئەو بنچینەیە و بە پێی رادەی ئەو ئاستە پێویستەی ئەو جۆرە خوێندنە دەیەوێت، بڕیاری وەرگرتن بدات.

ئەم شێوازەی وەرگرتن هەنگاوێك دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە کۆلیژەکانداو هـاندەرێك دەبێـت بـۆ خوێندکـارانیش کـە بـە ئاستێکی زانستی راستەقینەو بەرزەوە پۆلی شەشـەمی ئامـادەیی بـڕن و زانینی زانستەکان نەك بڕی نمرەکان مەبەستیان بێت. ئەمە جگـە لـەوەی کـە هـەموو ئـەو کێشـانەی ئەزموونی گشـتی، بـۆ خوێندکـاران و باوکـان ومامۆستایان و دەسگا بەرپرسەکانی دەنێتەوە، لە نێواندا نامێنن.

## تەوەرەی سێیەم

## کێشەی ساڵی نەکەوتن

مێـژووی سـەرهەڵدانی ئـەم کێشـەیە بـۆ سـاڵانێکی زۆر لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە. دەسـەڵاتی سیاسـی لـە عـێراقدا خـۆی سـەرچاوەی ئەم کێشەیە بووەو لە پێناوی دەستکەوتی سیاسیدا خولقاندوویەتی. لـەم بـاری سـەرنجەوە بـۆ کێشـەکە دەتوانـین بڕیـاری حکوومـەتی شۆڕشـی چواردەی تـەمووزی ١٩٥٨سـەبارەت بـە دەرچوواندنـی خوێندکـارە دەرنـەچووەکانی سـاڵی خوێندنـی ١٩٥٨/٩٥٧لـە هـەموو قۆناخـەکانی خوێندنـدا بـە سـەرەتای ئـەم کێشـەیە دابنێـین کـە ئاسەوارەکەی بۆ دەیان ساڵی دوای بڕیارەکە بە شێوەیەکی سەلبی کاری لـە ئاسـتی زانسـتیی خوێنـدن بـە تایبـەتیو پـەروەردەو فـێرکردن بەگشـتی کـرد. لـەدوای ئـەو رووداوەش بـۆ چـەندین جـارو بـە هـۆی ئـاڵوگۆڕە سیاسـییەکان و بەهانـەی بـارودۆخی سیاسـییەوە بڕیـاری جۆراوجۆر دراوە کە یەکێکیان حساب نەکردنی ساڵی خوێندن و دانانی بە ساڵی نەکەوتن بووە بۆ ئەو خوێندکارانەی دەرنەچوون یـان بەهـەر هۆیەکـەوە بووبێـت لـە ئەزموونـەکاندا بەشـدارییان نـەکردووە؛ لـەو کاتانەشدا کە بڕیاری تایبەتی بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ئارادا نـەبووبێت، بەنیازی مانەوەی زیاتر لە قۆناخەکانی خوێندندا- بە تایبەتی قۆناخی ئامادەیی-و شێوە پێدانی یاسایی ئەم مانەوەیە کە لە نیزامی خوێندنگا ئامادەییـەکاندا ژمـارەی سـاڵەکانی دیـاریکراوە، ئـەوا خوێندکـاران و بەرپرسانیان پەنایان بۆ گەلێك شێوازی پێچ و پەناو راپۆرتی پزیشکیو رووداوی دەستکردو قۆستنەوەی هەندێ بـارودۆخی نـا ئاسایی بـردووە هـەتا هـەلێکی تریـان دەسـتکەوێت و ئـەو قۆناخـە بـە شێوەیەك بـبڕن کـە

وەرگرتنیان لە زانکۆ مسۆگەر بکەن. کەواتە لەم جەمسەرەیانەوە دەتوانین ساڵی نەکەوتن بە مەسەلەی بنەمای نمرە بۆ وەرگرتن لە کۆلیژەکاندا ببەستینەوەو ئەو مەسەلەیە وەك هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیە دەستنیشان بکەین، واتە کێشەکە بە بنچینەکانی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکاندا پەیوەستەو، بەبێ چارەسەرکردن و دانانی بنچینەی نوێ بۆ وەرگرتن لە زانکۆدا، ئەم کێشەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر دەمێنێتەوە. لەبەرئەوە دەبێت سیستەمی پەروەردە لە هەرێمدا ئەم راستییە بۆ چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی لە بەرچاو بگرێت، چارەسەرکردنیش دەبێت بە پێی هەندێك پرنسیپ دابنرێت لەوانە:

أ- بەرژەوەندی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو رووبەکەوە یەکەم پرنسیپ و گرنگترینیانە کە دەبێت رەچاو بکرێت و بە قوربانی هیچ جۆرە دەستکەوتێکی تەسك و کورتبین نەکرێت. دیارە زانکۆکان بە هەموو کۆلیژو بەشە زانستیو مرۆییەکانەوە دەتوانن رۆڵێکی کاریگەر لەو گەشەکردن و پێشکەوتنەدا بگێڕن، کە ئەمەش بەبێ ئاستێکی بەرزی خوێندن نایەتەدی، بۆیە پاڵاوتنی زانستیی خوێندکاران لە قۆناخی ئامادەییەوە بۆ قۆناخی زانکۆ دەبێت لەسەر بنەمایەکی زانستیی رووت (مجرد) بێت و نابێت هیچ بڕیارێك بدرێت یان ئیجرائێك بکرێت کە ئەوەندەی تۆزقاڵێك هێنانە خوارەوەی ئاستی زانستیی خوێندکارانی تێدا بێت.

ب- یەکێك لە نیشانەکانی پێشکەوتنی هەر سیستەمێکی پەروەردەیی لێوەشاوەیی ( الکفاءة)ی خوێندنەکەیەتی. لێوەشاوەییش دوو جۆرە: یەکەمیان لێوەشاوەیی ناوەکی (الکفاءة الداخلیة) یەو، دووەمیان لێوەشاوەیی دەرەکی (الکفاءة الخارجیة)یە. سیستەمی پەروەردەیی چاك

ئەوەیە هەردوو لێوەشاوییەکەی تێدا بێت لە لایەك ڕێژەی دەرچوون بەرز بێت و خوێندکاران بە کەمترین ماوە قۆناخەکانی خوێندن ببڕن و ڕێژەی بە فیڕۆچوون ( الاهدار) ئێجگار کەم بێت؛ لەلایەکی دیکەوە سیستەمی پەروەردەو فێرکردن کادیری پێویست بە ئاستێکی زانستی بەرزو ژمارەیەکی گونجاو بۆ بازاڕی کار لە کۆمەڵدا ئامادە بکات.

زامنکردنی ئەم لێوەشاوەییەش بە بەربەستکردنی هەرچی مانەوەی زیاتری خوێندکاران لە قۆناخەکانی خوێندندا دەبێت، ئەوەش بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و لێوەشاوەیی بەرنامەکان و مامۆستایان لە سەرێکەوەو، ڕێکخستنی یاساو نیزام و تەعلیماتەکان لە سەرێکی ترەوە دەکرێت؛ لە نێوان ئەوانەشدا بواری مانەوەی خوێندکاران لە قۆناخی ئامادەیی‌و پاشان چۆنایەتی سیستەمی وەرگرتن لە زانکۆکاندا بایەخێکی گرنگ و کاریگەری هەیە.

(ج) بەرژەوەندی خوێندکارانیش پرنسیپێکی پڕ بایەخ و گرنگەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت. لە ڕاستیدا دەبێت هەموو ئیجرائات و بڕیارە پەروەردەییەکان لە خزمەتی خوێندکاراندا بن و دواڕۆژیان بە باشترین ڕێگەو شێوە دابین بکات چونکە بەشێکی گەورەی یەکبینەیی ژیانی کۆمەڵو هەڵسووڕاندنی زانستییانەی بە چۆنایەتی ئامادەکردنی کادیرەکانییەوە بەندە، خوێندکارانیش ئەو کادیرانەی دواڕۆژن کە سیستەمی پەروەردەیی قۆناخ بە قۆناخ ئامادەیان دەکات، بۆیە سەرباری ئەو دوو خاڵەی پێشوو دەبێت بڕیارەکان بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خوێندکاران بپارێزێت. بەرژەوەندیی خوێندکارانیش بەشێکی جیاو دابڕاو لە بەرژەوەندییە گشتییەکان نییە بەڵکو بە توندی بە بەرژەوەندیی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵو لێوەشاوەیی سیستەمی پەروەردەییەوە

بەستراوە. بەرژەوەندی خوێندکاران لە بێ یاسایی‌و بەرەڵڵایی خوێندن و پەت شلکردن بۆ ئارەزووی تایبەتی‌و بەرژەوەندیی تەسکی شەخسیدا نییە بەڵکو لە ئاوێتەکردنی سەرجەمی ئەو خاڵانەدایە کە ئاماژەمان بۆ کردن. بەرژەوەندیی راستەقینەی خوێندکاران لە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵ‌و گۆڕانکاریی ئاستی پەروەردەو فێرکردندایە بەرەو پێشەوە؛ لەبەرئەوە هەر بڕیارێك ئەم بەرژەوەندییە راستەقینەیە زامن نەکات، بڕیارێکی نابەجێیەو ئەگەر لەمەوپێش درابێت، پێویستە هەڵبوەشێندرێتەوە.

لەم باری سەرنجەوەو بە پێی ئەم پرنسیپانە پێویستە لەبەرامبەر کێشەی ساڵی نەکەوتندا بڕیاری گونجاو وەربگیرێت، ئەو بڕیارە گونجاوەش دەبێت پابەندی دوو سەلمێنراوی یاسایی بن؛ لەلایەك رێگای چاووڕاوو لێکدانەوەی یاسایی جیاجیا دەربارەی کێشەکە نەدرێت، ئەوەش بە دانانی دەقی یاسایی‌و سیستەمی دەوامکردنی خوێندکاران و ژمارەی ساڵەکانی خوێندنی رێپێدراو بۆ خوێندکاران لە هەرقۆناخێکدا دەبێت و، لە لایەکی ترەوە پێویستە بۆ کەمتەرخەمی‌و نەخوێندن و مانەوەی خوێندکار بەهەر هۆیەکەوە بێت تاکە یەك سزا هەبێت، نابێت لەسەر یەك حاڵەتی سەلبی، سەرباری سزایەکی ئاسایی، سزایەکی دیکەش بڕیاربدرێت. بۆ نموونە، کە خوێندکارێك لە پۆلێکدا دەمێنێتەوە، مانەوەی بۆ ساڵێك و سەر لە نوێ دەوامکردنەوەی لە هەمان پۆلداو دواکەوتنی لە بازاڕی کار بۆ ساڵێك سزایەکی ئاساییەو، نابێت بە سزایەکی نیزامی وەك لێکەمکردنەوەی نمرەو بێبەشکردنی لە هەندێ ماف، باری شانی قورس بکرێت.

لێرەدا وەك بەشی کۆتایی لە لێدوانی ئەم کێشەیە هەندێك پێشنیاز دەخەمە روو، ئەم پێشنیازانە بۆ حاڵەتی ئێستایە تا ئەوکاتەی سیستەمی وەرگرتن لەسەر بنچینەیەکی نوێ دادەرێژرێتەوە، وەك لە تەوەرەی پێشوودا پێشنیازمان کرد.

(١) ساڵی نەکەوتن نەمێنێت و لەمەودوا دەسگای بەرپرسیار بڕیاری وەها نەدات و، ئەگەر هەندێ بارودۆخی تایبەتی ئەوە پێویست بکات، ئەوا بە دەقی یاسایی‌و زۆر بە وردی چۆنایەتییەکەی دیاری بکات و بواری (اجتهاد)ی بۆ هیچ دەسگایەکی بەرپرس و لێپرسراوان تێدا نەبێت.

(٢) لەهەر دەستکاریکردنێکی نیزامی خوێندنگا ئامادەییەکاندا بە دەقێکی نیزامی خوێندکاران مافی سێ ساڵ بەشداری کردنیان لە ئەزموونی گشتیدا پێبدرێت، دوو ساڵیان وەك خوێندکاری رەسمی خوێندنگایەك و ساڵێکیش وەك خوێندکارێکی دەرەکی بە هەردوو دەورەکەیەوە، واتە بتوانێت شەش جار بەشداریی ئەزموونەکە بکات.

(٣) بۆ هەر ساڵێك بە جیا کە خوێندکار بەشداریی ئەزموونی گشتی دەکات، بۆی هەبێت لە دەوری دووەمدا بەرەهایی چەند وانە کەوتووە یان هێشتوویەتیەوە ئەزموون بکرێتەوەو لە دەوری دووەمدا بە هەر هۆیەك لە یەك وانەشدا بکەوێت بە دەرنەچوو لە پۆلەکەیدا دابنرێت.

(٤) ئەو خوێندکارانەی لە یەکەم دەوری ساڵی یەکەمدا کە دەچنە ئەزموونی گشتییەوە دەربچن، بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ (٥) نمرەی تێکڕایی (معدل)یان بۆ کێبەرکێی وەرگرتن بدرێتی‌و ئەوانەشیان کە هەر لە یەکەم ساڵی بەشداریی ئەزموونددا لە دەوری دووەمدا دەردەچن (٢) نمرەی تێکڕاییان بدرێتێ. ئەو خوێندکارانەشی بەهەر هۆیەکەوە دەکەونە ساڵی دووەم یان سێیەم بە هەردوو دەورەکەیانەوە، ئەو نمرەیەی دەیهێنن بە

تەواوی بۆیان حساب بکرێت، نە نمرەی زیادیان بدرێتیو نە هیچیان لێکەمبکرێتەوە.

بە پەیڕەوکردنی ئەم پێشنیازانە دەتوانرێت سنوورێك بۆ کێشەی سالی نەکەوتن دابنرێت و لانی کەم عەدالەت بۆ کێبەرکێی وەرگرتن لە زانکۆدا دابین بکرێت و تا رادەیەکی باش پرنسیپە زانستیو پەروەردەییەکان رەچاو بکرێت.

دیارە دوا بڕیاریش هەر دەبێت بەر لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستی بدرێت و راستی و دروستی یان نەگونجان و کەموکوڕی، دوور لە دیدوبۆچوونی تایبەتیو ( اجتهاد)ی شەخسی، بە پێودانگە زانستییەکان هەڵبسەنگێندرێ.

# بەشی پێنجەم

# سەرپەرشتیی پەروەردەیی

# لەپێناوی پەرەپێدانی دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەییدا

دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی یەکێکە لەو دەسگایانەی لە مێژووی خۆیدا سیاسەتێکی سەقامگیری بە خۆیەوە نەدیوە. هەر لە سەرەتای پێکهێنانییەوە بونیادێکی بۆش و پەیکەرێکی داڕووخاوی هەبووەو لەگەڵ خۆیدا هۆکارەکانی پەککەوتن و گەشەنەکردن و بنبەستی هەڵگرتووە. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریشیدا هاتوون پتر لایەنی شێوەی گرتۆتەوەو جەوهەری کاری ئەم دەسگایە بەر پەرەسەندن نەکەوتووە؛ لە کاتێکدا چەمکی نوێی سەرپەرشتی واتایەکی فراوانی پراکتیکی پەروەردەیی دەگرێتەوە، بەڵام لە سایەی سیستەمی پەروەردەی عێراقیدا لە چوارچێوە تەسکە کۆنەکەی خۆی، واتە (( پشکنین)) دەرنەچووە.

سەرپەرشتیی پەروەردەیی، وەك ئەرکێکی سەرکردایەتی لە کرداری پەروەردەو فێرکردندا، پێوەرێکە بۆ رادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی سیستەمی پەروەردەیی، بۆیە نوێکردنەوەو پەرەپێدانی بە بەردەوامی و بەزاندنی سنووری چەمکە باوەکەی، ئەرکێکی ناوەندیی سیستەمی پەروەردەیە بە تایبەتی لە سەردەمی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا؛ هەر لەم باری سەرنجەوە چاوخشاندنەوە بەم دەسگا گرنگەداو پەرەپێدانی یان دۆزینەوەی بەدیلێکی گونجاو بۆ ئەو رۆڵە سەرکردایەتییەی، بە شێوەیەك کە لە سیماو جەوهەردا پێ بەپێی ئاڕاستە پەروەردەییە نوێیەکانی جیهان هەنگاو هەڵگرێت، کارێکی بە پەلەیەو دەبێت لە ریزی ئەولەوییاتەکانیچاککردن و گۆڕانکاریی پەروەردەییدا دابنرێت. ئەم چاو گێڕانەوەیەش بە

پێکهاتــەو ئــەرك و شــێوازەکانی سەرپەرشــتیی پــەروەردەییدا بــەبێ لێکۆڵینــەوەو شــیکردنەوەی هەمــە لایەنــەو تۆژینــەوەی زانستی ناکرێت؛ ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی ناوەندە زانستییەکانی وەك زانکۆکــان و، بەشــەکانی تۆژینــەوەو لێکۆڵینــەوەی پــەروەردەیی نێــو دەســگاکانی پــەروەردەو، سەرپەرشــتیاران و شــارەزایان و پســپۆرانی پەروەردەدایە.

دەبــا هەرکەســێك لــەم بــوارەدا ئــەم بەرپرســیارێتییە شــانی دەگرێتــەوە پێنووســەکەی بخاتــە کــار،تــا بــە ئــاڵوگۆڕی شــارەزاییو کــارلێککردنی بــیروڕاو بۆچوونــە جیاوازەکــان تــەکانێکی گــەورە بــەم دەسگا پەروەردەییــە بدرێــت و بــە نوێــترین شــێوەو زانســتیترین ڕێگــا پــەرە بســێنێو بەراســتی شــایانی ســەرکردایەتی کردنــی مــەیدانی پەروەردەو فێرکردن بێت.

## شێوازی هەڵبژاردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە عێراقدا

مێــژووی سەرپەرشــتیی پــەروەردەیی لــە عــێراقدا بــۆ ســەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. دەوڵەتی عوسمانی هەر لە ساڵی ١٩١٣وە لێپرسراوێکی بۆ پشکنین (تفتیش)ی خوێندنگا سەرەتاییەکانی عێراق دانا. دوای پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقیش لە ساڵی ١٩٢١دا، پشکنین لە سیستەمی پەروەردەدا جێگیرکراو لــە ســاڵی ١٩٢٢دا یەکــەم تــەعلیمات دەربارەی پشکنین دەرچوو. لەو کاتەشــەوە تــا ئێســتا، ئــەم دەســگایە، چەند هەڵوەشاندنەوەو ڕێکخستنەوەی بە خۆیەوە دیوەو ئیمڕۆ بە ناوی

سەرپەرشتیی پەروەردەییەوە لە کاردایە. بەڵام شێوازی پێکهێنانی ئەم دەسگایەو دانانی سەرپەرشتیاران، هەر لەو سەردەمەوە تا ئیمڕۆ، لە سایەی رژێمە جیاجیاکانی عێراقدا، هەندێك تایبەتمەندی بە خۆوە گرتووە، لەوانە:

١- سەرپەرشتیاران، بەبێ رەچاوکردنی ئەو مەرجانەی بۆ کاری سەرپەرشتیی پەروەردەیی پێویستن، دانراون. بنچینەی زانستیو پەروەردەیی بۆ دانانیان نەبووە بەڵکو بە هۆی ئەم و ئەوەوە، لە رێی ناسیاویو خزمایەتیو کەسانی دەست رۆیشتووی دەسگا باڵاکانی دەوڵەتەوە، یان بە هۆی دەسەڵاتدارانی نێو دەسگای پەروەردەوەو...هتد، جێیان لەم دەسگایەدا بۆتەوەو، وەك ئامێری دەستی دەوڵەت و بەشێکی یەکپارچەو دانەبڕاوی سیاسەتی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، هەڵسووڕاون. لە سەردەمی رژێمی بەعسدا، لە سەرەتادا مەرجی ((التعاطف مع الحزب و الثورة)) و دواتر مەرجی ((السلامة الفکریة)) و بەعسێتی تەواو عەیار بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پێویست بوون. لە هەندێ بارودۆخی سیاسیشدا بە ناچاری کەسانێکی بێلایەن و پاك دەخرانە ئەم دەسگایەوە، بەڵام هەر کە بارودۆخی دەوڵەت لە باربوو بێت پەڵپیان پێگرتوون و، شەڕیان پێفرۆشتوون و، گوشاریان خستوونەتە سەر تا لەم دەسگایە دەریانپەڕاندوون.

٢- ئەم سەرپەرشتیارانە لە رووی ئاستی خوێندن و شەهادەو ئامادەکردنی پەروەردەیی و لۆژیکی بیرکردنەوەو میتۆدی کارکردن و توانایانەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆیاندا نەبووە تەنها ئەو مەرجە نەبێت کە لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد. لەبەرئەوە

ماموستایانی قۆناخی سەرەتاییان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردووەو ناونیشانی ( سەرپەرشتیار)یان داونەتیّو سەرپەرشتیی پەروەردەیی ماموستایانی سەرەتاییو کرداری پەروەردەو فێرکردنیان لە خوێندنگا سەرەتاییەکاندا خستوونەتە ئەستۆ.

٣- هەندێك جار ماموستای خوێندنگا ئامادەییەکان بۆ دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی دانراون، بەڵام ئەم سەرپەرشتیارانە هەمیشە رێژەیەکی کەم و نادیار بوون لە چاو ئەو سەرپەرشتیارانەدا کە ماموستای سەرەتایی بوون. ئەم ماموستایانەی خوێندنگاکانی (قۆناخی دووەم) هەندیّ جار وەك پسپۆڕیی خۆیان و هەندیّ جاریش وەك سەرپەرشتیاریی گشتی کاریان کردووە.

٤- لە هیچ سەردەم و کاتێکدا شەهادەی دەرچوون لە بەشێکی پسپۆڕیی پەروەردەییدا بە مەرجی بوونە سەرپەرشتیار دانەنراوە، لەبەرئەوە سەرپەرشتیی پەروەردەیی بەبیّ زانستی پەروەردە، بەبیّ زانستی کارگێڕیو سەرپەرشتیی پەروەردەیی کراوە.

سەرپەرشتیاران، ئەوانەی ناوبانگیان دەرکردووەو ئاستیان لەوانی دیکە بەرزتر بووە، یان ماموستاکانی خوێندنگا ئامادەییەکان (قۆناخی دووەم) بوون کە بە حوکمی پسپۆڕییان و خوێندنیان جیاوازییان لەوانیدیکە هەبووە، یان ئەوانە بوون کە بە شێوەیەکی مەسلەکی شارەزاییان پەیداکردووەو خۆیان تواناو کارامەییو دڵسۆزیی شەخسییان نواندووە. ئەم بەشەی دواییان پتر لە سنووری رێکخستنی هەندیّ کاری رۆتینی خوێندنگاکان و چۆنیەتی راگرتنی ( سجلات)و رێو رەسمی لێکۆڵینەوەی سەرپێچیو هەندیّ کێشەی دیسپلین شارەزاییان هەبووە، واتە لەو ئاستە هەورازتر نەڕۆیشتوون و، تاك وتەرایەکیان نەبێت

بە گشتی لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیان، ئەرکی سەرپەرشتیی لایەنی پەروەردەییو سایکۆلۆژی، بێخەبەر بوون.

٥- لە کاتێکدا ئەم دەسگایە لە ڕێی سەرپەرشتیارانەوە سۆراخکردن (متابعة)ی کاروباری خوێندنگاکان و ئاستی زانستیو مامۆستایانی لەسەر شان بووە، سەرباری بوونی ئیستیمارەی (متابعة) کردنیان و بوونی دەسگای بالاتر لە پیشەیی‌یەکەی سەرپەرشتیی پەروەردەیی وەك (بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیی پەروەردەیی)و پاشان (بەڕێوەبەرێتی گشتی فێرکردنی گشتی)و، لە کوردستانیشدا (ئەمیندارێتی گشتی پەروەردەو فێرکردنی بالا)، کەچی بە واقیعی کەس نەبووە بە باشی لێی بپرسێتەوەو (متابعة)ی بکات و راستگۆیانە کارەکانی هەڵبسەنگێنێ. لەهەر پارێزگایەکدا ئەو ئەرکە بە یەکێك لە سەرپەرشتیارەکان دەسپێردرا کە ناونیشانی (سەرپەرشتیاری یەکەم)یان دەدایە، ئەمیش- زۆربەی کات- هەر مامۆستای سەرەتایی بووەو هەمان مەرجەکانی سەرپەرشتیارانی دیکەی تێدا بووە مەگەر لە ڕووی تەمەن و ساڵەکانی خزمەتیەوە گەورەترو لە پێشتر بوو بێت، خۆ ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی پەروەردەش، بە تایبەتی ئەوانەی دوای ساڵی ١٩٧٥ لە پارێزگاکانی کوردستاندا دانران، دواکاریان لە بەڕێوەبردنی پەروەردەدا کاری پەروەردەیی بوو، دەنا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دیکە، کورسی بەڕێوەبەری گشتییان پێبەخشرابوو.

لە بەرئەم هۆیانە، دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی، چ وەك دەسگاو چ وەك توخمەکانیشی (سەرپەرشتیاران)، کەمینەیەکی لێدەرچێت، هیچ رۆڵو کاریگەرێتییەکی بەرچاویان لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی کاری پەروەردەیی نەبووە. مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا

تاکــه یــەك داهێنــانی پــەروەردەیی بــه نــاوی ئــەم دەســگایەوە تۆمار نەکردووە، زیاتر دەسگایەکی جێبەجێکردن، نەك داهێنان، بووە. ئەم دەسگایە هەمیشــه موڵکــی زۆر تایبــەتی دەوڵــەت بــووەو، لاوازی جـۆری پێگــەیاندنی مامۆســتایانی ســەرەتاییو سیســتەمی کــارگێڕی (مامۆسـتا- بەڕێوەبەر)و باری سیاســی ناهــەموار هۆکــاری مانــەوەی بوون و بەپێوە رایانگرتووە.

لە کوردستاندا، دوای ئەو هەلومەرجەی راپــەڕین رەخساندیو، ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییەی لـە کایەدایـە، دەبێـت لـە بنچینـەوە دەست بـه چاککردنی ئـەم دەسگایە بکرێـت. نـابێت رووکەشـەکەی بگریـن و تەنها دەست لە دیکۆرەکەی بدەین یان نیوە ناچڵ پینەو پەڕۆی بکەین.

ئیمــڕۆ ئــەرکێکی گرنــگ و پــڕ بایــەخ روو بــه ڕووی حکومــەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، سەرجەمی بوارەکانی سیاسەت و ئابووریو کۆمەڵایــەتیو رۆشــنبیریو پــەروەردەییو...هتــد چــاوەڕوانی بیناکردنــەوەو تــانوپۆی نــوێ دەکــەن. لــەم رەوتــەدا پێویســتە دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی تەواوی سیاسەتی حکوومەتەکانی عێراقدا هوشیارانە رەفتار بکات و، هەر لایەنیك بگريت، بيرى وانـه سـەلبييەكانى ئەو رژیمانـەی هـەبیت و ئاگاداری ئەوە بیت شوین پییـان هەلنـەگریت، کـه لــه بــواری پــەروەردەدا نوێکردنــەوەی دەســگای سەرپەرشــتیی پەروەردەییو هەلبژاردنی سەرپەرشتیاران یەکیکیانە.

# بۆ دانانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی
# با هەڵەکان دووبارە نەکرێنەوە

بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق، هەندێ ماوەی لێدەرچێت ئەویش لە ژێر گوشاری پەرەسەندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا، ئەو حکوومەتانە لە بواری پەروەردەدا هیچ کارێکی باشیان بۆ گەلی کورد ئەنجام نەداوە. هەمیشە لە روانگەی سیاسەتێکی شۆڤێنیستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کرداری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا کردووە. بۆیە دەبێت بەدیلی سیاسەتەکانی ئەوان بۆ باری نوێی کوردستان دیاری بکرێت، جگە لەوەش دەرگای پەیوەندی کردن بە جیهانەوە کراوەیەو دەتوانرێ لە نوێترین و دوا بەرهەمەکانی زانست و تەکنۆلۆژی سوود وەربگیرێت؛ بۆ هەر بوارێك، بۆ هەر گۆڕەپانێك، بۆ گۆڕینی هەر دەسگایەك، بۆ داڕشتنی زانستیانەی هەر پرۆژەیەك جیهانێکی بەرین هەیەو دەتوانرێت تیۆریو پرنسیپە زانستیو کردەوەییەکان وەربگیرێن و لە خزمەتی ئامانجەکاندا دابنرێن.

لەم چەند ساڵەی ژێر سایەی حکوومەتی هەرێمدا، بەردەوام سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لا دەبرێن و سەرپەرشتیارانی نوێ لە شوێنیان دادەنرێن. ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، بەڵام چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە ئاماژە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی سەقامگیر لەم بوارەدا دەکات. ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی کۆنی هێناوەتە گۆڕێو بۆتە مایەی دلساردی کەسانی دلسۆز، چونکە لەم کارەدا، هەرهەمان هەڵەو سیاسەتە بونیادییەکانی

دەسگای پەروەردەیی سەردەمی ڕژێم دووبارە دەبێتەوە کە لەم خاڵانەدا بە کورتی بەرچاویان دەخەین:

١- هەڵەی دانانی سەرپەرشتیاران لەسەر بنچینەی لایەنداریو تەزکییەی حزبی. بۆ دەبێت ئەم کارە هونەرییە کە پسپۆڕێتی سایکۆلۆژیو پەروەردەیی دەوێت، بەبێ چەند پرنسیپێکی جێگیر ئەنجام بدرێت؟ دەسگای پەروەردە، سەبارەت بەم شێوازە لە دانانی سەرپەرشتیاراندا چ کاردانەوەیەك لە جەماوەری مامۆستایان- بە تایبەتی بێلایەنەکان- ڕەچاو دەکات؟ دیارە هەر دەبێت چاوەڕوانی دڵساردیو ناڕەزایەتیو کەمتەرخەمییان بکات سەبارەت بەوەی بە پێی سەرەتاییترین پرنسیپ کە هاوتایی هەل و دەرفەتە مامەڵەیان ناکرێت. ئەم جیاوازی کردنە کارێکی سەلبی لەسەر دەروونی مامۆستایان دەکات، کاتێك دەبینن هاوکارەکانیان بە ناوی سەرپەرشتییەوە دەچنە پۆلەکانیانەوە، چونکە هەر تەنها فەرمانێکی کارگێڕی بەس نییە بۆ ئەوەی مامۆستایان لە ناخی دڵیانەوە سەرپەرشتیارە نوێیەکان لە خۆیان زیاتر بە شایانی ئەو ئەرکە بزانن.

٢- سپاردنی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی مامۆستایانی سەرەتایی بە خودی مامۆستایانی سەرەتایی، نموونەیەکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردەدا نییە. ئەمە دەقاو دەق وەك ئەوە وەهایە ئەرکی فێرکردنی کۆمەڵێك خوێندکار لە پۆلێکدا بە کۆمەڵێ خوێندکاری تر لە هەمان پۆلدا بسپێردرێت.

٣- لەگەڵ ئەوەدا کە دانانی مامۆستایانی خوێندنگا ئامادەییەکان بۆ سەرپەرشتیی پەروەردەیی مامۆستایانی سەرەتایی کارێکی لەبارودروستە، بەڵام دیسان ئەمەش ڕەها نییە چونکە دەبێت ئەمانیش بە بەرنامەی سەرپەرشتی ئاشناو ساز بکرێن. لە هەموو بارێکدا بەبێ

ئامادەکردن و ڕاهێنانی پەروەردەییو سایکۆلۆژی سەرکەوتن بە دەست نایەت و، ئەگەر ئەمە ڕەچاو نەکرێت، لە ڕووی هونەریی ئیشەکەوە، لەگەڵ هەڵەی خاڵی پێشوودا بە ڕێکی یەکتر دێنەوە. مامۆستایانی خوێندنگا ئامادەییەکان هەریەکەیان تەنها لەیەك بواردا پسپۆڕییان هەیەو ئەویش پەیوەندی بە چۆنایەتی وتنەوەی ماددەیەك لە ماددەکانی ئەو قۆناخەوە هەیە، بۆیە نابێت بەبێ هیچ مەرجێك ئەرکی سەرپەرشتیی پەروەردەییان بە سەردا بدرێت.

٤- سەرپەرشتیی پەروەردەیی لە پەروەردەی نوێدا کارێکی پسپۆڕییە، خوێندنی تایبەتی لە زانکۆکاندا بۆ تەرخان کراوە؛ وەك بابەتێکی پسپۆڕی زانکۆکان شەهادەی تایبەتی خۆی دەدەنێ، بۆیە دەبێت ڕێوشوێنی دەستبەرداربوونی سەرپەرشتیی مەسلەکی دابنرێت چونکە ئەو شێوازە سەرپەرشتییە بەسەرچووەو پێداگرتن لەسەر هێشتنەوەی، بە شێوەیەکی سەلبی کار لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات و لە چوارچێوەی ئەقلییەت و لۆژیکی پەروەردەیی تەقلیدیدا گیری دەدات. ئەزموونی سەرپەرشتیارانی ڕابردوو، لە سنوورێکی ئێجگار تەسکدا نەبێت، نە بە کەڵکی ئیمڕۆ دێت و نە بە قازانجی دواڕۆژی پەروەردە دەشکێتەوە. لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای کارێکی نوێدا بە مەبەستی پەرەپێدانی سەرپەرشتیی پەروەردەیی دەبێت بڕیاری بژارکردنی ئەم دەسگایە بدرێت و خوێنی تازەی بەبەردا بکرێت.

٥- هەڵەی هەندێ لەو مەرجانەی بۆ بوونە سەرپەرشتیار دانراون و، هەمدیسان بۆ دانانی سەرپەرشتیارانی دوای ڕاپەڕین دانراونەتەوە. هەندێك لەو مەرجانە سنووری ڕێساو تەعلیماتە کۆنەکانی ڕژێمی نەبەزاندووەو لە پرنسیپە زانستییەکانەوە هەڵنەهێنجراون.

ئیمرۆ پەروەردەی نوێ جەخت لەسەر پێڕەوکردنی بنچینەی بابەتیو زانستیو پەروەردەیی بۆ هەڵبژاردنی سەرپەرشتیاران دەکات و پەنا دەباتە بەر چەندین تایبەتمەندیی رۆشنبیریو مرۆییو هوشیاریی پەروەردەییو توانای داهێنانی شەخسی کە دەبێت لەو کەسانەدا هەبن کە بۆ سەرپەرشتیاری دیاری دەکرێن. مەرجە کۆنەکانی وەك ئیلتیزامی حیزبیو تەمەنێکی دیاریکراوو کارکردنی وەك بەڕێوەبەر بۆ چەند ساڵێك و...هتد، گەلێك مامۆستای بە تواناو چابووك و پڕ ئەزموون و رابردوو پاك لەکیس دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی دەدات.

دووبارەبوونەوەی هەڵەکان و پێداچوونەوەی بنەماکانی هەڵبژاردنی سەرپەرشتیاران لە سەردەمەکانی رابردوودا پرسیاری ئەوەمان دەخاتە بەردەم کە ئایا دەسگای سەرپەرشتی پاش دەستکاریکردنی ئەم دواییەی چی لێچاوەڕوان دەکرێت؟

ئێمە (خەڵکی) چاوەڕوانی ئەوە بووین گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا بکرێت. خوازیاری ئەوە بووین شوێنەواری پەروەردەی رەگەز پەرستانەی رژێم بسڕدرێتەوە. دواکاری دانانی ئەلتەرناتیڤێکی پەروەردەیی نوێین. لایەنگیری بە دەنگەوە چوونی بیرو بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایان و رای گشتین کە بە هاوکاری هەمووان بەدیلێکی هاوچەرخانە بۆ سیستەمی پەروەردەو فێرکردن دیاری بکرێت.

ئەم گۆڕانکارییە. ئەم دیاریکردن و هەڵبژاردنە. ئەم پەرەپێدانە پەروەردەییە، کێ پێی هەڵدەسێت؟ ئایا سەرپەرشتیارانی نوێ، وەك کارمەندان و هەڵسووڕاوانی دەسگایەکی سەرکردایەتی دەتوانن ئەم کارانە لە ئەستۆ بگرن؟ یان دەتوانن وەك سەرکردەی پەروەردەیی، وەك کەسانی

شـارەزاو کارامــە لــە پــەروەردەدا، هاوبەشــییەکی زانســتییانەی ئــەم پرۆسەیە بکەن؟ لە ڕێی:

ا- داڕشـتنەوەی فەلسـەفەی کۆمەڵایـەتی‌و ئامانجـەکانی سیسـتەمی پەروەردەو فێرکردن.

ب- پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن.

ج- سـەر لـەنوێ ڕاهێنانــەوەی مامۆسـتایان بـە هـۆی کـۆرس و ئەلقەکانی خوێندن و چالاکییەکانی دیکەی کرداری مەشقکردنەوە.

د- تۆژینەوەی زانستی لە بابەت هەموو کێشە پەروەردەییەکانەوە.

ه- لێکۆلینـەوەی سیسـتەمی ئەزموونـەکانی قوتابخانـەو دانـانی بەدیلی زانستی لەم کایەیەدا.... هتد.

ئەم ئەرکانەو دەیان ئەرکی‌تر دەستەویەخەی سەرپەرشتیارانی نوێ دەبنـەوە. بۆیـە دواڕۆژی دەسـگای سەرپەرشـتی لـە ژێـر پرسـیاردایەو دەشێت بپرسین: ئایا ئەم دەسگایە بەم شێوەو مەرجانەیەوە دەتوانێت هاوکارییـەکی کاریگـەر بکات و ڕۆڵـی سـەرکردایەتی لە ڕاپـەڕاندنی ئـەم ئەرکانەی سەرەوەدا هەبێت؟

ئەگەر وەڵام لە واقیعەوە وەربگرین، ئەوا مەرجەکان و شەهادەو ئاستی خوێنـدن و واقیعـی زانسـتیی سەرپەرشـتیاران بـە گشـتی وەهـا ناگەیـەنن. ئـەی کەواتـە بۆچـی دانـراون چ پێویسـتییەك پـڕ دەکەنـەوە؟ ئەگـەر دانانیـان پێویسـتییەکی پەروەردەییـە، ئـەوا دەبێـت، بـۆ ئـەوەی شیاوی ئەو دەورە سەرکردایەتییە بن، هەنگاوی جیددی بۆ پـەرەپێدانی زانستی‌و پەروەردەییان بهاوێژرێت.

# دوو ئەلتەرناتیڤ

# بۆ ئایندەی دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی

گومـان لـەوەدا نییـە، تـا سیسـتەمی پـەروەردەو فـێرکردن گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا نەیەت و لە هـەموو بوارەکانی کرداری پـەروەردەدا ئەلتـەرناتیڤی هاوچەرخانـە پیـادە نـەکرێت، هـەندێك لـەو دەسگا پەروەردەییانەی هەن و لە پەروەردەی هاوچەرخدا ڕۆڵیان بەرەو کزی دەڕوات،هەر دەمێنن.

دەسگای سەرپەرشتیی پـەروەردەیی یەکێکە لـەو دەسـگایانەی کە هێشتا چەمکی کۆنـی تێگەیشـتن لـە بارەیـەوە بـاوەو بـە ئاسـانیو بەبێ بەدیلێکی کارامە ناتوانرێت وازی لـێ بهێنرێت. لەبەرئـەوە دەشێت چـاوی پێـدا بگێردرێتـەوەو هـەوڵی چـاککردنی بدرێـت، تـا لـە نێـوان پرۆژەیـەکی چاککردنی گشتیی سیستەمی پـەروەردەدا، بە شـێوەیەکی ئیجابی، جیاواز لەوەی هەتا ئێستا هەبووە، بەگەڕ بخرێت.

بەگشـتی لـە ئاسـتی ئـایندەی ئـەم دەسـگا پەروەردەییـەدا دوو ئەلتـــەرناتیڤ (بدیـــل) زەق دەبنـــەوەو هەریەکـــەیان ڕێوشـــوێنی جێبەجێکردنی جیاوازیان هەیە. ئەم دوو ئەلتەرناتیڤە بریتین لە:-

١- چاوگێڕانەوە بە مەسـەلەی بوونـی دەسـگای سـەرپەرشـتیدا. واتـە داخستنی دەسگاکەو نەهێشتنی سیستەمی سەرپەرشتیی دەرەکی، بە مانـا سەرپەرشـتیی وەك دەسـگایەکی سـەربەخۆو جیـاواز لـە دەرەوەی خوێندنگاکان هەڵبوەشێندرێتەوە.

دامـو دەسگا پەروەردەییەکان و یاسـاو پـەیڕەوەکانی پـەروەردەو فێرکردن، بەگشتی، چاو پێداگێڕانەوەیەکی هەمە لایەنەو وردی گەرەکە.

لـەم چاوپێداگێڕانەوەیـەدا، بوونـی ئـەم دەسـگایە خـۆی پرسـیار رادەکێشێت. دەگونجێ و راستە بپرسین و بڵێین:

ئایا سەرکەوتنی کرداری پەروەردەو فێرکردن بەم دەسگایەوە بەندبووە؟ ئایا مەرجە دەسگایەکی وەها هەبێت؟ ئایا بۆ ئەم دەسگایە هیچ بەدیلێك نییە جێی بگرێتەوە؟

ئیمڕۆ سەرپەرشتیی پەروەردەیی لە زۆر وڵاتی ئەم جیهانەدا بەم شـێوەیەی ئـێرە نـەماوەو شـێوەیەکی دیکـە بـۆ ئاڕاسـتە کـردن و پەرەپێدانی مامۆستایان و خوێندکاران پەیڕەو دەکرێـت؛ بـە تایبـەتی دوو ئـەزموونی نـوێ هـەن، دەکرێـت لـە گۆڕانکارییـەکی بنـەڕەتی سیسـتەمی پـەروەردەدا لەبـەر چـاو بگـیرێن، ئەوانـەش ئـەزموونی (سەرپەرشـتیاری نیشـتەجێی خوێندنگـا)و (سەرپەرشـتیی بـە پێـی پێویسـت)ن. یەکـەمیان لـە بـری سەرپەرشـتیی دەرەکـی، بەڕێوەبـەری قوتابخانەکان بۆ کاری سەرپەرشتی ئامادە دەکات و لـە دوو پرۆسـەی پێگـەیاندن و راهێنـاندا دەیانگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی کـە ئـەم ئەرکـە پەروەردەییەیان پێ بسبپێردرێت. کاری نووسینگەیی، واتـە (سجلات و نوسـراوەی رەسـمیو کاروبـاری کـارگێڕیو رۆتینـی) بـە یـاریدەدەری بەڕێوەبـەرو کارمـەندانی قوتابخانـە دەدات. لـەم سیسـتەمەدا هـەر بەڕێوەبەرەکان خۆیان دەبنە سەرپەرشتیاری خوێندنگاکانی خۆیـان و بـەکارە هونەرییـەکانی کـرداری پـەروەردەو فـێرکردن، بـە شـێوەیەکی راستەوخۆو رۆژانە هەڵدەستن.

ئەزموونی دووەم ( سەرپەرشتی بە پێی پێویست)، شـێوەیەکی نوێیـەو لـە بـارودۆخێکی پێشکەوتووتردا پـەیڕەو دەکرێـت و شـێوازی ئـەزموونی یەکـەمیان تـەواو دەکـات. لـەمیاندا بـۆ هـەر ناوچەیـەکی پەروەردەیی وەکو سلێمانی یان هەولێر یان دهۆك، یان لەهەر یەکەیەکی

بەڕێوەبردنی بچووکتریشدا، کەسانێکی پسپۆڕ لە سایکۆلۆژیی پەروەردەیی‌و کارگێڕی‌و سەرپەرشتیی پەروەردەییدا، بە ناونیشانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یان سەرکردەی پەروەردەیی دادەنرێت. ئەم سەرپەرشتیارانە ( سەرکردانە) ژمارەیان کەمەو تەنها لەسەر داوای بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان سەردانی خوێندنگاکان دەکەن. کارەکەیان کارێکی هونەری رووتە، واتە کارێکی پەروەردەیی‌و سایکۆلۆژییە؛ هەر کاتێك مامۆستاکان یان بەڕێوەبەرەکان لە بەرامبەر کێشەیەکدا دەستەوسان بوون، یان گیروگرفتێکی پەروەردەیی‌و سایکۆلۆژی رووبەڕوویان بووەوەو توانایان بەسەر چارەسەرکردنیدا نەشکا، ئەوا پەیوەندی بەم سەرپەرشتیارانەوە دەکەن، گیروگرفت و کێشەکەیان دەخەنە پێش چاو، کاتی سەردانی قوتابخانە پێکەوە دادەنێن، ئاووهەوای کارێکی زانستی‌و پەروەردەیی ساز دەکەن، ئەگەر پێویستییان بە کەسانی دیکە هەبوو وەك دایکان و باوکانی خوێندکاران بانگیان دەکەن، رۆژی سەردانەکەش بەهەرەوەزی‌و بەڕابەری سەرپەرشتیار لە کێشەکە دەکۆڵنەوەو کاتی پێویستی بۆ تەرخان دەکەن تا چارەسەرەکە بە ئەنجام دەگەیەنن.

٢- ئەلتەرناتیڤی دووەم هێشتنەوەو چاککردنی دەسگاکەیە. ئەم ئەلتەرناتیڤە لەگەڵ لۆژیکی بیرکردنەوەی باوی پەروەردەی ئیمڕۆدا پتر دەگونجێ، سەبارەت بەوەی هێشتا لە کوردستاندا هوشیاریی پەروەردەیی زۆری ماوە پەی بە هەندێ شێوەی نوێ بەرێت. بۆیە لەو سنوورەی بیرکردنەوەی باودا دەشێت بیر لەم ئەلتەرناتیڤە زیاتر بکرێتەوەو رێوشوێنی سەرخستنی بۆ دابنرێت.

هەر لەم بارى سەرنجەوە، لەبەر رۆشنايى پرنسيپە زانستييەكانى چاككردن و پەرەپێدانى ئەم بوارە پەروەردەييەدا، ئەم چەند پێشنيازە تۆمار دەكەين:

أ- يەكەكانى سەرپەرشتيى پەروەردەيى لە هەرێمى كوردستاندا بە شێوەيەكى كاتى دابخرێن و سەرپەرشتيارەكان بۆ خوێندنگاكان رەوانە بكرێنەوە چ بە مامۆستايى يان وەكو بەڕێوەبەر.

داخستنى ئەم يەكانەى سەرپەرشتيى بۆ شەش مانگ يان سالێك و گێڕانەوەى سەرپەرشتيارەكان بۆ سەر كارى پێشووى خۆيان، هيچ كارێكى سەلبى لە قوتابخانەكان ناكات، هەروەك چۆن پەنجا سالْ پترە كارێكى‌ئيجابى لێنەكردوون؛ هەندێ لەو كاروبارانەى كە ئێستا سەرپەرشتيارەكان دەيكەن، دەتوانرێت بدرێتە بەشە ئيدارىو هونەرييەكانى ديوانى بەڕێوەبەرايەتى گشتى پەروەردە كە هەريەكەيان بە پێى سنوورى كارى خۆيان رايانبپەڕێنن.

ب- تيپێكى تۆژينەوەى پەروەردەيى بۆ لێكۆڵينەوەى واقيعى ئەم دەسگايە دابنرێت. لە دواى لێكۆڵينەوەو تۆژينەوەيەكى مەيدانى، بە سوود وەرگرتن لە بنچينە زانستييەكانى كارى سەرپەرشتىو پاش خوێندنەوەى ئەزموونى هەندێ وڵاتى پێشكەوتوو لە پەروەردەو فێركردندا، سەرلەنوێ، مەرجەكانى بوونە سەرپەرشتيار دابرێژنەوەو پاش خستنەڕووى بۆ راى گشتى پوختەكەى لەبەردەم كۆنگرەيەكى پەرەوەردەيى تايبەت بە چاككردنى بارى ئێستاى پەروەردەو فێركردن دابنرێت هەتا بڕيارى ئێجگارەكى لەسەر بدات.

ج- دوابەدواى بڕياردانى مەرجەكان و لەبەر رۆشنايى ئەو مەرجانەدا- بە پێى پێويستيى قوتابخانەكان _ دەرگاى خۆ پاڵاوتن بۆ ئەم دەسگايەو

بۆ ئەم کارە بخرێتە سەر پشت و ئەوانەی وەردەگیرێن بۆ ماوەی شەش مانگ هەتا ساڵێك لە کۆرسێکی راهێناندا، بە پێی بەرنامەیەکی چڕوپڕ، لە یەکێك لە زانکۆکانی کوردستاندا، بخوێنن و پراکتیکی خوێندنەکەشیان بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراوو، گەر بلوێت، بە سەرپەرشتیی چەند شارەزایەکی بیانی لە رێکخراوی ( یۆنسکۆ)، بکەن. دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەکە لە رێکخراوی(یۆنسکۆ) یان لە هەر زانکۆیەکی ئەوروپا یان پەیمانگایەکی پەروەردەی بەردەوام وەربگیرێت. دەرچووانی ئەم کۆرسی مەشقکردنە شەهادەی دیپلۆمیان، وەك پسپۆڕ لە سەرپەرشتی پەروەردەییدا، پێبدرێ.

پەیرەوکردنی بنچینە زانستییەکانی پێکهێنانی سەرپەرشتیی پەروەردەیی، دانانی بەرنامەیەکی زانستی لەم شێوەیە بۆ کۆرسی راهێنانی سەرپەرشتیارانی نوێ لە کوردستاندا، هیواو خۆشبینی ئەوە دەخاتەوە، کە ئەم دەسگایە ئاستی ئێستای تێپەڕێنێ‌و بەرەو ئاستێکی بڵندو پێشکەوتوو هەنگاو هەڵبنێت.

# پرۆژەی بەرنامەیەکی راهێنان
# بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی نوێ

یەکێك لەو شێوازانەی ئیمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بۆ گەشەکردنی کادیرە ئیداریو هونەرییەکانی نێو دەسگاکانی دەوڵەت دەگیرێتە بەر، بە تایبەتی لە کاتی گواستنەوەی ئەم کادیرانەدا لە کارێکەوە بۆ کارێکی نوێ، راهێنانیانە بەپێی پێداویستی کارە نوێیەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە کۆرسی تایبەتی بەو کارانە دەکرێتەوەو بە پێی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ئەو کارەی پێیان دەسپێردرێت ئامادە دەکرێن.

لێرەدا پرۆژەی کۆرسێکی تایبەت بە سەرپەرشتیارە نوێیەکان پێشنیاز دەکەین، تا بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی رابهێنرێن و لەم کارە نوێیەی لە ئەستۆیاندا دانراوە سەرکەوتووبن و ئاستی ئێستایان بەرەو ئاستێکی بەرزتر تێبپەڕێنن.

سەرەتا بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی زانستی پێویستە جۆری پێداویستی سەرپەرشتیارەکان بزانرێت. پێداویستیش چەند لایەنێك دەگرێتەوە وەك: زانیاری، کارامەیی، مەیل، توانای ئیداریو هونەری راستەقینە، شایستەی شەخسی بۆ کارەکەو....هتد. ئەم پێداویستییانە لە چۆنایەتی پێداویستییەکانی کارەکەوە سەرچاوە دەگرن.

جۆری کاری نوێی ئەو مامۆستایانە سەرپەرشتیکردنی کرداری پەروەردەو فێرکردنە لە قۆناخی سەرەتاییدا، واتە سپاردنی رۆڵێکی سەرکردایەتییە پێیان کە لەگەڵ رۆڵی پێشوویاندا وەك مامۆستاو

**٢ ) ناوی بەرنامەکە :**

لەبەرئەوەی بەرنامەکە بۆ ئامادەکردنیانەو ئەو مامۆستایانە بۆ یەکەم جارە ئەرکی سەرپەرشتیارییان دراوەتێ، دەبیت تەئهیلی بێت، بەم پێیە (( کۆرسی تەئهیلی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی نوێ)) بۆ ئەم بەرنامەیە ناویکی گونجاوە.

**٣ ) ماوەی بەرنامەکە :**

ماوە بە پێی ئامانج و چۆنایەتی کۆرسەکە دیاری دەکرێت، جا لەبەرئەوەی ئەم کۆرسە تەئهیلییە، پێویستە ماوەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و هەفتانە (٥) رۆژ دەوام و رۆژانە (٤) وانە بخوێندرێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەشداربووان بە درێژی ماوەکە دەستیان بەتاڵ بێت و هیچ ئەرکێکی رەسمییان لەسەر نەبێت.

**٤ ) شوێنی جێبەجێکردنی بەرنامەکە :**

لە حاڵەتێکدا ئەگەر کادیری راهێنان لە زانکۆکاندا هەبێت، باشتر وەهایە یەکێك لە کۆلیژەکان وەك کۆلیژی پەروەردە لە هەولێر یان کۆلیژی ئاداب لە سلێمانی بە شوێنی کۆرسەکە دیاری بکرێت، بەڵام ئەگەر کادیری تەواو نەبوو، ئەوا بەڕێوەبەرێتی ئامادەکردن و راهێنان لە سلێمانی و هەولێر گونجاوترین شوێنن کە دەوامیان تێدا بکرێت.

**٥ ) ئیدارەی بەرنامەکە :**

بەڕێوەبردن و هەڵسوراندنی کۆرسەکان بە بەڕێوەبەرەکانی ئامادەکران و راهێنان لە پارێزگاکاندا بسپێردرێت.

**٦ ) بابەتەكانی بەرنامەكە:**

بابەتەكانی هەر بەرنامەیەكی راهێنان پێداویستییەكان دیارییان دەكەن. ئەم بابەتانە لەلایەك، دەبێت زانیاری گشتی نزیك لە خودی ئەو ئەركانەی بە سەرپەرشتیاران دەدرێن بگرێتەوەو، لەلایەكی ترەوە دەبێت بەشێكی زۆری لایەنی پسپۆڕی تێدا بێت كە سەرپەرشتیاران رۆژانە لە كارەكانی خۆیاندا پێویستییان پێدەبێت. بۆیە، بۆ ئامادەكردنی هەمە لایەنەی تیۆری و پراكتیكی سەرپەرشتیاران، دەبێت بەرنامەی مەشق پێكردنیان ئەم بابەتانەی تێدا بێت:

١/٦ سەرپەرشتیی پەروەردەیی (مێژووی پەرەسەندنی، ئەركەكانی، شێوازە كۆن و نوێیەكانی...هتد).

٢/٦ ئیدارەی پەروەردەیی‌و گیروگرفتەكانی.

٣/٦ گیروگرفتە پەروەردەیی‌و سایكۆلۆژییەكانی خوێندكارانی قۆناغی سەرەتایی.

٤/٦ بنەماكانی داڕشتن و دانانی بەرنامەكانی خوێندنگاو كتێبەكانی خوێندن.

٥/٦ بەرنامەڕێژی‌و ئاماری پەروەردەیی.

٦/٦ تۆژینەوەی پەروەردەیی ( تۆژینەوەی: مێژوویی، وەسفی، پراكتیكی‌و تەركیزكردنە سەر تۆژینەوەی ئیجرائی).

٧/٦ راهێنانی پەروەردەیی (دیاریكردنی پێداویستییەكان، بەرنامەڕێژی راهێنان، بەڕێوەبردنی بەرنامەكانی، شێوازەكانی، هەڵسەنگاندنی).

٨/٦ پێوان و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی‌و سایكۆلۆژی.

٩/٦ سایكۆلۆژیی كۆمەڵایەتی ( پەیوەندییە مرۆییەكانی نێو خویندنگاو چۆنایەتی گەشەپیكردنی كۆمەلەكانی).

٦/١٠ سـايكۆلۆژیی پـەروەردەیی ( تەركیزكردنـە سـەر تیۆرییـە نوێیەكانی فێربوون).

٦/١١ رێگا هاوچەرخەكانی وانەگوتنەوە ( رێگا گشتییەكان، رێگای تایبەتی گوتنەوەی هەر یەكێك لەم تەوەرانە: زمان، بیركاری،كۆمەلایەتی، زانستەكان).

٦/١٢ سـەرەتایەك دەربـارەی یاسـا (یاسـاو نـیزام و تەعلیماتـە پەروەردەییەكان).

ئەم بابەتانـە قـابیلی زیـادكردن و لێكەمكردنـەوەن و پێویسـتە لیژنەیـەكی تایبـەتی لـە مامۆستایانی كۆرسـەكەو پسـپۆرانی راهێنـان و سەرپەرشتیاری یەكەم و چەند سەرپەرشتیارێكی پسپۆڕیو پەروەردەیی خـاوەن ئـەزموون و سـەركەوتوو (تفـاصیل)ی بابەتـەكان و رێـژەی ئـەو كاتەی بەهەر بابەتێك دەدرێت بڕیار بدات.

**٧ ) شێوازەكانی جێبەجێكردنی بەرنامەكە :**

دیارە بۆ راهێنان لەهەر بابەتێكدا شێوازێكی گونجاو بۆ ئەو بابەتە هەیە. ئەو بابەتانـەی لـە خـالّی پێشتردا دەستنیشـان كـران بـە چـەندین شێوازی جیاجیا جێبەجێ دەكرێن كە گرنگترینیان ئەمانەن:

٧/١ موحازەرات

٧/٢مشتومڕی ئاڕاستەكراو.

٧/٣ئەڵقەكانی لێكۆڵینەوە.

٧/٤ وەلامدانەوەی راهێنانەكان.

٧/٥ تۆژینەوەو سیمینار.

٧/٦ بینین و پراكتیكی مەیدانی.

**٨ ) مامۆستایانی بەرنامەکە :**

پێویستە ئەو مامۆستایانەی لەم بەرنامەیەدا دەرس دەڵێنەوە لەو وانانەدا پسپۆڕ بن. شێوەی پسپۆڕێتییان ورد بێت و لە حاڵەتی نەبوونی پسپۆڕێتی ورددا لە نزیکترین پسپۆڕێتی بۆ ئەم مەبەستە سوود وەربگیرێت بە پێی ئەم زنجیرەو ئەولەوییاتەی لای خوارەوە ریزیان دەکەین:

٨/١ مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵگرانی شەهادەی ماجستێرو دکتۆرا بە پێی نامەو ئوتروحەکانیان.

٢/٨ مامۆستایانی پەیمانگاکانی ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەڵگرانی شەهادەی بەکالۆریۆس لە پەروەردەو سایکۆلۆژیدا.

٣/٨ سەرپەرشتیارانی خوێندنگا ئامادەییەکان ( قۆناغی دووەمی خوێندن) بە پێی پسپۆڕێتییان.

٤/٨ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەوانەی دیارن و ئەزموونێکی زۆریان هەیە.

**٩ ) هەڵسەنگاندنی بەرنامەکە :**

بەرنامەکە بەم رێیانە هەڵبسەنگێندرێت:

١/٩ تاقیکردنەوەی بەشداربووان لە کۆتایی کۆرسەکەدا.

٢/٩ ئەنجامی سیمینارەکان کە سەرپەرشتیارە نوێیەکان تۆژینەوەکانیانی تێدا باس دەکەن؛ ئەو تۆژینەوانەی کە وەك یەکێك لە ئەرکەکانی کۆرسەکە بەسەریاندا دەدرێت.

٣/٩ راپرسی بەشداربووان لەسەر بەرنامەکە.

٤/٩ راپرسی ماموٚستایانی کوٚرسەکە لەسەر بەرنامەکە.

٥/٩ راپرسی بەڕێوەبەرانی کوٚرسەکە.

٦/٩ موتابەعەی بەشداربووان و تێبینی راستەوخوٚیان لە کارکردندا کاتێ لە لایەن ماموٚستایانی کوٚرسەکەو سەرپەرشتیاری یەکەمەوە سەردانیان دەکرێت.

لە کوٚتایدا دەبێت ئەو راستییەش بلێین کە بەرنامەکان بەبێ کەموکووڕی نابن و تەنها لە ئەزموون کردنیاندا چاکتردەبن و پەرەدەستێنن و سواریش تا نەگلێت نابێ بە سوارچاک.

## بەدیلێکی تر
## بوٚ پەرەپێدانی ئاستی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

تایبەتمەندییەکی پەرەپێدانی پەروەردەیی لە ولاٌتە دواکەوتووەکاندا، بایەخدانە بە لایەنی چەندایەتی‌و پشتگوێ‌خستنی لایەنی چوٚنایەتییە. ئەم تایبەتمەندییە گشت ئاستە پەروەردەییەکان دەگرێتەوەو سیستەمە پەروەردەییەکان بە شانازییەوە ئاماری پێویست، وەك نیشانەی پەرەپێدانی کردارە پەروەردەییەکان، ئامادە دەکەن و بە بەلٌگەی سەرکەوتنی خوٚیانی دەزانن؛ لەم روانگەیەشەوە بوٚ پەرەپێدانی دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی، ژمارەی سەرپەرشتیاران زیاد دەکەن و لە رێی رێژەی ئەو ماموٚستایانەی بەر هەر سەرپەرشتیارێك دەکەون

لایـەنی چۆنایـەتی سەرپەرشـتی کـردن دادەپۆشـن و بـە لاسـەنگی پەرەپێدان دەخەنە ڕوو.

ئەم شێوازو جۆرە تێگەیشتنە لە پەرەپێدانی پەروەردەیی یەکێك لەو کۆسپانەی سەرەڕێی پەروەردەی نویٚ پێکدەهێنێت، بۆیە پێویستە لە هەر وەرچەرخاندنێکی سیاسی- پەروەردەییدا بەر ڕەخنە بدرێت و ڕێگا چارەیەکی زانستی- پەروەردەیی هاوچەرخانەی بۆ دابنرێت.

جەوهـەری کـرداری سەرپەرشـتی کـردن کـارێکی پـەروەردەییو سایکۆلۆژییە. سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە پێودانگی جێبـەجیٚ بوونی ئەم دووکارە یـەکانگیرو لـە یـەکتری دانـەبڕاوە دیـاری دەکرێت. کارەکانیتر، بە تایبەتی کارە کارگێڕییەکان و ئەو ڕۆتینـەی سەرپەرشـتی کـە جێبـەجیٚ دەکرێـت،کـاری پلـە دووی سەرپەرشـتییەو دەبێت لە خزمەتی لایەنە پەروەردەییو سایکۆلۆژییەکاندا بێت.

بەرەو پێشـەوەچوونی پرۆسـەکەو ئاسـتی بـەرزی پـەروەردەییو سایکۆلۆژی لـە خوێندنگاکاندا چۆنایـەتی پـەروەردە دەردەخـات و، بـۆ خوێندنـەوەی چۆنایـەتی هـەر سیستـەمێکی پـەروەردەیی دەبێت کـردارە پەروەردەییو سایکۆلۆژییەکان سەر دەسگای شیکردنەوە بخرێن، ئەو کاتـە بـە دڵنیاییـەوە بڕیـاری سـەرکەوتن یـان سـەرنەکەوتن لـە بـواری پەروەردەو فێرکردندا دەدرێت. بـەم پێیـە دەتوانین بڕیـاری چۆنایـەتی ئاسـتی سەرپەرشـتی کردنیـش بدەیـن، سـەبارەت بـەوەی کـرداری سەرپەرشتی کردن ئاڕاستەی ئـەم دوو لایەنـە دەکـات. کەواتـە ئاسـتی سەرپەرشتی کۆمەڵێك شارەزاییو کارامەیی پەروەردەییو سایکۆلۆژی -بە پلەی یەکـەم- پێویسـتەو بـەبیٚ ئـەوە سیسـتەمی پـەروەردەیی لـە ژمارەی زۆرو بۆری سەرپەرشتیاران هیچ ناچنێتەوە.

سەرپەرشتیی پەروەردەیی لە ڕێگەی شێوازی جیاجیای سەرپەرشتی کردنـەوە ئـەنجام دەدرێـت. ئـەم شـێوازانە، چ شـێوازە فـەردیو چ شێوازە کۆمەڵییەکان، بەبێ شارەزاییو کارامەیی لە جێبەجێکردنیاندا، توانای ئاڕاستەو رابەریکردنی پەروەردەییو سایکۆلۆژیی مامۆستایانی تێدا نابێت.

سەرپەرشتیاران بۆ ئەوەی کارەکـەیان بە باشی هەڵبسووڕێنن و مامۆسـتاکان ڕێزیـان بگـرن، دەبێـت توانـای جێبـەجێکردنی ئـەو شـێوازانەیان هـەبێت، بتوانـن ئیـدارەی کۆبوونـەوەو کـۆڕو ئەڵقـەکانی خوێندن و ڕاهێنانی مامۆستایان بکەن، هاوبەشییەکی کاریگـەریان لـە چارەسەرکردنی پەروەردەییو سایکۆلۆژیی گیروگرفتەکانی مامۆستایان و خوێندکاراندا هەبێت، ئەوەش بە بەکارهێنانی زانیاری ئـەکادیمی و کارامـەیی پراکتیکـیو لێـهاتوویی شەخسـییان لـە ڕووی زانسـتیو پەروەردەییـەوە دەبێـت، نـەك لـە ڕووی کـارپێکردنی دەسـەڵاتی رەسمییانەوەو، تاکە ئامرازێکیان ئەمر دەرکردنی بیرۆکراسیانە بێت!!

سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەیی، دیسـان وەك سـەرکردەی پەروەردەیی، دەبێت ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێگـەیاندنی مامۆستایاندا هـەبێت و سـەرچاوەی زانسـت و ڕێنمـایی پـەروەردەییو رابـەریکردنی سایکۆلۆژییان بـن. دەبێـت توانـای راهێنـانی مامۆسـتایانیان هـەبێت و لـە ئاسـتێکی وەهـادا بـن کـە بـۆ کۆرسـەکانی مەشـقکردن پـەنایان بـۆ ببرێت و کاری وانە گوتنەوەو ڕاهێنـان و ئاڕاستەکردنی مامۆستایانیان پێ بسپێردرێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت هـەوێنی هەڵسووڕاندن و جێبـەجێکردنی هـەموو پـڕۆژە پـەروەردەییو کـارە پـەروەردەییو

سایكۆلۆژییەكانی نێو دەسگای پەروەردە بن و كادیری ریزی پێشەوەی رەوتی پەروەردەو فێركردن پێكبهێنن.

دەسگای سەرپەرشتیی پەروەردەیی هیچ بیانوویەكی بۆ مانەوە نامێنێت و هەڵوەشاندنەوەی چاكتر دەبێت ئەگەر سەرپەرشتیارەكان ئەو توانایەیان نەبێت، وەك ئەوەی ئیمرۆ بە گشتی لە كوردستاندا دەیبینین و، زۆرو بۆری حاڵەتێكی پەروەردەیی شپرزەو راوەستاوو گیر خواردووی خستۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئێستا؛ بۆ پەرەپێدانی ئاستی ئەو دەسگایەو، جگە لەو ئەلتەرناتیڤانەی پێشتر پێشنیازمان كرد، دەتوانرێت بە دیلێكی تر بۆ دەرچوون لەم كێشەیە پەیرەو بكرێت و رێوشوێنی بەدیهێنانی دابنرێت. لەم بەدیلەیاندا زانكۆ رۆڵی خۆی دەبینێت و دەتوانرێت بەشێكی تواناو ئیمكاناتی زانكۆ لە بواری پەروەردەییدا بۆ پەرەپێدانی سەرپەرشتیی پەروەردەیی بەكاربهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەكرێت بیر لە پرۆژەیەكی وەها بكرێتەوەو لیژنەیەكی هاوبەش لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و زانكۆی صلاح الدین لەم خاڵە سەرەتاییانەی پرۆژەكە بكۆڵنەوە:

١) لقێك لە بەشی سایكۆلۆژیی سەر بە كۆلیژی پەروەردەدا بكرێتەوە بە ناوی (( لقی كارگێڕیو سەرپەرشتیی پەروەردەیی)).

٢) خوێندن لەم لقەدا ئێواران بێت.

٣) ئەم لقە بە تایبەتی بۆ سەرپەرشتیارانی پەروەردەییو بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگا سەرەتاییەكان بێت.

٤) ئەولەوییەت بۆ سەرپەرشتیاران بێت و مانەوەی هەر سەرپەرشتیارێك لە كارەكەیدا بە مەرجی تەواوكردنی خوێندن لەم لقەدا ببەسترێتەوە.

٥) ئەو بەڕێوەبەرو مامۆستایانەی ئەم لقە تەواو دەکەن بۆ سەرپەرشتیاری ئەولەوییەتیان هەبێت.

٦) بۆ بەرنامەکانی خوێندن لەم لقەداو جۆری پسپۆڕێتی ئەو مامۆستایانەی هەڵیدەسووڕێنن سوود لە ئەزموونی بەشی پەروەردەو سایکۆلۆژی سەر بە زانکۆی ( المستنصرية)و پەیمانگای پەرەپێدانی پەروەردەیی لە بەغدا وەربگیرێت یان لە ڕێگەی ڕێکخراوی (یۆنسکۆ)وە چەند بەرنامەیەکی کارگێڕیو سەرپەرشتیی پەروەردەیی زانکۆ ئەوروپاییەکان وەربگیرێت و بە پێی پێداویستیو واقیعی خوێندنگاکانمان لێی هەڵبژێردرێت.

دەرچووانی ئەم لقە پەروەردەییە شەهادەی بەکالۆریۆس هەڵدەگرن و نەك هەر لە بواری سەرپەرشتیی پەروەردەیی خوێندنگاکاندا بەڵکو لەبەشە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم و بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەدا سوودیان لێوەردەگیرێت. دەکرێت لە هەر یەکێك لەم بوارانەدا توانای زانستیو پەروەردەیی ئەم دەرچووانە بەگەڕ بخرێت:

أ- بەشەکانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە.

ب- بەرنامەڕێژیی پەروەردەیی.

ج- ئامارو هێزی کار.

د- بەرنامەکان.

هـ- ئامادەکردن و ڕاهێنان.

و- ئەزموونەکان.

ز- چالاکی قوتابخانەکان و هۆیەکانی فێرکردن.

جگە لەمانەش دەتوانرێت وەك مامۆستایانی پەیمانگای ئامادەکردنی

مامۆستایان و رابەرانی پەروەردەیی لە خوێندنگا ئامادەییەکان دابنرێن و، لە حاڵەتی بەردەوام بوونی خوێندن لەم لقەداو دەرچوونی ژمارەیەکی زۆرو پڕبوونەوەی ئەو دەسگایانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەتوانرێت بۆ بەڕێوەبەرێتی خوێندنگاکان لە هەموو قۆناخەکاندا ئاراستە بکرێن. دیارە دەرچووانی زانکۆ لەم بوارە پەروەردەییەدا بە ئاست و توانایەکی بەرزتر لەوەی ئێستا هەیە- بە جیاوازی جۆری کارە پەروەردەییەکانەوە- روو لە خوێندنگاو دامەزراوە پەروەردەییەکان دەکەن و بەبێ هیچ گومانێك تەکانێکی پەروەردەیی گەورە بە پڕۆسەو رەوتی پەروەردەو فێرکردن دەدەن و لەم ئاستە وێرانەی ئێستایەوە بۆ ئاستێکی بالاو پێشکەوتوو دەیگوێزنەوەو ئەو کاتەش هاوتاییو هاوکێشەی نێوان چەندایەتیو چۆنایەتی بەدی دەهێنرێت.

## شێوەی پسپۆڕی
## بۆ سیستەمی سەرپەرشتیی پەروەردەیی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پەرەسەندنی زانیاری مرۆڤ، پەیوەندی نێوان (گشت و تایبەت)ی زانیارییەکانە لە پرۆسێسێکی بە یەکداچوودا. ئەم دوو لایەنە جێگۆڕکێ دەکەن، گشت لە تایبەت و، تایبەت لە گشتدا بەرجەستە دەبێت و یەکتری بەرەو پێشەوە ئاڕاستە دەکەن. تێگەیشتنی ئەم پەیوەندییەو دەستنیشانکردنی هۆکاری پێشکەوتن لە نێوانیانداو، لە هەر قۆناغێکدا، بەڵگەی هوشیاری بە دەستەوە دەدات.

بۆیە چ لە زانست و چ لە رۆشنبیریدا، چارەسەرکردنی ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی راست پێشکەوتنی هەر یەکێکیان زامن دەکات.

مەعریفەی بەشەری لە جیهانی ئیمڕۆدا، بە تایبەتی لە بوارە سروشتیو مرۆییەکاندا، لە گشتەوە بەرەو تایبەت و پاشان بۆ گشتیبوونەوەی تایبەت، هەنگاو دەنێت. گەشەکردن و پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆژیا رۆژانە کاری پسپۆڕیی نوێی لێدەرسکێ. هەتا دێت لایەنە پسپۆڕییەکان وردو قووڵ دەبنەوە؛ بە رادەیەك نەك هەر سەرجەمی بوارە مەعریفییەکانیان گرتۆتەوە، بەڵکو لە پراکتیکی ژیانی مرۆکانی سەردەمدا بە زەقی رەنگدەدەنەوە. ئەم راستییە بەڵگە نەویستەی کە بە بەرچاوانەوەیە، رووکارێکی سەرەکی پەرەسەندنی زانست و تەکنۆلۆژیاو رۆشنبیریی ئەم چەرخەیە، بۆیە دەبێت لە گۆڕانکارییەکاندا رەچاو بکرێت و لە هەموو کایەکانی ژیاندا سوودی لێوەربگیرێت.

یەکێك لەوکایە پڕ بایەخانەی کە گەشەکردن و گۆڕانکاریی ریشەیی تێدا بە تێگەیشتنی ئەم دیاردە جیهانییەوە بەندە، سیستەمی پەروەردەو فێرکردنە؛ چونکە رادەی چوونە پێشەوەو، تۆکمەیی بونیادی ئەم سیستەمەو، هاوبەشیکردنی رەوتە جیهانییەکەی پەروەردەو فێرکردن، پێویستی بە چاککردنی رێگاکانی فێربوون و تیژکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی زانستی و شیکرنەوەی شێوازەکان و بەرنامەرێژکردنی بەرنامەکان و گۆڕانکاریی لە چۆنایەتی ئاستی سەرتاپای توخمە مادديو مرۆییەکاندا هەیە. ئەم ئەرکە گەورەیەش کارێکی گشتيو هەمە لایەنەیە، کە لە هەر بەشێکیدا- چەندە بچووك و وردیش بێت- بە مەعریفەو پراکتیکی تایبەتی، واتە پسپۆڕی جێبەجێ دەکرێت.

دیارە لە نێو سیستەمە پێکهێنەرەکانی سیستەمی پەروەردەو

فێرکردندا، سیستەمی سەرپەرشتیی پەروەردەیی- ئەگەر بەشێکی رەسمی پەیکەری سیستەمەکە بێت- ئەرکی سەرکردایەتیو پێشرەویو ئاراستەکردنی گۆرانکارییەکان دەبینێت، بۆیە مەعریفەی پسپۆری بۆ سەرپەرشتی کردن و، پراکتیکی پسپۆری بۆ سەرکردایەتی کردنی بە کردەوەی پرۆسەی گۆرانکاری، بۆ دەسگاکەی پێویستەو، بەبێ ئەم پسپۆرێتییە کارەکەی مایە پووچ دەردەچێت.

.ئێستا سەبارەت بە مەسەلەی سەرپەرشتیی پەروەردەیی بۆ خوێندنگا سەرەتاییەکان، لەو سیستەمە پەروەردەییانەدا کە سەرپەرشتیی پەروەردەییان تێدایە، دوو روانگەی جیاواز هەن کە هەردووکیان وەك دوو ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سەرپەرشتیی پەروەردەیی لە کوردستاندا- بە پەیوەندی لەگەڵ بنەماکانیان لە هەندێك ئەلتەرناتیڤی دیکەدا- دەخەینە سەر ئەلتەرناتیڤەکانی تر کە لە ئەڵقەکانی پێشووی ئەم زنجیرە وتارەدا بەیانمان کرد:

١- سەرپەرشتیی گشتی بۆ هەموو توخمەکانی کرداری فێرکردن.

٢- سەرپەرشتیی پسپۆری لەسەر بنچینەی بابەتەکانی قۆناخەکە یان کۆمەڵە بابەتێك لە قۆناخەکەدا.

لە یەکەمیاندا، سەرپەرشتیار بەرپرسیار دەبێت لە ئاراستەکردن و چاککردن و گەشەسەندن و پەرەپێدانی: ( ئیدارە، مامۆستا، خوێندکار، بەرنامەکانی خوێندن، ئەزموونەکان، هۆیەکان، رێگاکانی وانە گوتنەوە، ئامانجە پەروەردەییەکان....هتد). ئەم کارانەش سەرپەرشتیارێکیان دەوێت کە لە زانستی پەروەردەدا پسپۆر بێت و بەر لەوەی ئەرکی سەرپەرشتیاری پێبدرێت بۆی ئامادە کرابێت. لە دووەمیشیاندا سەرپەرشتیار خاوەنی بروانامەیەکی پسپۆری دەبێت لە یەکێك لە

بابەتـەكانی خوێنـدن لـە قۆناخەكـەدا بـە مـەرجێك تەئـهیل و پراكتیكـی پەروەردەیی هەبێت. ئەم سەرپەرشتیارە لە بواری بابەتە پسپۆڕییەكەیدا سەرپەرشـتیی پـەروەردەیی مامۆسـتاكان دەكـات و بەرپرسـیار دەبێـت لەهـەر لایـەنێكی پـەروەردەیی و زانسـتی كـە پـەیوەندی بـە بابەتـە پسـپۆڕییەكەیەوە هـەبێت؛ ئەمـە جگـە لـە چـەند پسـپۆڕێكی دیكـەش كـە كاری سەرپەرشتیی پەروەردەیی پۆلەكان و خوێندنگاكانی ( پەروەردەی تایبەتی) دەكەن.

دیـــارە پەیكـــەری ڕێكخســـتنی دەســـگای سەرپەرشـــتیی پەروەردەییش لە هەردوو حاڵەتەكەدا- كە پسپۆڕی خاڵی ناوكۆییانە- لەبـەر تیشـكی ئـەو واقیعـە پەروەردەییـەی هەیـەو، بـە پێـی جـۆری سەرپەرشـتییەكەو، بـاری چەندایـەتیو چۆنایـەتی خوێندنگاكـان و، دینامیزمی ئاسانكردنی كاری سەرپەرشتی، ڕێكدەخرێت و دەسـەڵاتی پەروەردەیی هەر وڵاتە لە ڕێی كۆنگرە پەروەردەییەكانەوە بڕیاری لەسەر دەدات.

## بەشی شەشەم

# کتێبی
# ئەلف و بێی کوردی
# بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

# کاتیٚ گۆڕینی کتێبی ئەلف و بیٚی پۆلی یەکەمی سەرەتایی هاتووە

هەموو ساڵێك لە کۆتایی مانگی مارت و سەرەتای نیساندا و تا زیاتر خوێندنگاکان لە تەواو بوونی ساڵی خوێندن نزیك ببنەوە، مامۆستایانی دڵسۆزی وانەی ئەلف و بیٚی کوردیی پۆلی یەکەمی سەرەتایی خەمێکی گەورە دایان دەگرێت، ئەم پەژارەیە کە لە گیانی مشوورخواردن و جیددییەتەوە سەر هەڵدەدات، لە دەروونی ئەم مامۆستایانەدا پەنگدەخواتەوەو هەر لە سەرەتای ساڵەوە کار لە شێوازی گوتنەوەی ئەم وانەیە دەکات. ئەم خەمەش سەبارەت بە درێژی بابەتەکان دروست دەبێت.

مامۆستای ئەلف و بیٚی پۆلی یەکەم- بە تایبەتی ئەوەی بەتەنگ تەواوکردنی پیتەکان و بابەتەکانەوە بێت- ناچار دەبێت چەند وانەیەکی تری وەك وێنەو وەرزش و سروودو زانستەکان وەربگرێت تا بیانکاتە کوردیو فریای تەواوکردنی کتێبەکە بکەوێت، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەفتانە یازدە وانە بۆ ئەلف و بیٚ دانراوە، بەڵام زۆریی بابەتەکان لەگەڵ ژمارەی وانەی بڕیار دراو بۆ گوتنەوەیان ناگونجێت و، بەو شێوەیە نەبێت کە ئاماژەمان بۆ کرد، دەبێت مامۆستا بەشێکی زۆری بۆ ساڵی دووەم بەجێبهێڵێت کە ئەمەش کارێکی نادروستەو لە هیچ سیستەمێکی فێرکردندا قبووڵ ناکرێت. جگە لەمەش، وە نەبێت کەموکووڕی بە تەنها لەم کایەیەدا بێت، بەڵکو کتێبەکە چ لەڕووی ناوەرۆکەوەو چ لە شێوەیدا پڕە لە کەموکووڕیو لانی کەم دەتوانین بڵێین بۆ فێرکردنی منداڵانی ئیمڕۆ نەشیاوەو پێویستە پەلە لە گۆڕینیدا بکرێت.

کتێبی ئەلف و بیٚی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە مامۆستای بەڕێز

(ئیبراهیم ئەمین باڵدار) داینـاوە، پتر لە پەنجا ساڵە لـە خوێندنگاکـاندا دەخوێندرێـت. ئـەم کتێبـە لەسـەر شـێوازی کتێبـی (الخلدونیـة)ی (ساطع الحصري) دانراوە، بۆ چەندین جار لە لایەن خودی دانەرەکەیەوە دەسـتکاری کـراوە. دوا دەسـتکاری کردنـی لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا بـوو، ئـەوەش لـە دەسـتکاری‌کردنی هـەندێ وشـەو رسـتە تێپـەڕی نـەکردو، لـە بـری کەمکردنـەوەی بابەتـەکانی، ئـەوەندەی‌تری خراوەتە سەرو ئەو کێشەیەی بۆ مامۆستایانی ئەلف و بێ‌ی پۆلی یەکەم خەستتر کردۆتەوە.

لە راسـتیدا مامۆسـتایان و شـارەزایانی پـەروەردە لـە دەمێکـەوە هەسـت بە پێویسـتی گۆڕانکاری لـەم بەرنامەیـەدا دەکـەن چونکـە جگـە لـە گۆڕانکـاریی نێـو کۆمـەڵو ئـەو وشـەو واتـاو چەمکـە نوێیانـەی کـە ئەم گۆڕانکارییـە هێناوینێتە کایـەوە، شێوازی گوتنـەوەی ئەلف وبێـش گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە بـە شـێوەیەك کـە نـاوەرۆك و جـۆری گوتنەوەی ئێسـتای ئەم بابەتە لەگەڵیاندا بە ڕێکـی نایەتـەوە؛ بۆیـە لـە ساڵانی رابردوودا پـرۆژەی کتێبێکـی نـوێ بۆ ئەلف و بێ‌ی پۆلی یەکـەم قسەی لێوە دەکراو بە کردەوەش یەك دوو مسۆدە بۆ ئەم کتێبە لەلایـەن چەند مامۆستایەکی شارەزاوە ئامادەکرابوو، بەڵام تـا ئێسـتا دەرفـەتی خستنە ڕوو و باس و لێکۆڵینەوەیان بۆ نە ڕەخساوە.

ئیمـڕۆ، کـاتێك بـیر لـە چاوگێڕانـەوە بـە بەرنامـەکانی خوێندنـدا دەکرێتـەوەو گۆڕانکـاری لـە تـەواوی بەرنامـەکانداو لەسـەر ئاسـتی گشت قۆناخەکانی خوێندندا بووە بە ئەرکێکی پەروەردەیی، پێویستە لـە ئـەلف وبـێ‌ی پـۆلی یەکـەمی سـەرەتاییەوە دەسـت پێبکرێـت و کۆڕو کۆبوونـەوەو سیمیناڕو پێشبڕکێ بۆ باشـترین دانـراوی نـوێ لـەم بـوارەدا سـاز بکرێـت، بـۆ ئـەوەی بـەردی بناغـەی نوێ‌کردنـەوەی بەرنامەکانمان و فێرکردنی زمانی نەتەوەیی بە پتەوی دابڕێژرێت.

# پڕۆژەی کتێبێکی نوێی ئەلف و بێ
# بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی

دەمێکە مامۆستایانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی چاوەڕوانی گۆڕینی کتێبی ئەلف وبێ دەکەن. ئەوان ڕۆژانە بە دەست کەموکوڕییەکانی ئەم کتێبەوە گیرۆدەن و کۆڕو کۆبوونەوە نییە دادو بێداد لە دەست ئەم کتێبە نەکەن، بۆیە ڕای گشتی ئەم مامۆستایانە هەلومەرجێکی لە باری بۆ هێنانە کایەی کتێبێکی نوێ هەڵخستووە.

یەکێك لەو پڕۆژانەی چەند ساڵێکە گەڵاڵە کراوە، ئێستا بە قۆناخی ئامادەبوونی تەواو گەیشتووەو دوا چاو پێداگێڕانەوەو بڕیاری ئێجگارەکی بۆ جێبەجێکردن دەوێت.

ئەم کتێبە نوێیە چەند هەنگاوێکی گرنگی بۆ چاوپشکووتن هاویشتووە، لەوانە:-

١) ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان گشت وێنەکانی بەرەنگاو ڕەنگ ئامادە کردووە.

٢) بابەتەکانی بە خەتی خۆشنووسێکی کارامە نووسراونەتەوە.

٣) سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە پارێزگای سلێمانی، لە ئەڵقەیەکی لێکۆڵینەوەی دوو ڕۆژیدا، لەگەڵ دانەرەکەیدا باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە.

٤) لە دوو ئەڵقەی لێکۆڵینەوەی دیکەدا، دەستەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی پەروەردەییو مامۆستاکانی ئەلف و بێی کوردی لە پارێزگای سلێمانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووەو باری سەرنج و بیروڕای خۆیان لەسەری بە دانەرەکەی داوەو ئێجابییانە هەڵیان سەنگاندووە.

٥) له گشت كۆرسەكانی ئەلف و بیٚ‌ی كوردی، كه ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن هەردوو ڕێكخراوی (یونسیف)و (ICMC) بۆ مامۆستایانی هەموو ناوچەكانی هەردوو پارێزگای سلێمانیو كەركووكیان كردەوە، بەر لێكۆڵینەوەیەكی هەمە لایەنە دراوە.

٦) وانەی ڕاهێنانی لەسەر گوتراوەتەوەو بە ڤیدیۆ وانەكە تۆمار كراوە.

دیارە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم لەم كارە ئاگادارە، بەڵام هێشتا شێوەیەكی ڕەسمی ڕاستەوخۆی وەرنەگرتووەو زیاتر كارەكان بە هەوڵی خودی دانەرەكەی ئەنجام دەدرێن، بۆیە وەها پێویست دەكات بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بە پیر ئەم پرۆژەیەوە بچن و ئیجرائاتی پێویست بۆ تەواوكردنی وەربگرن، لە لایەك بەوەی زنجیرەیەك كۆڕو ئەڵقەی لێكۆڵینەوەی تر بۆ ئەم مەبەستە بڕیار بدەن تا سەرپەرشتیارانی پەروەردەییو شارەزایان و پسپۆڕان و مامۆستایانی ئەلف و بیٚ‌ی كوردی لە پارێزگای هەولێرو دهۆكیش لەگەڵ دانەرەكەیدا لێی‌بكۆڵنەوەو هاوبەشییەكی بەرچاو لە هەڵسەنگاندنیدا بكەن، لەلایەكی دیكەشەوە دەستەیەكی پەروەردەیی باڵا دەستنیشان بكەن یان كۆنفرانسێكی پەروەردەیی بۆ پسپۆڕانی بواری گوتنەوەی ئەلف و بیٚ لەسەر ئاستی هەرێمدا ساز بدەن بۆ ئەوەی ئەم كتێبە دوا شێوەی خۆی وەربگرێت و بە ڕەسمی بڕیاری كارپێكردنی بدرێت.

# پیرۆزاندنی کتێبی ئەلف و بێی کوردی ڕەتدەکەینەوە..!

دوا بە دوای بانگەوازی گۆڕینی کتێبی ئەلف و بێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی چەند دەنگێک، لێرەو لەوێ، لە دژی ئەو بانگەوازە بەرزبووەوە*. لەجیاتی ئەوەی بە سنگێکی فراوانەوە، وەك بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی، لێی بکۆڵنەوەو بیرو بۆ چوون و رایەکانی خۆیان بۆ هاوکاری کردنی پرۆژەی گۆڕانکاریی ئەم بەرنامەیە بخەنە کار، لە سەنگەری بەرگریکردن لێی دامەزران و هێزێکی ئەوەندە مەزنیان دایە پاڵ رۆڵی ئەم کتێبە لە ژیانی رۆشنبیریماندا مەگەر هەر کەسانی ئایینی ئەو رۆڵە بە کتێبە ئاسمانییەکانیان بدەن.

ئەم هەڵوێستە سەلبیە بەرامبەر پرۆژەکانی گۆڕانکاریی لە بەرنامەکانی خوێندندا بە پێچەوانەی میتۆدی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستییە. زانست هیچ راستییەکی زانستیش بە چەسپاوو نەگۆڕ نازانێت و ئەگەری دۆزینەوەی راستیی نوێ لە بوارە زانستییەکاندا دەهێڵێتەوەو، هەر ئەوەشە سەرچاوەی گۆڕانکارییو پێشکەوتنی بێ کۆتایی زانست.

---

* بڕوانە وتاری (( وریا بن دۆی دادە نەڕژێت)) لە نووسینی مامۆستا ئیسماعیل بەرزنجی، ( کوردستانی نوێ) ژمارە (١٢٧١) رۆژی ١٩٩٦/٤/٢٤؛ هەروەها وتاری (( لەمەڕ کتێبی نوێی ئەلف و بێ بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی)) لە نووسینی مامۆستا رۆستەم باجەلان، (کوردستانی نوێ) ژمارە (١٢٨٣) رۆژی ١٩٩٦/٥/١٣.

ئەگەر سەرنجی پرۆسەی گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن لە نیو سەدەی رابردوودا بدەین دەبینین کە کتێبی ئەلف و بێی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی تاکە کتێبێکە کە گۆڕانکاریی بە سەردا نەهاتووە، ئەگەر چی چەند جارێك لە لایەن دانەرەکەیەوە بژارکراوەو لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکیەوە باشتر بووە بەڵام لە ڕووی بونیادییەوە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

هەڵبەت دەستکاری نەکردنی لەلایەن رژێمەوە مایەی بیرکردنەوەیەو دەبێت سەرنجمان رابکێشێ و پرسیارمان لەلا دروست بکات. بۆچی رژێم دەستکاری ئەم کتێبەی نەکرد؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەگەر راستگۆیانە لەگەڵ خۆماندا بدوێین، بەو راستییە ئەگەین کە دەبێت هۆکارێك یان چەند هۆکارێك بنەمای ئەم هەڵوێستە بێت. بۆیە لێرەدا لانی کەم دوو ئەگەر دەستنیشان دەکەین:

١) ئەم کتێبە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هیچ مەترسییەك لەسەر ئایدیاو ئامانجە پەروەردەییەکانی رژێم دروست ناکات و مانەوەی بەو شێوەیە کاریگەرێتییەکی سەلبی پێچەوانە بە بەرنامەکانی رژێم دروست ناکات.

٢) (( رەنگە)) رژێم بە نیازی هێشتنەوەی هەتا سەری خوێندنەوەی کوردییەوە نەبێت و لە ستراتیژی کاری پەروەردەیی خۆیدا نەهێشتنی خوێندنی کوردی دانابێت و چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی سیاسی لەبار بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم خوێندنی کوردیو نەهێشتنی کتێبە کوردییەکان؛ بە تایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییاندا، لە لایەك چەند جارێك بۆ خۆیان کتێبی (الخلدونیة) یان دەست پێداهێناوەو چاکتریان کردووەو، لە لایەکی دیکەوە پرۆژەی کتێبێکی نوێی پۆلی یەکەمی سەرەتاییان داناوەو ئێستا لە ژمارەیەکی زۆری خوێندنگاکاندا ئەزموون

دەکرێ تا دوا بڕیاری خوێندنی لە سەرتاسەری خوێندنگا سەرەتاییەکانی عێراقدا بدرێت، بەڵام لە کوردستاندا رژێم پڕۆژەیەکی وەهای نەخستەڕوو بۆ ئەوەی ئاستی خوێندن و شێوازی فێرکردنی منداڵان لە هەموو عێراقدا بە کوردستانیشەوە شان بە شانی یەکتری بڕوات.

ئەم دوو ئەگەرەی سەرەوە یەکتری تەواو دەکەن و دوو هۆکاری مانەوەی ئەم کتێبەن.

سەرباری ئەوە، ئەگەر لە ڕووی زانستی بەرنامەکانەوە بڕوانینە ئەم کتێبە چەندین خەوش لە پێکهاتەکەیدا هەیە کە لەگەڵ پێوەری نوێ‌و ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی دەربارەی چۆنیەتی کتێبەکانی فێربوونی خوێندن و نووسین کراون نایەنەوە.

لە بەرتیشکی ئەو راستییانەدا گۆڕینی کتێبی ئەلف و بێی کوردی دەبێت لە ریزی پێشەوەی ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانە بێت کە خوازیارین لە بەرنامەکانی خوێندندا روو بدەن.

ئەرکی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و پسپۆڕانی پەروەردەییش لەم بوارەدا ئەوەیە کە پشتگیری هەوڵەکانی گۆڕانکاریی بکەن و پیرۆزیی لە کتێبەکان داماڵن و پیرۆزاندن بە هەموو شێوەکانیەوە رەتبکەنەوە.

# ڕێزی دانەری کتێبی ئەلف و بێی کوردی دەگرین..!

مامۆستا ( ئیبراهیم ئەمین باڵدار) دانەری کتێبی ئەلف و بێی کوردییە بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی. لە کۆتایی ساڵەکانی سیی ئەم سەدەیەدا مامۆستای سەرەتایی بووە. دواتر بە هۆی چابووکیو تواناو لێوەشاوەییو ماندوو بوونی خۆیەوە خوێندنی تەواو کردووەو بڕوانامەی ماجستێری لە ( ڕێگاکانی وانە گوتنەوە)دا وەرگرتووە.

کاتێك مامۆستا (باڵدار) کتێبی ئەلف و بێی کوردی داناوە مامۆستای سەرەتایی بووەو وەك هەر مامۆستایەکی دیکە ئەزموونی وانەگوتنەوەی لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی کوردستاندا هەبووە. ئەو کاتە هێشتا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی شارەزای بنەماو پرنسیپەکانی دانانی بەرنامەو کتێبەکانی نەبووە، بۆیە لە دانانی کتێبەکەدا کت ومت لاسایی چۆنیەتی دانانی کتێبی (الخلدونیة)ی پۆلی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانە عەرەبییەکانی عێراقی کردۆتەوەو، زۆر سەرکەوتووانە بە پێی ئەو کاتە ئەنجامیداوەو تواناییو ماندووبوون وئاستی خۆی تێدا بەرجەستە کردووە. ئەم کارەی بووە مایەی پێشکەوتنیو ڕێی پەرەپێدانی خۆی لەبەردەمدا خۆشکردوو لە پلەو پایەی ڕەسمیشدا توانی بگاتە ئاستێکی بەرزو بۆ ماوەیەك لە بواری بەرنامەکاندا کاربەدەستێکی دەست ڕۆیشتووی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بوو؛ دوا کاریشی لە زانکۆدا، وەك مامۆستایەك، هەر لە خزمەتی خوێندنی کوردیدا بووەو، جگە لەوانە گوتنەوەی، قەڵەمێکی بە بڕشتی ماندوو نەناس بووەو تا ئێستاش کە

خانەنشینە هەر لەسەر ئەو ڕێڕەوە بەردەوامەو درێغی نەکردووە*

مامۆستا (باڵدار) هەتا زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر نەگوێزرابووەوە هاوبەشی زۆربەی ئەو چالاکییانەی دەکرد کە بۆ پەرەپێدانی خوێندنی ئەلف و بێو زمانی کوردی ساز دەدران. لە کۆرسەکانی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئەلف و بێی کوردیو ڕاهێنانی مامۆستایانی کوردیی قۆناغی ناوەندیو ئامادەییدا بەشداری دەکردو لە لیژنە پسپۆڕییەکانی مامۆستایانی ئەلف و بێو زمانی کوردیدا موحازەرەی دەداو بە بیرو تێڕوانینە زانستییەکانی ڕێنمایی مامۆستایانی دەکردو، جگە لە ڕێگاکانی فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین، بنەما سایکۆلۆژیو پەروەردەییەکانی فێرکردنی بە مامۆستایانی زمانی کوردی رادەگەیاند.

مامۆستا ( باڵدار) هەمیشە بە دوای کتێبی ئەلف و بێی کوردییەوە بوو. گوێی لە رەخنەو پێشنیازەکانی مامۆستایان دەگرت و موتابەعەی ئەو راپۆرتانەی دەکرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە دەربارەی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردەیان بەرز دەکردەوە، بەڵام کاتێك بویسترایە دەستکارییەك لە کتێبەکەدا بکرێت خۆی دەگەیاندە وەزارەت و هەر بۆ خۆی ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ دەگرت. هەر گۆڕینێك و پێداچوونەوەیەك و بژارێك لەم کتێبەدا لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا کرابێت بە دەست و قەڵەمی خۆی کراوە کە دوا جاریان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بوو.

---

* داخ و پەژارەمان بۆ مامۆستا (ئیبراهیم باڵدار) کە پار، دوای تەمەنێکی پڕ خزمەت و ماندوو بوون لە بواری پەروەردەو فێرکردن و زمانی کوردیدا دڵی لە لێدان کەوت و بۆ ئێجگاری ماڵئاوایی لێکردین. یادی هەر بەرزو زیندوو بێت. ( نووسەر)

مامۆستا (باڵدار) خۆی لە هەموو کەس باشتر لایەنی کەموکووڕی کتێبەکەی دەزانی بۆیە لە بواری نووسیندا چەند جار ڕێنمایی، بۆ ئاسانکردنەوەی وتنەوەی کتێبەکەی، پێشکەش بە مامۆستایان کردووە.

گرنگترین نووسینی لەم بارەیەوە تۆژینەوەیەکە بە زمانی عەرەبی بە ناوی (الاستعداد للقراءة و الکتابة) کە لە ڕاستیدا نەك هەر بۆ مامۆستایانی ئەلف و بێی کوردی بەڵکو بۆ مامۆستایانی ئەلف و بێی عەرەبییش، ڕابەرێکی پەروەردەیی زۆر بە نرخەو دەبێت مامۆستای ئەو قۆناغە هەیبێت و بیخوێنێتەوەو سوودی لێوەربگرێت و بە کردەوەش جێبەجێی بکات. لە سەرەتادا ئەم تۆژینەوەیە لە گۆڤاری ( زانکۆ)ی زانکۆی سلێمانیدا بڵاوکردەوەو پاشان وەك کتێبێك بە چاپی گەیاند.

دیارە ئەم ماندوو بوون و ڕەنجە نەپساوەیەی مامۆستا (باڵدار) شایانی ئەوپەڕی ڕێزو پێزانینە و دەبێت لە مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا جێی شیاوی خۆی بدرێتێ و هەرگیز لە یاد نەکرێت. ئەمە هەڵوێستێکە دەبێت لەهەر دڵسۆزێکی وەکوو ئەو، لە هەر بوارێکی خزمەتکردنی گەلی ستەمدیدەی کورددا، وەربگیرێت؛ بەبێ ئەوەی گۆڕانکاریی و نوێکارییەکانی سەردەم و ڕانەوەستانی چەرخی مێژووی بەرەو پێشەوە سووڕاوی بەشەرییەت فەرامۆش بکەین، چونکە ئەو جیهانە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایەو دەستکەوتەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا هەموو بوارێك دەگرێتەوەو هەرگیز داهێنان لەسەرەتایەکدا گیر ناخوات و ڕاوەستان لە خاڵێکدا وشکەوە بوون و ژەنگ گرتن و دواکەوتن ئەنجامی دەبێت.

ئێمەی پەروەردەکارانی ئەم کاتەی مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا، کە ڕێکەوتی دوا دەساڵی سەدەی بیستەم دەکات، ئەگەر چی

خۆمان بە قوتابی مامۆستا (باڵدار) دەزانین، هەمووومان قەرزاری ئەو مامۆستا بەڕێزەین و خوێندنەوەو نووسینی پیتەکان و یەکەم وشەکانی زمانی دایکمان بەو کتێبە فێربووین کە ئەو داینا‌وەو سەری ڕێزی بۆ دادەنەوێنین، بەڵام گۆڕینی ئەو کتێبەو دانانی کتێبێکی نوێی ئەلف و بێ بۆ منداڵانی کورد، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت و، پرنسیپە سایکۆلۆژیو پەروەردەییەکانی بواری زانستی بەرنامەکانی تێدا رەچاو بکرێت و ئەم قۆناغەی ژیان و ئاستی پێشکەوتنی زمانی کوردی تێدا رەنگبداتەوە، بە پێویستییەکی هەنووکەیی دەزانین.

دەستپێشخەری بۆ گۆڕانکاریی ئیرادەو زاتی گۆڕانکاریی دەوێت. ئەوەش وەها دەخوازێت هیچ کتێبێك تەقدیس نەکەین، ئەو نووسەرانەی کتێبەکان دادەنێن، چەندە داهێنەریش بن، نەیانبەینە ئاسمان و بەرگی پیرۆزییان لەبەر نەکەین و پاشان وەك بت کڕنووشیان بۆ بەرین. دەبێت هەر یەکەیان لە سنووری کات و شوێنی مێژووی بەرهەم و داهێنانیاندا هەڵیانبسەنگێنین و ئەو راستییە بزانین کە هیچ دانراوێك یان داهێنەرێك دەگمەن و دانسقە نییە و رەوتی مێژووی هەڵکشانی زانستی ئادەمیزاد داهێنانی نوێی ئەوتۆ دێنێتە کایەوە کە بە ئەقڵی ئەمڕۆمانەوە نەتوانین (تصور)ی بکەین.

لەم باری سەرنجەوە گۆڕینی کتێبەکەی مامۆستا ( باڵدار) بە پێویست دەزانین. بڕوامان بەوە نییە کە ئەم کتێبە دەگمەن و دانسقە بێت و لە وێنەی نەبێت. گەلی کوردیش نەزۆك نییەو، لە هەموو بوارێکی ژیاندا، چ ئیمڕۆ چ دواڕۆژ، بەهرەی مەزن و کەسانی بلیمەت و لێهاتووی ئەوتۆ دەخولقێنێ کە وێنەیان لە رابردوودا نەبووبێ.

## بەشی حەوتەم

# نەهێشتنی نەخوێندەواری

# بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا

هەڵمەتی سەرانسەری بە ناو نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە رژێمی ئێستای عێراق لەساڵی ١٩٧٨وە جێبەجێی کرد، کوردستانیشی گرتەوەو بە هەمان ئەو شێوەو شێوازە رەسمییەی نەخشەی بۆ کێشرابوو پەیڕەوکرا. بەڵام ئەم هەڵمەتە لە کوردستاندا، سەرباری ناتەواوییەکانی خۆی، هاوکات بوو لەگەڵ سیاسەتی راگواستن و تەعریب و تەبعیس و پێشێل کردنی تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردو مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان. بەرنامەی رژێم بەرنامەیەکی دووفاقی چەواشەکار بوو، لە کاتێکدا وەك لایەنی رەسمیاتی کارەکە لە جێبەجێکردن و خەرجکردن و موتابەعەو چوارچێوەی رەسمیی بەرێوەچوونی پرۆسەکەدا جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا نەدەکرا، بەڵام بە سیاسەتی تەڕو وشك سووتاندن و چۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان و راگواستنی بەشێك لە گوند نشینەکان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق و هەڵکەندنی ئەوانی دیکەیان لە گوندو ئاوو زەوی خۆیان و کۆکردنەوەیان بەبێ کار لە ئۆردوگا زۆرەملێکانداو گوشار خستنە سەریان تا لە خوێندنگا عەرەبییەکاندا بخوێنن؛ ئەم سیاسەتە ریسەکەی بە خوری کردەوەو تێکشکانی هەڵمەتەکەی لە کوردستاندا زیاتر بە زەقی دەرخست. رێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا نەك هەر نەهاتە خوارەوە بەڵکو دوای ئەنفالەکان بەرەو هەوراز هەڵدەچوو. بە پێی ئاماری رەسمی تا ١٩٨٠/٧/١ لە پارێزگای سلێمانی (٧٨٤٦٣) فێرخوازو لە پارێزگای هەولێر (٩٤٢٤٥)

فێرخوازو لە پارێزگای دهۆك (٥١٣٦١) فێرخواز هەبوون؛ ئەگەر گریمانی ئەوەش دابنێین کە ئەم ژمارانە راستن و هەر هەموویان فێری ((خوێندنەوەو نووسین)) بوون، بەلام هێشتا رێژەیەکی ئێجگار کەمە لە چاو ژمارەی راستەقینەی نەخوێندەوارەکاندا، ئەمە جگە لە وەیدەیان هەزار منداڵ بە هۆی کاولکردنی گوندەکان و کیمیا باران و گواستنەوەو ئەنفال کردن و...هتد، چوونەتە نێو ریزی نەخوێندەوارەکانەوەو بە رادەیەکی بەرچاو کێشەکەیان فراوانتر کردۆتەوە.

ئەم واقیعە تاڵە هەڵمەتێکی گشتیی ژیاریانەی سەرانسەری بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەخوازێت. دەتوانرێت بە رێگای زانستیو پەروەردەیی جێبەجێ بکرێت و سوود لە ئەزموونە ئیجابیو سەلبییەکانی عێراق و وڵاتانی دیکە وەربگیرێت، بەلام ئەگەر ئەمە لەتواناداا نەبوو، واتە لە رووی ئەولەوییەتەوە بارودۆخەکە لە ریزی پێشەوەی بەدەرنێ، ئەوا دەتوانرێت - هیچ نەبێت- بەربەستی هورووژمی نەخوێندەواری نوێ بکرێت، کە بە هۆی پەیرەو نەکردنی خوێندنی ئیلزامیو کۆنترۆل نەکردنی خوێندنی نەوجەوانان و تەرك کردنی قوتابخانە لە لایەن خوێندکارانی سەرەتاییو ناوەندییەوە، پەیتا پەیتا دەرژێتە نێو تابووری نەخوێندەوارانی گەورەوە؛ خۆ ئەگەر ئەمانەش جێبەجێ نەکرێو لە توانای ئیمڕۆی دەسگای پەروەردەو فێرکردندا نەبوو، بە مانایەکی دیکە دەسگای دەوڵەتی لە هەرێمدا دەستەوەستان بێت و هیچی پێنەکرێ، ئەوە هەوڵدانی فەردی ئەم و ئەوو، ئەم رێکخراوی جەماوەریی خۆماڵیو، ئەو رێکخراوی ((خێر خوازی)) بیانی، بەبێ بوونی بەرنامەرێژییەکی مەرکەزیو سیاسەتێکی گشتی بڕیار دراو، تەنانەت بەبێ شارەزایی پەروەردەیی لە کایەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، هەوڵ و رەنج و خۆ

خەریك كردنێكی بێ هوودەیەو هیچ خزمەتێك، نەبە گشتیو نەبە تایبەتی، بە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن ناكات، بەڵكو كۆشش و ماندوو بوون و پـارە بـە فـیڕۆ دەدات و هیـچ كاریگەرێتییـەكی لەسـەر گۆڕانكـاریو گەشەكردنی ئابووریو كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردستان نابێت.

## ئەزموونێكی سەرنەكەوتوو
## بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری

دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای پێكهاتنییەوە تا ئیمڕۆ مەسەلەی نەهێشـتنی نـەخوێندەواری بـە یـەكێك لـە ئەركـەكانی سیسـتەمی پەروەردەیی خۆی داناوە. بۆ چەندین جار یاساو تەعلیماتی تایبەتی بۆ دەركردووە.

ئەزموونی رژێمەكانی عێراق هەر لە بیستەكانی ئەم سەدەیەوە تا سـەر ئـەو هەڵمەتـە گشـتییەی لـە كۆتـایی حـەفتاكاندا كـرا، بـۆ بەرنامـەڕێژانی پـەروەردەو فـێركردن شایانی سـەرنج و تێڕامانـە تـا لـە تـەواوی هەڵـەو كـەموكووڕی وتێكشـكانی ئـەو ئەزموونـە سـوود وەربگـرن و بـە هـەمان رێچكـەدا دەسـت بـۆ كـارێكی بـێ هـوودەو بێ دەستكەوتی پەروەردەیی نەبەن.

رژێمـەكانی عـێراق هـەر لـە سـاڵی ١٩٢٢وەوە تـا هەڵمەتـە گشتییەكە بەرنامەی بەرهەڵستیكردنی نەخوێندەواری (مكافحة الامية) یـان هـەبوو. ئـەم بەرنامەیـە كەسـەر بـە چـەمكی كۆنـی نەهێشـتنی نـەخوێندەواری بـوو، بـە درێژایـی مـاوەی زێـتر لـە نیـو سـەدە نـەیتوانی چارەسـەری نـەخوێندەواری لـە عـێراقدا بكـات و مایـەپووچی سـەرئەنجامی بـوو. ئـەوەی هەڵمەتـە

گشتییەکەی ساڵی ١٩٧٨یش چاوەڕوان دەکرا دیسان هەر شکستی هێناو ڕژێمی ئێستای عێراق- لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتەی لەبەر دەستیدا بوو- نەك هەر نەیتوانی سەرکەوتووانە هەڵمەتەکە ئەنجام بدات، بەڵکو نەخوێندەواریی ئەبجەدیو ژیاریش (الامیة الابجدیة و الحضاریة) لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆتایی هاتنی سەدەکەدا، هێشتا بۆ سیستەمی پەروەردەو دواڕۆژی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی عێراق گەورەترین گیروگرفتە.

ڕژێمی ئێستای عێراق لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بۆ دە ساڵێك چەمکە کۆنەکەی بە دەستەوە گرت و هەراو مەزاتێکی زۆری دەربارەی بەرهەڵستیکردنی نەخوێندەواری بەرپاکرد. لەم ماوەیەدا چ دەسگای پەروەردەیی ڕژێم و چ ڕێکخراوەکانی وەکوو یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران و کۆمەڵەکانی جووتیاران و یەکێتی نیشتمانی خوێندکاران و ژنان و... هتد، جیاجیاو لە پێشبڕکێی خۆدەرخستن و خۆنواندن و کاری رووکەشانەدا و زێتر بۆ پێداکێشانی ئەو پارانەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکران، بە ملیۆنەها دیناریان لەبەرد داو ئەنجامەکەشی ئەوەبوو، کە عێراقی گیرۆدەی نەخوێندەواری، هەر وەکوو خۆی مایەوە؛ چونکە بەو شێوە پەرتەوازەییەو، بەو بەرەڵڵاییو چاوچنۆکییەی دەسگاکان و هەڵسووڕاوەکانی، ئیمکانی گۆڕانکاریی لەباری خوێندەواریو ڕۆشنبیریدا نەبوو.

ڕژێمی عێراقی لە ساڵی ١٩٧١دا یاسای کۆنی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەڵوەشاندەوەو (( یاسای نەهێشتنی ئیلزامیانەی نەخوێندەواریی ژمارە (١٥٣)ی ساڵی ١٩٧١))ی دەرکرد. بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٠/ ١٩٧١لەم بوارەدا (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینارو،

سێ ساڵی دوا ئەوەش لەسەر یەك (٣٥٠٠٠٠و ٦٥٠٠٠٠و ٨٢٠٨٣٣) هەزار دیناری خەرج کرد. دوای ئەوەش هەمووی، بەپێی ئامارێکی رەسمی، هێشتا ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو پیاواندا لەسەدا (٣٩ر٦)و لەناو ژناندا لەسەدا (٧٥ر٣) بوو. بۆیە ئەزموونێکی دیکەی دەستدایەو بۆ یەکەم جار، بۆ تاقیکردنەوە، لە (الراشدية)و (الفحامة) جێبەجێی کرد. بەڵام سەرباری ئەو توانا زۆرو زەبەندەی بۆ ئەم ئەزموونەش سەرف کرا. کەچی ئەنجامێکی بەرچاری بە دەستەوە نەدا، لەبەرئەوە (( کونگرەی بەغدا بۆ نەهێشتنی‌ئیلزامیانەی نەخوێندەواری)) لە مارتی ١٩٧٦دا بەست. لەم کۆنگرەیەدا گەیشتنە ئەو راستییەی کە شێوازە کۆنەکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری سوودی نییەو سەرەنجام هەندێ پرنسیپیان داڕشت کە دواتر لە هەڵمەتە گشتییەکەی کۆتایی حەفتاکاندا پشتیان پێبەست.

ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٨دا یاسایەکی نوێی بە ناوی (( یاسای هەڵمەتی نیشتمانی سەرانسەری بۆ نەهێشتنی ئیلزامیانەی نەخوێندەواری ژمارە (٩٢)ی ساڵی ١٩٧٨)) دەرکرد. لەم یاسایەدا ماوەی (٣٦) مانگ و، پاشان بۆ (٢١) مانگ کەمکرایەوەو بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری‌و بە ئامانج گەیشتنی هەڵمەتەکە دیاری‌کرا؛ بڕی (٦٦ر٩٥١ر٠٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراو بە رەسمی لە بودجەدا دانرا، تەواوی پێداویستییەکانی بۆ ئامادەکرا. بەڵام ئەنجامی هەڵمەتەکە دیسان سەرکەوتنی بە خۆیەوە نەدی‌و لەناو تەمومژی جەنگی عێراق- ئێراندا بوو بە ژێر لێوەوەو قڕوقەپ لە تێکشکانەکەی کرا.

ئەگەر چی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم ئەزموونەش، کە بە

توانایەکی گەورەوە هاتە مەیدان، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیەو لە چوارچێوەی وتارێکی کورتدا بواری شیکردنەوەی کەمە، بەڵام دەشێت وەك فاکتەرە سەرەکییەکانی تێکشکانی هەڵمەتەکە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە لەبەرچاو بن، لەوانە:

١- سپاردنی کارەکە بە کۆمیتەیەکی باڵای فرەناوەندی بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆك وەزیران- ئەگەر چی بەناو سەرکۆماری ئەو وەختە سەرکردایەتی هەڵمەتەکەی دەکرد. ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەکەوە هەبوو، واتە پسپۆڕە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەو زانکۆکان جێورپێیەکی دیاریان لە رابەری کردنی هەڵمەتەکەدا نەبوو.

٢- لە پارێزگاکاندا ئەرکەکە بە کەسانێك سپێردرابوو کە لەسەر بنچینەی حزبایەتیو ئینتیما بۆ حزبی دەسەڵاتدار دیاری کرابوون.

٣- فەسادی دەسگای بەرپرسیاری هەڵمەتەکەو دزیو دەست پیسیی زۆرێك لە هەڵسووڕێنەرەکانی، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە تەواوی پارەکە بەیەك دوو ساڵ فووی پێدا کراو، بەرامبەرو بارتەقای ئەوە ئەنجامێکی بەرچاو بەدی نەکرا.

٤- هەڵمەتەکە شێوەی زۆرەملێی بە خۆیەوە گرت و لایەنی هوشیارکردنەوەو هاندان و پاداشت تێیدا تا رادەیەکی زۆر بزر بوو، بە زۆرو هەڕەشەو هەندێ ئیجرائاتی ئیداری خەڵکیان بۆ راپێچ دەکرد. دیارە کاری زۆرە ملیش، بە تایبەتی بۆ مەسەلەی فێربوون کە یەکێك لە پرنسیپەکانی بوونی (دوافع)و چالاکیی خۆییە، کارێکی نەزۆکەو هیچی لێناچنرێتەوە.

٥- لە هەموو هۆکارەکانی پێشوو گرنگترو کاریگەرتر: جیددی نەبوونی دەوڵەت و، سروشتی دەسەڵات و جۆری ئاڕاستەی ریاکارانەی سیستەمی

عـــيراقی بـــوو كـــه پڕوپاگـــەندەو بانگاشـــەی پێشـــكەوتنخوازیو شانازیكردن و كاری رووكەش و ناوی زل و دێی وێرانی مەبەست بوو نـەك ئـەوەی بـاری سیاسـی و ئـابووریو كۆمەڵایـەتیو رۆشـنبیری لـە عـێراقدا تـەكان پێبـدات و بـەرەو ئاسـۆیەكی ژیـاریی هاوچـەرخ قەڵەمبازێكی گەورەیان پێبدات.

## دوو چەمكی جیاواز بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری

نەخوێنـــدەواری یەكێكـــە لـــە دیاردەكـــانی دواكـــەوتن، تایبەتمەندییەكی باری كۆمەلایەتی ولاتانی ژێر دەستەیە، شان بە شانی هـەژاریو نەخۆشـی بـە مـیرات لـە داگیركەرانـەوە بـۆ گـەلانی بندەسـت بەجێ دەمێنێت، بۆیە بەشێكی خەباتی گەلانی ژێر دەستە ئاراستەی ئـەم دیـاردە نەگریسـە دەكرێت، چونكـە بـەبێ رزگـار بـوون لێـی هیـچ دەرەتانێكی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لەبەردەم ئەم گەلانەدا نامێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە كە نەهێشتن و بنبڕكردنی نەخوێندەواری بە یەكێك لە ئەركە رۆشنبیرییەكانی شۆڕشی دیموكراتی نیشتمانی دەژمێردرێت.

لە سـەرێكی دیكـەوە بەشـێكی گـەورەی ئـەو كەلێنـە ژیارییانـەی لـــە نێـــوان وڵاتـــانی پێشـــكەوتوو و وڵاتـــانی دواكـــەوتوودا هەیـــە، جگـە لـە فاكتـەرە ئـابووریو سیاسـییەكان، بنەماكـەی بـۆ ئـەم دیـــاردە ســـامناكە دەگەڕێتـــەوە، ســـەبارەت بـــەوەی پێشـــكەوتنی ئـابووریو كۆمەڵایـەتی بـەبێ بنچینەیـەكی زانیـاریو بەدەسـتهێنانی رایەڵـــەكانی زانســـتە جیاجیاكـــان ناهێنرێنـــە دی. ئـــەم كەلێنـــە ژیارییـــە بوارێكـــی ململانێـــی ئیمـــڕۆی جیـــهانی ســـێیەم و جیـــهانی

پیشەسازیو تەکنۆلۆژیی پێشکەوتەیە. بەم پێیە نەخوێندەواری بۆ وڵاتانی ژێر دەستەی سیستەمی باوی ئابووریی جیهان، فاکتەرێکی گرنگە لە نێو ئەو فاکتەرانەدا کە دواکەوتوویی وەکوو خۆی دەهێڵنەوە؛ بۆیە بایەخدان بەم دیاردەیەو سازدانی توانایی ماددیو بەشەری بۆ پاکتاوکردنی، ئەرکێکی بەپەلەی گەشەکردنەو بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پێشمەرجێکی هەنگاونانە.

لەبەر تیشکی ئەم راستیو سەلمێنراوانەدا دەبێت چی بکرێت و چۆن رێو شوێنی چارەسەرکردنی دابنرێت؟

لە راستیدا، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، لەهەموو ئەو وڵاتانەدا کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵی بەرەنگار بوونەوەو نەهێشتنی نەخوێندەوارییان داوە، دوو چەمکی سەرەکی بۆ ئەم زاراوەیە هەبووەو لەدوو روانگەی جیاوازەوە سەیری ئەم دیاردەیەیان کردووە. چەمکی یەکەمیان،کە لە بواری پەروەردەدا بە چەمکی کۆن ناو دەبرێت، هەوڵدانێکی سەر پێییو رووکەشە بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواریو، چاوەڕێکردنی گەشەکردنی لەسەر خۆو هێواشی کۆمەڵە، تا بە رەوتێکی ئاسایی دیاردەکە بەرەو کزی بڕوات و دوا ئەنجامی بە نەمان کۆتایی بێت. بۆ ئەم مەبەستەش، شێوازی کردنەوەی ناوەندی بەرهەڵستکردنی نەخوێندەواری جێبەجێ کراوە. ئەم ناوەندانە بە شێوەیەکی پەراگەندەو لێرەو لەوێ، چ لەلایەن دەوڵەتەکانەوە یان لەلایەن رێکخراوەکان و هەندێ جاریش لە لایەن مامۆستاکان و کەسانی خێرخوازەوە، لەم گوندو ئەو گوند یان لەم گەڕەك و ئەو گەڕەکی شارەکاندا، کراونەتەوە.

بەرنامەی بنەڕەتی ئەم ناوەندانە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین و هەندێ زانیاری لە بیرکاریدا بوو. بیانووی هەڵسووڕێنەرانی ئەم رەتە

بـلاوەی بەرهەڵسـتیکردنی نـەخوێندەواری ئـەوەبوو، کـە بوونـی کوێرە خەتێك لە کوێـری واتـە نـەخوێندەواری، چاکـترە؛ سـەرئەنجامی ئەم کارەش تاك و تەرایەك کوێرە خەتەکەیان پەیدا کردووەو زۆربەش پاش ماوەیەك بۆ سەر دۆخی جارانی خۆیان گەڕاونەتەوە.

چەمکـی دووەمیـش،کـە بـە چـەمکی نـویێ ناسـراوە، هـەوڵدانێك بـووە بـۆ گۆڕانکـاریی ریشـەیی لـە بنکـەی رۆشـنبیریی کۆمـەڵدا، بەزاندنی شـێوە تەقلیدییەکـە بـووە، بـە نیـازی پێشـکەوتنی ئـابووریو کۆمەڵایەتی، لە ڕێی هەنگاونانی گەورەو خێراوە.

شێـوازو پراکتیکـی ئـەم چەمکـە نوێیـە، هەڵمـەتی گشـتی کۆمـەڵ بووە، بە هەموو دامو دەسگاکانی دەوڵەت و جەماوەرەوە، بەگەڕخستنی تـەواوی توانـا مـاددیو بەشـەرییەکان بـووە بـۆ بنـبڕکردنی دیاردەکـەو پیـادەکردنی کۆمـەڵێکی خوێنـدەوارو رۆشـنبیرو هوشـیار کـە لـە رەوتـی جیهانی پێشکەوتووی ئیمڕۆدا جێوڕێی شیاوی خۆی بگرێـت. بۆیـە لـەو وڵاتانـەی ئـەم شـێوازەیان تێـدا گرتـووە، وەك ئـەرکێکی نیشتمانی مەسەلەکەیان هێناوەتە پێشەوەو هەڵمەتێکی سەرانسەرییان کردووەو هـەموو ئەو نەخوێندەوارانەی گرتۆتـەوە کە لـە تەمـەنی هـێزی کاردا بوون.

پرنسـیپەکانی ئـەم هەڵمەتـە گشـتیو سەرانسـەرییە، لـە لایـەك دابینکردنـی هـەلی چونیـەکی خوێنـدن بـووە بـۆ هـاو وڵاتییـان بـە گشـتیو، لـە لایـەکی دیکـەوە بەرپەرچدانـەوەی سـاڵانێکی زۆری ژێردەسـتەیی بێگانـەو مـیراتی داگیرکـەران و ئـەو دواکەوتنـە بێئەندازەیـەی ئـابووریو کۆمەڵایـەتی بـووە کـە لە ژێر بارییاندا ناڵاندوویانە، هـەتا بتوانـن بـەردی بناغـەی گەشـەکردن لە هەموو کایەکانی ژیاندا دابنێن، بە تایبەتی لەم جیهانەی ئیمڕۆدا کە

زانست و تەکنۆلۆژیا دەرفەتی ژیانی بۆ گەلانی بێسەوادو دواکەوتە نەهێشتۆتەوە.

بەم جۆرەو، لەباری سەرنجی ئەم چەمکە نوێیەوە، نەهێشتنی نەخوێندەواری گیروگرفتێکی پەروەردەیی رووت نییە، هەر ئەوە نییە مرۆڤە نەخوێندەوارەکان بتوانن ئەلف و بێ بخوێننەوەو بزانن یەك و یەك دەکاتە دوو، بەڵکو پەرەسەندنی ئاستی مرۆڤەکانە بۆ ئاستی ژیاری ئەم سەردەمەو گەشەکردنیانە لە چەند سەرێکەوە، تا بتوانن لە کۆمەڵدا بە هوشیاری و زانایی‌و کۆمەڵێك توانای زانستی‌و تەکنیکییەوە جێیەکی گونجاو لەگەڵ تواناکانیاندا بگرن و، لە خزمەتی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئاسوودەدا بن.

## بەشی هەشتەم

# هەندێك بابەتی
# كارگێڕیو هونەریی پەروەردەیی

# سیاسەتی پەروەردەیی
# لە سایەی نەبوونی ئاماری پەروەردەییدا

هەرکەسێك بە وردی سۆراخی سیاسەتی پەروەردەیی لە کوردستاندا بکات و تێکڕای کاروبارەکانی دەسگای پەروەردەیی لە دوای راپەرینەوە تا ئێستا هەڵبسەنگێنێ، هەست بە نەبوونی بەرنامەڕێژیو کاری ڕێکخراوو ئامانجی روون دەکات، لەسەرەوە بۆ خوارەوە رۆتینێکی سواوی کارکردن دەبینێت، پاشاگەردانیو شپرزەیی و بێ ئاسۆیی لەهەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی پەروەردەدا بەدی دەکات.

دیارە ئەم بارەی سیاسەتی پەروەردەیی بەبێ هۆ نییە. بەشێکی هۆکارەکانی بۆ پێشینەی کارکردنی ئەم دەسگایە لە سەردەمی رژێمداو بەشێکی دیکەی بۆ هەلومەرجی سیاسیو ئابووریی ئیمڕۆی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئامانجی ئەم گوتارە شیکردنەوەی ئەم دوو لایەنە نییە، بەڵکو دەست دانانە لەسەر پەیوەندی نێوان سیاسەتی پەروەردەییو بەرنامەڕێژکردنێکی پەروەردەیی کە لەسەر بنەمای هەبوونی ئامارێکی پەروەردەیی ورد دادەڕێژدرێت.

ئامار یەکێکە لەو زانستە پڕ بایەخانەی لەم چەرخەدا بۆ هەموو چالاکییەکی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو زانستیو پەروەردەییو...هتد بنەمایە. بەبێ ئامارێکی زانستی ورد هیچ یەکێك لەو چالاکییانەی بەشەر ئەنجامێکی راست و پێشکەوتن بە دەست ناهێنێت.

ئامار زانستێکە بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر

دیاردەکان و، دەربڕینی ئەو زانیارییانە بە شێوەی ژمارەو، پاشان لە ڕێی ئەم ژمارانەوە، شیکردنەوەو بەراوردکردن و لێکدانەوەو گەیشتن بە راستیو، دەرهێنانی سەرئەنجامی گونجاوە دەربارەی ئەودیاردانەی مەبەستی تۆژینەوەکان بوون.

ئاماری پەروەردەییش، یاساو دەستوورەکانی زانستی ئامار لە بواری پەروەردەو فێرکردندا جێبەجێ دەکات و، هۆکارێکی زانستیانەی دەستی هەڵسووڕاوان و کادیرانی پەروەردەییەو، بۆ بەرنامەڕێژکردنی پەروەردەییو ئاراستەکردنی سیاسەتی پەروەردەیی، پشتی پێدەبەستن.

ئاماری پەروەردەیی، تەواوی ئەو زانیارییانەی بۆ بەرنامەڕێژکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پەروەردەیی راست پێویستن، بەدەستەوە دەدات، بەر لە داڕشتنی سیاسەتی پەروەردەییو لە کاتی جێبەجێکردنی سیاسەتەکەو دواتر لە کاتی هەڵسەنگاندن و شەن و کەوکردنی ئەنجامەکانیدا پێویستە، بۆیە بەبێ ئەم ئامرازە زانستییەو، بەبێ زانیارییەکی ورد کە ئەم زانستە ئامادەی دەکات، پراکتیکی سیاسەتە پەروەردەییە جیاجیاکان، لەهەر بوارێکدا بێت، تێکدەشکێت و بەرپرسانی ئەو سیاسەتانە رێ هەڵە دەکەن و لە کارەکانیاندا رووبەڕووی بنبەست دەبنەوە. لەبەرئەوە دەبێت ئاوڕێکی جیددی لە مەسەلەی ئامار بە گشتیو ئاماری پەروەردەیی بە تایبەتی بدرێتەوەو گشت سیاسەت و کردارەکانی پێ هەوێن بکرێت. تێگەیشتن لەم حەقیقەتەو بایەخ پێدانی، رەوتی پەروەردەیی سەر هێڵێکی راست دەخات و رووەو ئامانجەکانی ئاراستەی دەکات و، دەسگای پەروەردەو سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە ئیفلیج بوون دەپارێزێت؛ بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتەش بە چاکی بناسرێت، دەبێت

پەیوەندی ئامارو ناتەواوییەکان دەستنیشان بکرێت، بەمەش دەتوانرێت واقیعەکە دیاری بکرێت و ( تصور)ێکی گشتی و تەواوو سەرتاپا گیر دەربارەی پراکتیکە هەنووکەییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی پیادە بکرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین تەنها بە چەند خاڵێك ئاماژەی بۆ بکەین:

١) پرنسیپێکی بەرنامەڕێژیی پەروەردەیی دانانی یەکەمێتییە. بۆ هەر بوارێکی پەروەردەیی یەکەمێتییەك هەیەو دەبێت لەوەوە دەست پێبکرێت.

یەکێك لەو یەکەمێتییانەی سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هێنایە پێشەوە، کردنەوەی خوێندنگاو دروستکردنی بینای خوێندنگایە. ئەم کارەش لە خۆوە ناکرێت، دەبێ بە پێی چڕی دانیشتوان شوێنەکانی دەستنیشان بکرێت. گوندێك یان ناوچەیەك یان گەڕەکێکی شار ڕێژەی چڕی دانیشتوانی لە گوندێك یان ناوچەیەك یان ناوەندی شار زیاتر بێت، دەبێت پێشبخرێت و لەوێدا خوێندنگا بینا بکرێت و بکرێتەوە. ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی سیاسەتی ڕاست لە کایەی کردنەوەو بیناکردنی خوێندنگاکاندا. ئەم سیاسەتە پابەندی چڕی دانیشتوانە، بۆیە نابێت بە ئارەزووی ئەم و ئەو، بە پێی رادەی دەست ڕۆیشتن و لەسەر بنچینەی خۆخۆیی‌و...هتد لە خۆوە کردنەوەو بیناکردنی خوێندنگاکان بەسەر گوندو ناوچەکاندا دابەش بکرێت و ماندووبوونی بەشەری‌و توانایی دارایی بە فیڕۆ بدرێت و ئەو دەرفەتانەی بۆ ئەم کارە هەڵدەکەون لە دەست بدرێت و لە شوێنی شیاوو گونجاودا بەدینەهێنرێت. سیاسەتی دەستگرتنەوەو قایلبوون بە هەموو شتێك بە لۆژیکی ئەوەی (( هەر چییەك بکرێت هەر باشە))، لە کاتێکدا توانای ئەوە هەبێت پەیڕەوی شێوە زانستییەکەی بەرنامەڕێژی بۆ ئاوەدانکردنەوە بکرێت، سیاسەتێکی هەڵەیەو دەبێت پێ لەسەر ڕاستکردنەوەی دابگیرێت.

٢) تا ئێستا ئامارێکی نوێی دانیشتوان لە کوردستاندا نەکراوە. ئەم ئامارە پێداویستییەکی ژیانسازە بۆ ئیمڕۆ، چ بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی سیاسیو چ بۆ بەرنامەڕێژکردنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی. بەم پێیە ئامارێك نییە کەساڵانە ژمارەی ئەو دانیشتووانەمان بداتێ کە لە تەمەنی قۆناخی سەرەتایی یان ناوەندی یان ئامادەییدان تا بزانین چەندی دانیشتوان لەو تەمەنانەدا ناخوێنن بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە بتوانرێت پلانیراکێشانیان بۆ خوێندن دابنرێت. نەبوونی ئەم ئامارە وردە کاردەکاتە سەر تەقدیر کردنی پێویستییەکانی خوێندن بۆ ئەو ژمارەیەی دانیشتوان کە ساڵانە بە خوێندنەوە پەیوەست دەبن یان دەبێت پەیوەست بکرێن، بە تایبەتی بۆ ئەو دانیشتوانەی لە تەمەنی شەش ساڵیدان و بۆ ئەوانەشی لە تەمەنی ٩-١٤ساڵیدان و بەر خوێندن لە خوێندنگاکانی نەوجەواناندا دەکەون.

سیاسەتی فێرکردنی ئیلزامیو پەروەردەکردنی نەوجەوانان لە ئاکامی نەبوونی ئاماردا بەجێ ناگەیەندرێت و پاش چەند ساڵێکی دیکە کەرتێکی ئێجگار بەرینی نەخوێندەوار دەچێتە سەر ئەو ژمارە زۆرو زەبەندەی نەخوێندەواران و، ڕێژەی نەخوێندەواریی دانیشتوانی کوردستان بە رادەیەکی ترسناك بەرز دەکاتەوە، بۆیە سیاسەتی کردنەوەی چەند خوێندنگایەکی نەوجەوانان لەناو شارەکان و هەندێ قەزاو ناحییەو ئۆردوگاکاندا، سیاسەت و ئەقڵییەتی ((لە هیچ باشترە))یەو هیچ کاریگەرێتییەکی ئیجابی لەسەر بارودۆخی پەروەردەیی بەجێ ناهێڵێت؛ هەروەها سەرژمێرکردنی ئەو منداڵانەی فێرکردنی ئیلزامی دەیانگرێتەوە بە هۆی پارەدان بە کۆمەڵە کەسێك تا ماڵەو ماڵ بۆ ناونووسکردنیان بگەڕێن- وەك بەر لە دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ٩٩٥-٩٩٦کرا-

کارێکی دابڕاوه له ئەرکێکی پەروەردەیی و پڕۆژەیەکی گەورەی وەك فێرکردنی ئیلزامیو بەم ئامارە کورت و کوێرەی لەناکاو کات ناکات دەکرێت، هیچ بە هیچ ناکرێت و بەربەستی مانەوەی ڕێژەیەکی ئێجگار گەورەی منداڵانی تەمەن شەش ساڵان له دەرەوەی خوێندنگاکاندا ناکات و بەو کاره هیچ پێشکەوتن و پەرەپێدانێکی پەروەردەیی چاوەڕوان ناکرێت.

٣) له ئەنجامی شەڕە یەك له دوای یەکەکانی رژێمی عێراق و تێکشکانی له جەنگی کەنداوداو دواتر بە هۆی راپەڕین و ئەو رووداوانەی هاوکاتی راپەڕین سەریان هەڵداو، له ئەنجامی سەپاندنی ئابلۆقەیەکی چەند سەرە بەسەر کوردستاندا، بنکەی ئابووری لە سەرێکەوە هەڵتەکاوەو، له سەرێکی دیکەوە دەرفەتی بیناکردنەوەی بۆ نەڕەخسێندراوەو، تا ئیمڕۆ تۆزی پەککەوتنی لێنەتەکێنراوە؛ جگە لەمەش دەسەلاتی سیاسی نوێ لە کوردستاندا بەرنامەیەکی ئابووری و بەرنامەڕێژییەکی هەمە لایەنەی بۆ ئایندەی کوردستان یان بۆ چەند ساڵی داهاتوو نییە. لەبەرئەوە سیاسەتی کردنەوەی کۆلیژو پەیمانگاو خوێندنگا پیشەییەکان بە پێی پێداویستی چالاکیی ئابووری بەڕێوە ناچێت، سیاسەتی پەروەردەیی بە تایبەتی لە بواری فێرکردنی بالاو مام ناوەندیدا کوێرانە هەنگاو دەنێت، تا ئێستا، دیارە لەبەر نەبوونی ئامارو پشتگوێخستنی کوردستان لە سەردەمی رژێمدا، ژمارەو چۆنیەتیو پێداویستی چالاکیو پڕۆژە ئابوورییەکان نازانرێت، لەبەرئەوە ئەم سیاسەتە،واتە سیاسەتی وەرگرتنی خوێندکاران و کردنەوەی کۆلیژو پەیمانگاو بەشی نوێ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، تەنانەت کردنەوەی زانکۆی سلێمانیو دهۆك- ئەگەر ئیعتیبارە سیاسییەکەی لێدەرکەین- بۆ چەند دەساڵێك کاریگەرێتی سەلبی خۆیان دەبێت و تەنگو چەڵەمەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە کە سادەترینیان

ئاستێکی نزمی خوێندن و پسپۆڕیی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان و دواتر زیادکردنی دەیان هەزار بێکاری دیکەیە بۆ سەر ئەو لەشکرە بێکارەی ئێستا لە کوردستاندا هەیەو لە باشترین حاڵەتیشدا- ئەگەر گریمان کاریشیان بۆ دابین بکرێت- ئەو بێکارییە شاردراوەیە (البطالة المقنعة) دەخاتەوە کە هەر ئێستا هەندێك لە فەرمانگە حکومەتییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن.

سیاسەتی پەروەردەیی لە جیهانی ئیمڕۆدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو لە دەمێکەوە سیاسەتی پەروەردەییو پێداویستی هێزی کار بۆ پلانی گەشەکردنی ئابووریو کۆمەڵایەتی هاوسەنگ دەکرێن، لایەنە جیاجیاکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتی، واتە چالاکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، وزەی وەرگرتن و پڕکردنەوەی دیاریکراویان هەیە، لەبەرئەوە چ لە ڕووی چەندایەتیو چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە دەبێت هێزی کاری گونجاویان- وەك چەندایەتیو چۆنایەتیش- بۆ ئامادە بکرێت؛ بەڵام لە سایەی نەبوونی ئامارەوە ژمارەی ئەو کادیرانە نازانرێت کە لە پێنج یان دەساڵی داهاتوودا پێویست بە پسپۆڕی و توانایییە زانستیو هونەرییەکانیان دەبێت، کێ دەتوانێ لە دەسگای پەروەردەو فێرکردنی هەرێمدا یان لە دەسگای بەرنامەڕێژیی زانکۆکاندا پێمان بڵێ ساڵی ٢٠٠٠یان پێنج ساڵی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم چەند پزیشك و ئەندازیارو پسپۆڕی فیزیاویو بایۆلۆژیو کیمیاوی، یان پارێزەرو ئابووریناس و کۆمەڵناس و دەروونناس و مامۆستای ئامادەییو پیشەییو...هتد مان دەوێت، یان پێمان بڵێ چەند مامۆستای سەرەتاییو کارمەندی ئیداریو کادیری حسابیو پزیشکیو کادیری دیکەی مام ناوەندی لە بواری پیشەسازیو بازرگانیو

کشتیاریو...هتد مان پێویست دەبێت، تا بە پێی ئەو ئامارە لە ئیمساڵەوە ١٩٩٥/١٩٩٦تا ساڵی ١٩٩٩/٢٠٠٠ ساڵانە خوێندکاران بە پێی ژمارەی پێویست بەسەر کۆلیژو پەیمانگاو خوێندنگا پیشەییەکاندا- بە هەموو بەشەکانیانەوە- دابەش بکرێن؟!

لە راستیدا ئەم ئایندەیە بیرکردنەوەو بە پیرەوەچوون و مشوورخواردنی دەسەڵاتی سیاسی بە پلەی یەکەم و دەسگای پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵای دەوێت و، کاری رۆژ بە رۆژو بێئامارو هەرەمەکیو پشتگوێخستنی پرنسیپی بەرنامەرێژی بۆ هەموو کارێك- گەورە بێت یان بچووك- کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوەو هەمووان لە بەرامبەریدا بەرپرسیارن.

## لە بابەت دابەشکردنی ((ئینسیابی)) خوێندکارانی دەرچووی ناوەندییەکانەوە

رژێمی عێراق لە سەرەتای هەشتاکانەوە پرۆژەی دابەشکردنی ((ئینسیابی)) خوێندکارانی دەرچووی خوێندنگا ناوەندییەکانی هێنایە گۆڕێ، پێشتر ئەم سیستەمە لە دابەشکردنی خوێندکارانی دەرچووی خوێندنگا ئامادەییەکان بەسەر کۆلیژو پەیمانگاکاندا پەیرەو کرابوو. ئەم پرۆژەیە لە تەموزی ساڵی ١٩٨١دا شێوەی رەسمی وەك بەڵگەنامەیەك وەرگرتوو دواتر لە ساڵی خوێندنی ٩٨٢/٩٨٣دا یەکەم جار جێبەجێ کرا.

ئامانجی ئەم پرۆژەیە کە بە ناوی (( الانسیابیة)) وە ناسرا، پێگەیاندنیهێزی کاری ناوەندی بوو بۆ پرۆژە ئابوورییەکانی دەوڵەت، بە

تایبـەتی بـۆ (( پلانـی گەشـەکردنی نەتـەوەیی)) کـە پیشەسـازیکردنی عێراقی لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانی خۆیدا دانابوو. بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێك بەر لەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەست پێبکات ئیستیمارەیەك بەسـەر خوێندکـارانی پـۆلی سێیەمی نـاوەندیدا دابـەش دەکـرا هـەتا بـە پێـی ئـارەزووی خۆیـان و بـە ئاگـاداری کەسـوکاریان کەناڵێکی خوێندن بۆ قۆناغی داهاتوو هەڵبژێرن.

ئەو کەناڵانـەی دەبوایە خوێندکارەکان دەستنیشانیان بکردایـە، بریتـی بـوون لـە: ( وەزارەتـی بـەرگری، دامـەزراوەی گشتی پیشەسـازییە هونەرییەکان، وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتـی گواستنەوە، پـەیمانگای هێڵـی ئاسـن، دامـەزراوەی گەشـت و گـوزار، وەزارەتـی تەندروسـتی، دامـەزراوەی خوێنـدنـی پیشـەیی، پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکان، پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، پەیمانگای نـەوت و پـەیمانگای تەندروستیی ئاژەڵ). مەرجەکانی وەرگرتنیش بۆ ئەم کەناڵانەی خوێندن لە نامیلکەیـەکدا بە ناوی (( رابـەری پیشـەیی بـۆ خوێندنگـاو پـەیمانگا هونەرییەکان لە عێراقدا)) دیاریکرابوون.

رژێمـی عێراق لـە رێـی دەسگا پەروەردەییـەکانی خۆیـەوە بـەیت و بالۆرەیەکی زۆری بۆ ئەم پرۆژەیە لێدا. راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی عـێراق بـە یـەکێك لـە دەسـتکەوتە گرنگـەکانی سیسـتـەمی پـەروەردەو فـێرکردنی (( شـۆڕشـی ١٧-٣٠ تـەموز))ی دادەنـا؛ گوایـا عەدالـەت لـەم پرۆژەیـەدا رەچـاو کـراوەو هـەر خوێندکـارێك، بـە پێـی ئـارەزووی خـۆیو توانـای راسـتەقینەی کـە لـە نمرەکـانیدا دەردەکـەوێت، جێی خۆی لە کرداری بەرهەمهێنان و گەشـەکردنی ئـابووریی عـێراقدا دەبینێت.

بەڵام ئیددیعاکانی رژێم شتێك بوون و واقیعی جێبەجێکردنەکـە

شتێکی دیکە بوو، بەربەستێکی زۆر لەبەردەمی خوێندکاراندا هەبوو کە نە ئارەزوویان و نە عەدالەتی پێدا تێپەر دەبوو بە تایبەتی:

١) نە خوێندکاران و نە کەسوکاریان نەیاندەتوانی بڕیاری یەکجارەکی دوارۆژ بدەن، لە نێوان پڕکردنەوەی ئیستیمارەکەو کرداری دابەشکردندا بڕیارەکان گۆڕانی بەسەردا دەهات و نەدەکرا دوا بڕیار تۆمار بکەن.

٢) خوێندنگاو پەیمانگاکان لەسەر ئاستی عێراق بڵاو بووبوونەوە لەبەرئەوە خوێندکار هەر دەبوو ئەو پەیمانگایانە بنووسێت کە لە شارەکەی خۆیدا هەبوون.

٣) جیاوازی نێوان خوێندنی ئەکادیمی ( خوێندنی ئامادەیی)و خوێندنی پیشەیی ( پیشەسازیو کشتوکاڵیو بازرگانی) بە نمرە دیاریکرا بوو، بە تایبەتی وەرگرتن. بۆ خوێندنی ئەکادیمی سنووری بە نمرە بۆ کێشرابوو بۆیە هەڵبژاردن پابەندی نمرە بوو، بە هیچ جۆرێك خوێندکار بۆی نەبوو بە ئارەزووی خۆی خوێندنی ئەکادیمی هەڵبژێرێت.

٤) لە هەندێ پەیمانگای وەك هونەرە جوانەکاندا کە بەهرەی هونەری دەبێت رەچاوبکرێت، ئەو خوێندکارە بەهرەدارانەی نمرەکانیان کەم بوو نەیاندەتوانی بچنە پێشبڕکێی هونەرییەوەو تەنانەت رێگەی چاوپێکەوتنیان نەدەدان.

٥) رژێم بەپێی زنجیرەیەك تەعلیمات بەشێکی خوێندکارانی دەرچووی

ناوەندییەکانی بەر کێبەرکێی تێکڕایی نمرەکان نەخستبوو، واتە جۆرە ئیمتیازێکی دابوونێ کە بە ئارەزووی خۆیان هەر کەناڵێکیان بویستایە وەردەگیران، بەم هۆیەوە هەقی خوێندکارنی دیکەیان دەخوارد، ئەم بەشە خوێندکارە بریتی بوون لە:-

أ- کوڕو کچ و ژنی قوربانییەکانی جەنگی (( قادسیە)) لە کوژراوو دیل و ونبوو.

ب- کەمئەندامەکان ( بەبێ مەرجی نمرە ڕێگەیان درابوو خوێندنی ئامادەیی هەڵبژێرن).

ج- خوێندکارانی غەیرە عێراقی.

د- خوێندکارانی خوێندنگاکانی دواناوەندیی گشتی. ئەم خوێندکارانە مافی هەڵبژاردنی هیچ کەناڵێکیان نەبوو. دەبوایە لە هەمان خوێندنگاکانی خۆیاندا بوونایە.

ئەمە جگە لەوەی بە کێبەرکێی نمرە، خوێندکارانی خوێندنگا دوورەکان کە منداڵی گوندنشینەکان بوون، بە پێی دوورو نزیکی (١٥)و (١٠)و (٥) نمرەیان بۆ زیاد دەکرا، گوایا ڕژێم دەیویست خوێندکاری دەرەوەی شارەکان زیاتر هەلی خوێندنیان لەبەردەمدا بێت و بۆ ئەوەی گەشەکردن بگاتە گوندەکان و ئاستی زانیارییان بەرزبکەنەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕووکەشی مەسەلەکە بوو چونکە سیاسەتی ڕاستەقینەیان لەم بوارەدا پێگەیاندنی کادیری سەر بە ڕژێم بوو تا جێ پێی ڕژێم لە ناوچە دوورە شارەکاندا بەهێز بکەن، ئەو خوێندکارانەشی چالاکییان لە ڕێکخراوی (( شباب))ی ڕژێمدا هەبوو، ئەوانەی ڕۆڵی جاسوسییان هەبوو، ئەوانەی دەبوونە ((جەیشی شەعبی))، کوڕو کچی برادەرەکانی

سەرۆکی فەرماندە ((أصدقاء الرئيس القائد)) بوون بە لێشاو نمرەیان دەدانێو بۆ کێبەرکێی تێکڕایی نمرە حسابیان دەکرد.

ئیمڕۆ دوای چوار ساڵ زیاتر لە نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەغدا بەسەر بەشێکی زۆری کوردستاندا، هێشتا ئەم سیاسەتە بە گشتیو بە بڕگە سەرەکییەکانیەوە وەکوو خۆی جێبەجێ دەکرێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو ڕوو لە دەسگای پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا دەکات کە: ئایا بەڵگەو بەهانەو بیانووی بەردەوامبوون لەسەر دابەشکردنی (( ئینسیابی)) ماوە؟ ئایا ناکرێت شێوازێکی دیکە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لەکەناڵە جیاجیاکانی دوای خوێندنی ناوەندی پەیڕەو بکرێت؟

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەهانەکان بدەین دەبینین زۆربەیان بەجێ نین و هەڵوەشاوەن بەم بەڵگانەی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی ئابووری نییە کە پێداویستییەکانی بۆ کادیری ناوەندی ئەم شێوە ڕێکخستنە بخوازێت.

٢) کەناڵەکانی خوێندن لە دوای قۆناغی ناوەندی کەمن و بواری دابەشکردنی عادلانە ناهێڵنەوە.

٣) وەزارەتەکان و دامەزراوە ڕەسمییەکانی سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پتر لە وزەی خۆیان کارمەندو کرێکاریان هەیەو جێگە بۆ کادیری نوێ لە بارودۆخی ئێستادا نەماوەتەوە.

٤) دەرچووانی کۆلیژو پەیمانگاکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەسووڕێنەوەو بێکارن و بواری دامەزراندنیان لە وەزارەت و دامەزراوە ڕەسمییەکاندا نییە.

٥) بنکەی ئابووریی کوردستان هەڵتەکاوەو ئابڵووقەی ئابووریی دوولایەنەی بەسەردا سەپێندراوەو هیچ گەشەکردنێکی ئابووری لە ئارادا نییە، لەبەرئەوە هەتا بارودۆخ ئاسایی نەبێتەوە پێداویستییە بەشەرییەکانی گەشەکردن ناتوانرێت بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو بەگەڕ بخرێ.

٦) تا ئێستا ئامارێك نییە سنووری راستەقینەی گەشەکردنی دانیشتوان و تواناکانیان لەلایەك و، پێداویستی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە کوردستاندا دەستنیشان بکات و بەو پێیە بتوانرێت رێژەی دەرچووانی هەر کەناڵێکی خوێندن دیاری بکرێت تا لە کرداری بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا جێی خۆیان بگرن.

٧) شێوازو هەلومەرجی تاقیکردنەوەکان و خەمڵاندنی نمرەی خوێندکاران بە پێی شێوەو مەرجەکانی پێوان و هەڵسەنگاندنی زانستیانە جێبەجێ ناکرێت. لەبەرئەوە سەدا سەد ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و نمرەکان، بۆ دیاریکردنی ئاستی زانستی خوێندکاران پشتی پێنابەسترێت.

لەبەر ئەم هۆو بەڵگانە هەموویان و، بۆ هەڵخستنی دەرفەتی چوونیەك لەبەردەمی خوێندکاراندا، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناعەدالەتییەی لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمی دابەشکردنە لە کایەدا بووە، تا ئەو کاتەی هەلومەرجی لەبار بۆ بەرنامەڕێژکردنی ئابووریی کوردستان و، بەو پێیەش بەرنامەڕێژکردنی وەرگرتن و

دابەشـــکردنی خوێندکـــاران پیـــادە دەبێـــت پێویســـتە چـــاو بـــە دابەشـکردنی (( ئینسـیابی)) دا بگێڕدرێتـەوە، لـە لایـەك کـارپێکردنی رابگـیرێت و، لەلایــەکی دیکــەوە خوێندکــاران ئــازاد بــن لــەوەی چ کەناڵێکی خوێنــدن هــەڵدەبژێرن؛ خوێندنگــاو پــەیمانگاکانیش بــە پێــی ئــەو مەرجانــەی گەرەکیانــە، بــەرادەی ئــەوەندە خوێندکــارەی جێیــان دەبێتــەوە، دەســت بــە ڕووی خوێندکــاران و هــەڵبژاردنی جــۆری خوێندنەکانیانەوە نەنێن.

هەر لــەم بوارەشــدا ئــەرکی سەرشــانی حکوومــەتی هەرێمــە مشووری ئەوە بخوات کە هیچ خوێندکارێك لـە دەرەوەی خوێندنگـاو پەیمانگاکاندا نەمێنێتەوەو ساڵانە جێیان بۆ دابین بکات.

## دامەزراوە پەروەردەییەکان و
## کاری ڕێکخراوە خۆماڵیو بیانییەکان

یەکێـك لـەو دەسـگا مەدەنییانــەی وێرانکـاری تێـدا کـراوەو، خــەڵکی کوردســتان، دوای راپــەڕین، کەلاوەکــەیان بــە مــیراتی بــۆ بەجێما، دەسگای پەروەردەو فـێرکردن بـوو. ئـەم دەسـگایە بـە هـەموو دامەزراوەکانییــەوە، لەگــەڵ خــاپوورکردنی گوندەکــانی کوردســتان و هێرشـــەکانی جینۆســـایدو شـــێواندنی روخســـاری نەتەوایـــەتیدا، لــە دوو جەمســەری ســەرەکییەوە بــەر هێرشــی کــاولکردن کــەوت. لــە ســەرێکەوە هــەرچی ســیمایەکی تایبــەتی نەتــەوەیی هەیــە لێیدامــاڵراو سیاســەتی شۆڤێنیســتی بــاڵی بەســەر تــەواوی

لایەنە جیاجیاکانی سیستەمەکەدا کێشا، لە سەرێکی تریشەوە خوێندنگاکان وێرانکران و هەزاران منداڵ فرێدرانە دەرەوەیان و لەم مافە سەرەتاییە بێبەش کران. ڕووداوەکانی سەردەمی ڕاپەڕینیش ئەوەندەی تر باری شانی ئەم دەسگایەی گرانتر کردو جەزرەبەیەکی ماددی گەورە بەر دامەزراوە پەروەردەییەکان کەوت، کە تا ئێستاش و پاش نزیکەی پێنج ساڵ لە ڕاپەڕینەوە، هێشتا پشتیان بۆ ڕاست نەکراوەتەوە.

لە بەرامبەر ئەم بارە نالەبارەداو، لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە کوردستان و دەست بەکاربوونی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمدا، بە جێگەیاندنی دوو ئەرکی بنچینەیی بۆ ئەم دەسگایە پێویست بوو بۆ ئەوەی قەرەبووی بارە وێرانەکە لە هەردوو جەمسەرەکانییەوە بکات؛ لە لایەك بیناکردنەوەو چاککردنەوەو پۆشتەکردنەوەی دامەزراوەکان پێویست بوون و، لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاریی، یان بە لایەنی کەمەوە چاککردنی پەروەردەیی لە هەموو بوارە پەروەردەییەکاندا پێویست بوون.

دیارە کاری لۆژیکی لەم مەیدانەدا ئەو دوو ئەرکەی دەخواست، بەڵام کارەکان بەم ڕووکارە لۆژیکییەدا ئاڕاستە نەکران بەڵکو بە شێوەیەکی لاسەنگ و پڕ لە کەموکووڕی ئەنجام دران، لایەنێکیان کە گۆڕانکاریی یان چاککردنی پەروەردەییە خراوەتە لاوە، یان بە هەندێ دەستکاریی ڕووکەش لە بازنە کۆنەکەیدا قەتیس کراوەو تەنها قسە لە لایەنەکەی تر دەکرێت، واتە لایەنەکەی تریش بەواقیعی، سەرباری خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، وەکوو خۆی ماوەتەوەو لە چاو ئەو پارەیەی خەرج کراوە شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە، هێشتا دەیان گوندی ئاوەدانکراوە خوێندنگای تێدانییە، قات و قڕی کتێبە، دەفتەرو قەڵەم و

پێداویستییەکانی دیکەی خوێندکاران دابین نەکراون، دەیان بینای خوێندنگاکان کاولکراون یان لە دەستی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمدا نین و کەسانیتر داگیریان کردوون؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی چ خوێندنگاکان و چ فەرمانگەکانی پەروەردە کەرەستە پێویستەکانیان نییەو رووت و قووتن. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ بوونی دەیان رێکخراوی بیانیو خۆماڵییە کەهەر هەموویان پرۆژەی نوێیان هەیەو بەتوانایەکی دارایی مەزنەوە روو لەو کارانە دەکەن بەبێئەوەی کارەکانیان کۆتایی بێت یان کێشەکان بنبڕ بکەن. لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە لە پاڵ ئەوانەشدا بەردەوام هەرچەند کەسێك کۆدەبنەوەو رێکخراوێك بە ناوی خزمەتکردنی کوردو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە پێکدەهێنن، دوابەدوای پێکهاتنیشیان لەم رێکخراوو ئەو رێکخراو، لەملاو ئەولا، هەڵپە دەکەن و یارمەتی بەو ناوەوە وەردەگرن کەچی جێدەستیان دیارنییە. ئەمەش کارێکی وەهای کردووە خەڵکی بە گومانەوە سەیری جموجۆڵی ئەم رێکخراوانەو چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکان و رادەی جیددی بوونیان، لە کۆتایی پێهێنانی ئەو کێشانەی بۆ بوون و مانەوەو هەڵسووڕانیان بەهانەو بیانوون، بکەن.

بوونی ئەم رێکخراوانە بەو زۆرییەو بەناوی جیاجیاوە یەکگرتوویان لە کرداری پەروەردەو فێرکردنیشدا نەهێشووە، ناوەندێتی کارکردنیشی شلۆق کردووە، بۆیە ئەرکی بەپەلەی حکوومەتی هەرێمە سنوورێك بۆ ئەم بارە ئاڵۆزە دابنێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە کۆنترۆڵ بکرێت لە رێی پێکهێنانی لیژنەیەکی نیشتمانی باڵای خاوەن دەسەڵاتەوە تا تەنسیق لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکان بکات و بە شێوەیەکی رێك وپێك هەوڵو یارمەتییەکانیان ئاڕاستە بکات، هەروەها بەرنامەرێژکردن و رێکخستن و

سـۆراخکردن و لێپرسـینەوەی ڕێکخـراوە خۆماڵییـەکان، دەربـارەی شـێوازی کارکردنیـان و سـەرچاوەی داهاتیـان و چۆنیـەتی پارە خەرجکردنیان، بخاتە ژێر چاودێرییەکی جەماوەریو ڕەسمییەوە بۆ ئەوەی هەوڵو کۆششی دڵسۆزان بە خۆڕایی نەڕوات و ئەوانەشی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی دەرفەتیان لە بارودۆخەکە وەرگرتووە ڕێگەیان لێبگیرێت.

## پێویستە سیاسەتی پەروەردەیی ناوەندێتی تێدا بێت..!

یەکێک لەو دەسگا حکوومەتیانەی دوای ڕاپەڕین شڵەژانێکی گەورەی بەسەردا هات، دەسگای پەروەردەو فێرکردن بوو. سەرەتا بە هۆی تاڵانکردنی فەرمانگەو خوێندنگاو دامەزراوەکانییەوەو، پاشان بە هۆی سیاسەتی دەستبەرداربوونی ئیداریی کوردستان لەلایەن ڕژێمەوە، تووشی قەیرانێکی ئیداریو هونەری بوو. ڕژێم کەلاوەیەکی لە بواری پەروەردەدا لە دوای خۆی بەجێهێشت و تا ئیمڕۆش ئاسەواری ئەو سیاسەتە بە تەوێڵی دەسگاکانی پەروەردەو فێرکردنەوە دیارە. ئەو پاشاگەردانییە هەموو لایەنەکانی بواری پەروەردەو فێرکردنی گرتەوەو، لەم پێنج ساڵەی دوای ڕاپەڕیندا هێشتا کارێکی پەروەردەییو ئیداریی بەرنامەڕێژکراو بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەلاقانەی جەستەی سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستاندا نەکراوە.

دیارە گەلێک هۆکار ڕێگری چاککردنی بارودۆخی پەروەردە بوون

که له تێڕوانینێکی خێرادا دەتوانین پاکسازینەکردنی دەسگاکە لە پیاوەکانی رژێم و مانەوەیان لە هەندێ ناوەندە سەرەکییەکانی کاری ئیداریو پەروەردەییداو، سیاسەتی پەیڕەویکردنی یاساو نیزام و تەعلیماتەکانی سەردەمی رژێم و، کێبەرکێی حزبایەتی پەنجا بە پەنجای نێو دەسگاکەو، دواتر کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆو، کارە بەربڵاوەکانی رێکخراوە خۆماڵیو بیانییەکان لە کایەکانی پەروەردەداو، بێتوانایی دەسگاکە بە گشتیو، کەم شارەزایی لێپرسراوانی نوێو... هتد یان لێدەستنیشان بکەین. ئەم هۆکارانە بارودۆخێکی پەروەردەیی شپرزەیان خستەوەو بەرەڵڵاییو کاری سەربەخۆو نایاساییو ئیشی رۆژبەڕۆژی بێ سەروبەر ئاودامانی سیستەمەکەی گرتەوە.

یەکێك لەو هۆکارە بنچینەییانەی رادەی ئەم شڵەژانە ئیداریو پەروەردەییە بەرز دەکاتەوەو کۆسپ لە رێی چاککردنیدا دادەنێت نەبوونی ناوەندێتییە لە سیاسەتی پەروەردەییدا. هەڵبەت مەرکەزییەت و لامەرکەزییەت لە سنووری خۆیانداو بە پێی رێو شوێنێك کە زانستی کارگێڕی دیاریکردووە بۆ راپەڕاندنی کاروباری پەروەردەیی پێویستن. ئەزموونی زۆر لە وڵاتانی جیهان دەریخستووە کە سیاسەتی مەرکەزییەت لە بەرنامەڕێژکردن و لا مەرکەزییەت لە جێبەجێکردندا باشترین شێوەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان بەدیبهێنرێن و کاری ئیداریو هونەری بواری پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەکی رێك و پێك بچێتە پێشەوە.

کرداری پەروەردەو فێرکردن لەم قۆناغەدا پێویستیی بە ناوەندێتیی بەرنامە رێژیو بڕیاردان و رێکخستن و سۆراخکردنی کارەکان هەیە. رێگای ئاساییو مەشروعیش ئەوەیە، رێکخراوە خۆماڵیو بیانییەکان

توانای داراییان له ژێر دەستی دەسەڵاتی پەروەردەیی هەرێمدا دابنێن، تا لە ڕێی نەخشەکێشانێکی مەرکەزییەوە بۆ گەلێك پرۆژەی زۆر پێویست، بە شێوەیەکی هاوسەنگ خەرجی بکات و، هەر هیچ نەبێ، بەشێکی ناتەواوییەکانی دەسگا پەروەردەییەکان و خوێندنگاکان، لەسەر بنچینەیەکی زانستی پێ پڕبکرێتەوە.

دەسەڵاتی پەروەردەیی لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی ناوەندێتی دەسەڵاتی خۆی ڕێز لێبگرێت، بۆ ئەوەی پەروەردەو فێرکردن لە مەترسی شێواندن و کاری لابەلاو ئەنجامی سەلبی ڕزگار بکات، دەبێت لەسەر ناوەندێتی دەسەڵاتەکەی بۆ کاری پەروەردەیی سوور بێت و، ئاگاداری ئەوە بێت، بە هۆی هیچ باروودۆخ و ئاستەنگییەکەوە، ئەو ناوەندێتییەی لێزەوت نەکرێت.

## لە بابەت کەمکردنەوەی ڕۆژەکانی
## ساڵی خوێندنەوە

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، ئەرکی دەوڵەت و دەسگای پەروەردەو فێرکردنێتی کە ماوەی ساڵی خوێندن بۆ خوێندنگاکان دیاری بکەن، کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی دەوام و پشوودان و ئەزموونەکان دەستنیشان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، لە ڕێی یاساو نیزامی تایبەت بە دامودەسگا پەروەردەییەکان وخوێندنگاکان لە هەموو قۆناغەکاندا، بە

دەقی نیزامی، دەوام جێگیر دەکرێت و جێبەجێکردنی لە ئەستۆی ئیدارە پەروەردەییەکاندا دادەنرێت.

ئەم ماوەیەی ساڵی خوێندن لە زۆربەی سیستەمە پەروەردەییەکاندا نزیکەی نۆ مانگ دەخایەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەل و مەرجی ئاووهەواو رادەی توانایی سیستەمەکە لە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن و رێکخستنی دەوام و پشوودان و گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی کارو ژیانی کۆمەڵگادا رەچاو دەکرێت. دیارە بە پێی ئەو ماوەیەی بۆ خوێندنی فیعلی دادەنرێت، بەرنامەکانی خوێندن بڕیار دەدرێت و هاوڕێژەیەك لە نێوان ماوەی تەرخانکراوو کورتیو درێژی بەرنامەکان پێکدێت کە بە هەر شێوەیەك دەستکاری ماوەکە بکرێت هاوڕێژەکە لاسەنگ دەبێت و جەزرەبەیەکی کاریگەر بەر تەواوکردنی بەرنامەکان و بەدیهێنانی ئامانجی ساڵانەی خوێندن دەکەوێت.

سیستەمی پەروەردە لە عێراقدا، لە هەموو ئەو نیزامانەدا کە بۆ قۆناغەکانی خوێندنی داناوە، بە دەقی نیزامی، ماوەی ساڵی خوێندنی دیاریکردووە، کاتی دەوام و پشوودانی خوێندکاران و مامۆستایانی دەستنیشان کردووە؛ بەم پێیە لە نیزامی باخچەی ساوایان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٧٨دا ماوەکەی لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولەوە بۆ کۆتایی مانگی ئایار داناوە. نیزامی خوێندنگا سەرەتاییەکان ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٧٨و نیزامی خوێندنگا ئامادەییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٧یش سەرەتای سێیەم هەفتەی مانگی ئەیلولی بە کاتی دەستپێکردن و، لێبوونەوەی خوێندنگاکان لە دوا ئەزموونەکانی ساڵ، کە دیسان دەکەوێتە دواڕۆژەکانی مانگی ئایارەوە، بە کاتی کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن داناوە؛ هەروەها خوێندنگا پیشەییەکان و پەیمانگاکانی مامۆستایان و

هونەره جوانەكانیش بە پێی نیزامی تایبەتی خۆیان ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٧٨و ژمارە (٣٧)ی ساڵی ١٩٧٧و ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٧١ (یەك بە دوای یەكدا) یەكەم شەممەی مانگی تشرینی یەكەمیان بە رۆژی دەستپێكردنی خوێندن داناوەو بە دەقێكی نیزامی ماوەكەیان بە نۆ مانگ دیاریكردووە.

لە هەموو ئەو نیزامانەدا ماوەی پشووداني نیوەی ساڵ بە دوو هەفتە دیاریكراوەو دیسان بە دەقی نیزامیش ئەوەیان جێگیر كردووە كە لەكاتی بارودۆخێكی نا ئاساییدا، كە كار بكاتە سەر پرۆسەی خوێندن و دوای بخات، دەبێت ئەوەندەی ئەو رۆژانەی خوێندنگاكان دادەخرێن سەر دەوام كردنیان لە كۆتایی ساڵدا بخرێت و خوێندن درێژە بكێشێ.

لە راستیدا ئەم دەقە نیزامیانە لە سەرانسەری عێراقدا دەمێكە شكێنراوە، بە تایبەتی لە دەستپێكردنی شەڕی عێراق- ئێرانەوە شیرازەكەی پچڕاوەو ساڵ بە ساڵ ماوەی ساڵی خوێندن كەمتر دەبێتەوە. لە كوردستانیشدا هەر بەو شێوەیە دەوامەكە كورت كراوەتەوە. لە كاتێكدا بە پێی نیزام دەوام كردن بۆ خوێندنی فیعلی نزیكەی(٢٦) هەفتە دەكات، كەچی ئێستا نزیكەی (٢٠) هەفتە دەوام دەكرێت، بۆیە كێشەی تەواونەكردنی بەرنامەكانی خستۆتەوەو ئەو ماوەیەی خوێندكاران لە خوێندنگاكانیان دوور دەبن درێژ بۆتەوەو بە ١٦-١٨هەفتە گەیشتووە بەمەش لەماوەی چەند ساڵێكدا كاركردە سەلبییەكان كاریگەرێتی خۆیان دەكەن و ئەوەندەیتر ئاستی خوێندن لە هەموو قۆناغەكاندا دادەبەزێت.

لەبەردەم ئەم واقیعەی خوێندندا پێویستە دەسگا سیاسیو پەروەردەییە بەرپرسەكان لە كوردستاندا، چ بە جەخت كردن لەسەر ئەو

دەقە نیزامیانە، یان بە بڕیاردانی سەربەخۆ لە نیزامەکان کاتەکانی دەوام کردن و پشوودان و ئەزموونەکان دابنێن و، بە شێوەیەکی جێگیرو نەگۆڕ ماوەکانیو لانی کەم بۆ ساڵی خوێندن دیاری بکەن و مشووری پێداویستییەکانی سەرکەوتن لەم بوارەدا بخۆن و رێگە نەدەن چیتر شپرزەیی هەبێت و لەم سەرو ئەو سەرەوە سەرو گوێی ساڵی خوێندن بکرێت.

## ئەزموونەکان بە لاسەنگی کەسایەتی خوێندکاران هەڵدەسەنگێنن

لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا ئەزموونەکان پرۆسەی فێرکردن و هەنگاوەکانی تەواو دەکەن. فێرکردن بە ئەزموونی ئاستی خوێندکاران دەست پێدەکات و بە هەڵسەنگاندنی ئاستیان، دوا بە دوای کردارەکە، کۆتایی دێت و بۆ سەرەتای قۆناغێکی دیکەی فێرکردن ئامادەیان دەکات. بەم هۆیەوە لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و تەواوی پرۆسەی فێرکردندا، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، ناتوانین دەستبەرداری ئەزموونەکان ببین. دڵنیابوونیش لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی هەر قۆناغێك و هەر پۆلێك و هەر ماددەیەکیش بە ئەنجامی ئەزموونەکانەوە بەندەو، رادەی چوونە پێشەوە لە فێربوونی بابەتەکاندا یان داخرانی بازنەی فێربوون لەهەر برگەیەکی بەرنامەی خوێندندا، پشت بەو ئامانجانە دەبەستن کە ئەزموونەکان بە دەستیەوە دەدەن، بۆیە کەموکووڕی لە ئەزموونەکانداو نەشارەزایی لە چۆنایەتی دانانی پرسیارداو تەقدیس کردنی

ئەزموونەكان و بە ئامانج كردنیان، لە جیاتی ئەوەی بە هۆ بزانرێن، ئامانجە هەمەلایەنەكانی كرداری فێركردن لاسەنگ دەكەن و بەدیهێنانی ئامانجەكانی قۆناخەكە یان پۆلەكە یان ماددەكە بەر مەترسی تێداچوون دەخەن. بەم پێیە ئەزموونەكان وەك هەر هەنگاوێكی تری كرداری فێربوون ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیەو لە خزمەتی پرۆسەكەدان. لەم نێوەشدا هەڵسەنگاندنی كەسایەتی خوێندكاران، ئامانجی سەرەكی ئەزموونەكان پێكدەهێنێت و، بەدەر لەم ئامانجە سەرەكییە، ئەزموونەكان بە كرداری پێوانی چەندایەتی زانیاریی خوێندكاران وەردەگەرێن و تەنها ژمارەی ( مجرد) ریز دەكەن؛ واتە لە بری هەڵسەنگاندنێكی هەمەلایەنە ناسنامەی كەسایەتی خوێندكاران لە چەند نمرەیەكدا قەتیس دەكات.

هەڵسەنگاندن لە هەموو سیستەمێكی پەروەردەییدا، كردارێكی پەروەردەییە كە بڕیار لەسەر چۆنایەتی كەسایەتی خوێندكاران لە رووی جەستەیی و ئەقڵی و ویژدانی و كۆمەڵایەتییەوە دەدات. بۆ ئەوەی سەرئەنجامی ئەم كردارە پەروەردەییەش موتابەعە بكرێت و رادەی سەركەوتن و سەرنەكەوتنی سیستەمەكە دیاری بكرێت، ئامانجە پەروەردەییەكانی لەسەر بینا دەكرێت؛ بە مانا گەشەكردنی كەسایەتی خوێندكاران بنەمای ئامانجەكانەو لەسەر ئەو بنچینەیە دادەڕێژرێن، بۆیە ئامانجی ئەقڵی و جەستەیی و ویژدانی و كۆمەڵایەتی بۆ هەر قۆناغێكی خوێندن دانراوەو گشت كرداری پەروەردەو فێركردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ئاراستە دەكرێن و باشترین فێركردن ئەوە دەبێت كە تەواوی لایەنەكانی كەسایەتی بگرێتەوە. هەر بەو جۆرەش باشترین هەڵسەنگاندن ئەوە دەبێت كە واقیعی گەشەكردنی خوێندكاران لەو لایەنانەی كەسایەتییاندا دیاری بكات.

لێرەدا دێینە سەر کرۆکی مەسەلەکەو دەپرسین: ئایا ئەزموونەکان لە خوێندنگاکانی ئێمەدا چی هەڵدەسەنگێنن و چەندە پەیوەندییان بەو چەمکە پەروەردەییانەوە هەیە کە ئاماژەمان بۆ کردن؟

لە راستیدا ئەزموونەکان تەنها لایەنی زانیاریو هەندێ مەهاراتی سەرەتایی هەڵدەسەنگێنن. ئەمە ئەو راستییە دەردەخات کە تەنانەت لایەنی ئەقڵیش بە تەواوەتی هەڵناسەنگێنن چونکە وەها ئاراستە دەکرێن کە ئاستی یەك کرداری ئەقڵی لە نێو کردەوەرە ئەقڵییە باڵاکاندا، کە ئەویش کرداری بە بیرهاتنەوەیە، دیاری بکەن، ئیتر لەوە بترازێ، جگە لەوەی بەلای لایەنەکانی جەستەییو کۆمەڵایەتیدا ناچن، بایەخیش بە لایەنە ئەقڵییەکانی وەك بیرکردنەوەو پەیڕەوکردنی شێوازی بیرکردنەوەی زانستیو، ئیرادەو، خەیاڵکردنەوەو، (تصور)و...هتد، نادەن. بە کورتیو بە زمانێکی پەروەردەیی: ئامانجە پەروەردەییە جیاجیاکان، کە لە بەرنامەی هەموو قۆناغەکانی خوێندندا تۆمار کراون و بڕیاری بەدیهێنانیان دراوە، لە ئامانجی گشتییەوە بۆ رەفتاری رۆژانەو بەشێکی پەیوەست بەکەسایەتیی خوێندکارانەوە وەرناگێڕن.

واقیعی ئەزموونەکان لەخوێندنگاکاندا- بە ئەزموونە گشتییەکانیشەوە- سەبارەت بەو لاسەنگییەی لە هەڵسەنگاندندا دەگیرێتەوە بەر، واقیعێکی دواکەوتووی ژەنگ گرتووی وشك هەڵهاتووەو گەشەکردنی هەمەلایەنەی کەسایەتیی خوێندکاران زامن ناکات و تەنها چەندایەتی ئەو زانیارییەی بە شێوەیەکی کاتی لە مێشکی خوێندکاراندا هەڵگیراوە، دەخوازێت. هەر لەبەر ئەمەشە دوای ئەزموونەکان بە رێژەیەکی زۆر زانیارییەکان لە بیردەچنەوەو ئەوەندەی تۆزقاڵێك کاریگەریی

ئیجابییان لەسەر رەفتاری رۆژانە و کەسایەتی خوێندکاران دانانێن. بۆیە ئەم واقیعە سەرچاوەی بڕیارێکی چۆنایەتیی سەلبییە کە بەسەر ئاستی ئەزموونەکانیدا بدەین و خودی شێوازی ئەزموونەکان بە هۆکارێکی دابەزینی ئاستی زانستیی خوێندن دابنێین.

ئەزموونەکان، بەم شێوازە دواکەوتووانەی ئێستایانەوە ئامرازێکی باوەڕپێکراو نین بۆ هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی کەسایەتی خوێندکاران و، بەم لاسەنگییەوە وەك نیشانەیەکی دواکەتوویی سیستەمی پەروەردە دەمێننەوەو راستەو راست بە پێچەوانەی چەمکە پەروەردەییە نوێیەکان دەکەونەوە.

دیارە لە هەل و مەرجی ئێستاداو بەو واقیعە پەروەردەییەی لە ئارادایە ناتوانرێت گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە سیستەمی ئەزموونەکاندا بکرێت، بەڵام لانی کەم دەتوانرێت ئامانجە زانیارییەکان بەدیبهێنرێن، ئەویش بە دەستبەردان لە چەمکە تەقلیدییە باوەکان و چاککردنی سیستەمی ئەزموونەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەکرێت.

# ڕێژەی دەرچوونی خوێندکاران و پێویستیی هەڵسەنگاندنی زانستییانە

لەم ڕۆژانەدا پاش دەرچوونی ئەنجامی خولی دووەمی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی سێیەمی ناوەندیو زانینی ڕێژەی دەرچوونی خوێندکاران بۆ هەردوو خولەکە لە بیرکاریدا، لە نێو مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و بەرپرسانی دیکەی پەروەردەو فێرکردندا، بە گەلێك دیدو بۆچوونی جیاجیاوە، ئەم دیاردەیە لێکدەدرێتەوە، لێکدانەوەکان زیاتر بیروڕای تایبەتی خاوەنەکانیان دەردەبڕن.

ئەوەی لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ، نەبوونی هەڵسەنگاندنی زانستیانەو، لێکدانەوەی خودییە بۆ دیاردەکە؛ لە کاتێکدا سادەترین پرنسیپی لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتە پەروەردەییەکان ئەوەیە کە پەنا بۆ هەڵسەنگاندنی زانستیانە ببرێت، هەتا ڕێگەی چارەسەرکردنەکان لەبەردەمی دەسگای پەروەردەو فێرکردندا ڕوون بێت و بتوانرێت کاری جیددی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دیاردانەدا بکرێت، ئەمە ڕێڕەوێکە هیچ سیستەمێکی پەروەردە ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، بۆیە پێویستە دیاردەی ئەو ڕێژە گەورەیەی دەرنەچوونی خوێندکارانی پۆلی سێیەمی ناوەندی بە چەکی هەڵسەنگاندنی زانستی شیبکرێتەوە تا ئەنجامی زانستیانە بە دەستەوە بدات.

پێوان و هەڵسەنگاندن یەکێکە لە زانستە پەروەردەییەکان. ئەم زانستە، ئەگەرچی مێژوویەکی کۆنی لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا هەیە، بەڵام لەبەر

کەمیی ئەزموونی پەروەردەیی‌و دواکەوتوویی پەروەردەو فێرکردن لە عێراقدا، کەم کەس شارەزایەتی. ئەم زانستە کەمتر لە چارەکە سەدەیەکە وەك بابەتێکی تیۆری هێنراوەتە نێو بەرنامەکانی خوێندنەوە لە پەیمانگاو کۆلیژەکانی پێگەیاندنی مامۆستایاندا، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کارێکی ئەوتۆی پێ ئەنجام نەدراوە.

ئەم زانستە بوارێکی فراوانە کە دەتوانرێت لە رێی بەکارهێنانییەوە بەشێکی زۆری ئەو گیروگرفتانەی پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستیی خوێندکارانەوە هەیە پێ چارەسەر بکرێت. بۆیە لێرەدا ئەو لێکدانەوە باوە بەر تیشکی ئەم زانستە دەخەم، کە هۆی سەرەکی رێژە نزمەکەی دەرچوون لە بیرکاریدا، بۆ هەلومەرجی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە ساڵی رابردوودا بەسەر کوردستاندا هات، دەگێڕێتەوە.

پرنسیپی سەرەتایی لە لێکدانەوەی هەر دیاردەیەکدا پەلە نەکردن و خۆ بواردنە لە را دەربڕینی سەرپێییدا، بە تایبەتی پێویستە کەسانی پەروەردەیی بەرهەڵستی ئەو خووە بکەن کە خەڵکی بەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی‌و بەبێ کۆکردنەوەی زانیاری یەکسەر لە بیری خۆیانەوە هۆکارێك دەربهێنن و بە پاڵ رووداني دیاردەکانەوەی بدەن. ئەم هەڵوێستە دەبێت پشت بە یاساکانی سەرهەڵدان و تەشەنە سەندن و ئەنجامی دیاردەکان ببەستێت، کە لە نێوانیاندا یاسایەکی بنەڕەتی بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە ناوی یاسای هۆکارییەوە هەیە. ئەم یاسایە بۆ هەموو دیاردە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری‌و پەروەردەییەکان راستە چونکە لۆژیکێکی ئەقڵی دەیخوازێت و لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە هیچ ئەنجامێك بەبێ هۆ نابێت، واتە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، چ رێژەی زۆری دەرچوون و چ رێژەی کەمی دەرچوون، بەبێ هۆ نابن.

لەبەرئـەوە ڕێگـای زانسـتی، دانـانی گریمـان دەکاتـە پێشـمەرجی لێکۆڵینـەوەکان، دەبێـت چـەندین گریمـان یـان چـەندین هۆکـار کـە دەشێت ئەو ئەنجامەیان لێپرسکێ دیاری بکرێن و پاشان بە کۆکردنەوەی زانیـاریو لێکدانـەوەی لۆژیکـی سـەرئەنجام بەدەسـت بـهێنرێت و هۆکـاری سـەرەکی لـە ڕوودانـی دیاردەکـە دەستنیشـان بکرێـت.
بـەم پێیـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ئـەم دیاردەیـە دەتوانرێـت چـەندین گریمان دابنرێت، کە یەکێکیان ئەو هۆکارە بێت کە ئاماژەمان بۆ کرد، لەوانە:

١- دەشـێت بابەتـەکانی کتێبەکـە گـران بـن و لـە ژوور ئاسـتی خوێندکارانەوە بن.

٢- دەشێت بارودۆخی سیاسی بۆ خوێندن لە بار نەبووبێت.

٣- دەشێت هەندێ لەو بابەتانەی پرسیاری تێدا هاتۆتەوە نوێ بن و مامۆسـتاکان توانایـان بەسـەریدا نەشـکابێت و خوێندکارانیـان تێنەگەیاندبێ.

٤- دەشێت پرسیارەکان بە باشی دانەنرابن و مەرجە پەروەردەییو زانستییەکانیان تێدا نەبووبێ.

٥- دەشێت پار ساڵی خوێندن خوێندکاران کتێبیان نەبووبێت.

بەم جـۆرە هەرچییـەك دەگونجـێ و ڕەنگـە هۆکـارێك دروسـت بکـات ریـز دەکرێـن. دوای ئـەوە یەکـە یەکـەی ئـەو گریمانانـە لێـی دەکۆڵرێتەوە تا هۆکاری سەرەکی بزانرێت.

لەم گریمانانـەدا یـەك ئیحتیمـاڵی لۆژیکـی هەیـە کـە بـۆ هەست پێکردنی زیرەکییەکی ئەوتۆی ناوێت ئەویش کەموکوڕی یان خـراپ دانـانی پرسـیارەکانە، چونکـە ئیحتیمالـەکانی تـر لاوازن و دەتوانرێـت بەئاسـانی ڕەتبکرێنـەوە. بـەڵام دیسـان ئەمـە بڕیـاری

ئێجگارەکی نییەو دەبێت بەر هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش لەزانستی پێوان و هەڵسەنگاندندا پێوانەیەك هەیە بە ناوی (پلەی گرانی) دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت.

پلەی گرانی، ئامرازێکی پێوانە بۆ رادەی گرانی پرسیارەکان. بە پێی ئەم پێوانەیە رێژەی سەدی وەڵامە راستەکان بۆ کۆی گشت خوێندکارەکان لەسەر یەکە یەکەی پرسیارەکان و لقەکانی وەردەگیرێت. بۆ نموونە ئەگەر لقی ئەلفی پرسیاری یەکەم وەرگیرا بەم شێوەیە (پلەی گرانی)ی دەدۆزرێتەوە:

ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بە راستی وەڵامیان داوەتەوە

١٠٠x ______________________________

ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لە تاقیکردنەوەکەدا بەشداربوون

دوایی لە سەرنجدانی هەڵسەنگاندنی تێکڕای پرسیارەکاندا بڕیاری چۆنیەتی پرسیارەکان بە گشتی، یان ئەو پرسیارانەی دیاردەکەیان خولقاندووە بە تایبەتی، دەدرێت.

زاناکانی بواری پێوان و هەڵسەنگاندن سێ تەقدیریان بۆ دیاریکردنی پلەی گرانی داناوە:

١- رێژەی لە سەدا (٢٥) و بەرەو خوار نیشانەیە بۆ ئەوەی کە پرسیارەکە باش نییە، واتە گرانەو لە سەروو ئاستی زانیاری خوێندکاراندا بووە.

٢- رێژەی لە سەدا (٧٥) و بەرەو ژوور نیشانەیە بۆ ئەوەی دیسان

پرسیارەکە باش نەبووەو زۆر ئاسان بووەو لە خوار ئاستی زانیاری خوێندکاراندا بووە.

٣- لە نێوان سەدی (٢٥) و سەدی (٧٥)دا نیشانەیە بۆ ئەوەی پرسیارەکە باش بووەو لە ئاستی زانیاریی تێکڕایی خوێندکارەکاندا بووە.

ئەگەر ئەنجامی یەکەم یان دووەم دەرچوو، ئەوا ئەو مامۆستایەی پرسیارەکەی داناوە لە باشنەبوونی ئەنجامی خوێندکارەکان و نزمی ڕێژەی دەرچوون یان بەرزی ڕێژەی دەرچوون لە ماددەکەدا بەرپرسیارە. ئەگەر ئەنجامی سێیەم دەرچوو، ئەوا پرسیارەکە قسەی لەسەر نییەو دەبێت هۆی دیکە مایەی ئەو ڕێژەیە بێت و پێویستە توێژەرەوە بە دوای ئەو هۆیەدا، بە هەمان شێوەی زانستیو دانانی گریمان و کۆکردنەوەی زانیاری،بگەڕێت.

کەواتە بۆ زانینی ئەنجامی تاقیکردنەوەی بیرکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی ئیمسال و دۆزینەوەی هۆکاری راستەقینەی ئەو ڕێژە کەمەی دەرچوون، پێویستە زانستیانە لێی بتوێژرێتەوەو پاشان لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەدا چارەسەرکردن دەستنیشان بکرێت. ئەگەر پرسیارەکان هۆ بوون، دەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو دانانی پرسیار بەو مامۆستایانە بسپێردرێت کەلانی کەم شارەزاییان لە پرنسیپە زانستییەکانی چۆنیەتی دانانی پرسیار هەبێت، ئەو پرنسیپانەی کە زانستی ( پێوان و هەڵسەنگاندن) بنچینەو شێوە راستەکەیانی داڕشتووەو مامۆستا هەر کتێبێکی ئەو زانستە سەیر بکات دەتوانێت بۆ کارەکەی خۆی سوودی لێوەربگرێت.

**خوێنەری هێژا .........**

**تکایە بەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەم هەڵانە راستبکەرەوە**

| لاپەڕە | دێڕ | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٤ | میرە | مێژە |
| ١٣ | ٧ | یکەی | دیکەی |
| ١٦ | ١٤ | بیروڕاکان | بیروڕاکان و |
| ٢٣ | ١٣ | بۆ | —— |
| ٢٣ | ١٦ | خاوبوونەودا | خاوبوونەوەدا |
| ٢٥ | ١١ | مامۆستایان | مامۆستایان و |
| ٤٧ | ٧ | پێچەنەی | پێچەوانەی |
| ٥٧ | ٤ | گوزەرنیان | گوزەرانیان |
| ٦٦ | ٦ | نیۆل | نێو |
| ١٠٩ | ٥ | زانستیو | زانستیو پیشەیی |
| ١٠٩ | ٦ | لە پیشەییەکەی | لە یەکەی |
| ١٢٣ | ٢١ | ئامادەکران | ئامادەکردن |
| ١٢٤ | ٢ | گشتی | گشتیو |
| ١٢٦ | ٤ | ئئەم | ئەم |
| ١٢٧ | ٦ | لە کۆتایدا | لە کۆتاییدا |
| ١٥٥ | ٢٠ | ئەوەی | ئەوەی لە |

# THE NEW EDUCATION MATRIALS

BY

FUAD QARADAGHY

چاپخانەی ئۆفسێتی سەفوت
١٩٩٩